Klawrojna

# ژن، پیاو و ئاکاری سێکسی

## لە لانکەی شارستانیەتەکاندا

# ژن، پیاو
# و ئاکاری سێکسی

## لە لانکەی شارستانیەتەکاندا

## نووسینی: ویل دۆرانت


کۆکردنەوەی: عەلی فەتحی لوقمان

لە فارسییەوە: دڵشاد کەریم خۆشناو

پێداچوونەوە: ڕەووف بێگەرد



٢٠٠٩

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی**
**یەکێتی ژنانی کوردستان**

(٣٧)

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان**

- **ناوی کتێب:** ژن، پیاو و ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانیەتەکاندا
- **نووسینی:** ویل دۆرانت
- **وەرگێرانی بۆ کوردی:** دڵشاد کەریم خۆشناو
- **تایپ و هەڵەبڕی و مۆنتاژ:** وەرگێڕ
- **دیزاینی بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە
- **سەرپەرشتی چاپ:** ئومێد محەمەد
- **ژمارەی سپاردن:**(١١٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ.

**سەرچاوە:**

**زن، مرد و اخلاق جنسی در گهوارەهای تمدن**

گرداوری: علی فتحی لقمان

انتشارات اوند اندیشه- شیراز

چاپ اول

ئەم وەرگێڕانەم پێشکەشە بە:

- (سۆما)ی سۆمای چاوەکانم.
- دایکی سۆما

## پێشەکی

ژن و پیاو ئەو دوو نیوە ناتەواوەن کە لە بەیەکگەیشتن و ئاوێتەبووندا یەك مرۆڤی کامڵ پێکدێنن، دەبنە مەتەریالی بنەڕەتی خێزان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. دیارە ئەو دوو بوونەوەرە ناتەواوەی کە چەندین هەزار ساڵە لەگەڵ یەکتریدا دەژین و هەڵسوکەوت دەکەن، پێکەوە سەریان بە هەموو کونج و کەلەبەرەکانی ژیاندا کردوە و لە هەموو کاروبارێکدا هاریکاری یەکتریان کردوە، زۆر جار و لە زۆر لایەنیشدا دژایەتی و ململانێی یەکتریان کردوە، جا چ لەسەر دەستەڵات یان بەرژەوەندی دارایی.

ئاخۆ ئەم هاریکاری و ململانێ و پێکەوەژیانە، لەسەرەتای دروستبوونەوە تا ئێستا، هەر بەم شێوەیەی ئەمڕۆکە بووە، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە چاخێکەوە بۆ چاخێکی تر، لە شارستانیەتێکەوە بۆشارستانیەتێکی تر، جیاواز بووە؟ کامانەن ئەو هۆکارانەی، چاك یان خراپ کاریگەریان لەسەر پتەوکردن یان لێکترازاندنی ئەو پەیوەندی و پێکەوەژیانە هەبووە؟

هەڵسوکەوت و پەیوەندی ئەو دوو نیوە ناتەواوەی کە لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن، بە پێی چەندین نەریت، لە ئەنجامی چەندین

ئایدۆلۆژیا و یاسا و ئاین، ڕێکخراوە. پەیوەندییەکان نەک تەنیا لە شارستانیەتێکەوە بۆ شارستانیەتێکی تر جیاوازن بەڵکو لە هۆز و میللەتێکیشەوە بۆ میللەتێکی تر جیاوازن.

ئەو سەرزەمینەی ئێمەی مرۆڤ تێیدا دەژین چەندین هەزار ساڵە بوونی هەیە و بۆتە لانکەی چەندین شارستانیەتی جۆراوجۆر و جیاواز، دیارە هەر شارستانیەتێکیش بەپێی هەلومەرج و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافیایی و ...هتد، پەیوەندی نێوان ژن و پیاو و پەیوەندیەکانی تری کۆمەڵایەتییان ڕێکخستوە.

زۆرجار لێرە و لەوێ دەخوێنینەوە و دەبیستین کە جاران پەیوەندییە سێکسیەکانی ژن و پیاو ئازاد و بەرەڵا بووە، یان لە سەردەمێکی دیاریکراودا و لە چەند گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا، خوشك و برا ژیانی خێزانیان لەگەڵ یەکتردا پێکهێناوە، هۆکاری ئەو پەیوەندییانە و زۆر پەیوەندی تری نێوان ئەو دوو ڕەگەزە جیاوازە و نیوە ناتەواوە، لەم کتێبەدا دەخوێنیتەوە کە بەشێکی گرنگی کتێبی (مێژووی شارستانییەتەکان)ی مێژوونووسی مەزن (ویل دۆرانت)ە، ئەم بابەتانەی کە لەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە کۆکراوەیەکە لە پەیوەندی ئەم دوو ڕەگەزە لە لانکەی شارستانییەتەکانی جیهاندا.

**وەرگێڕی کوردی**

# پێڕست

## بەشی یەکەم

### ژن، پیاو و هۆکارەکانی ئاکاری شارستانێتی

پێشەکی ١١
١.خێزان ١٣
٢.هاوسەرگیری ٢٦
٣.ئاکاری سێکسی ٤٢
٤.نەریتی ئاینی ٥٧
٥.ئاین و ئاکار ٦١

## بەشی دووەم

### ئاکاری سێکسی و باری ژن لە شارستانیەتدا

١.ئاین و ئاکاری سۆمەری ٦٥
٢.میسری کۆن
٢.١ ئاکاری میسری ٦٩
٢.٢ ئاکاری سێکسی لە بابل ٧٧
٢-٣ هاوسەرگیری و ئاکار لە ئاشوور ٨٦
٢-٤ ژن لە ئاکاری پارسیان ٨٨

٣.ژن له هیند

١ . ٣ کۆمەڵگەی هیندۆك . ئاریایی ٩٥
٢ . ٣ بنەمای ئاکاری و هاوسەرگیری ١٠٢
٣ . ٣ ڕەفتار، نەریتەکان، و سیمبۆل
٤.ژن و خێزان له چین ١١٨
١ . ٤ دەسەڵاتی ئاکار ١٢٠

٥.ژاپۆن

١ . ٥ خێزان ١٣٠

٦. یۆنان ١٣٧

١ . ٦ پیاوان و ژنانی کرتی
٢ . ٦ خێزان له شارستانیەتی هۆمێریدا ١٤٢
٣ . ٦ پەیوەندی پێش هاوسەرگیری له ئەسینا ١٤٦
٤ . ٦ دۆستایەتی یۆنانی ١٥٢
٥ . ٦ عەشق و هاوسەرگیری یۆنانی ١٥٥
٦ . ٦ ژن له پەراوێزدا ١٦١

٧. ڕۆم

١ . ٧ خێزان له ڕۆمی ڕواقیدا ١٦٥
٢ . ٧ ئاکاری سێکسی له ڕۆم ١٦٩
٣ . ٧ ژنی نوێ ١٧٥
٤ . ٧ پەیوەندی ژن و پیاوی ڕۆمی ١٧٩

# بەشی یەکەم

## ژن، پیاو و هۆکارەکانی ئاکاری شارستانێتی

### پێشەکی

لەو جێگەوەی کە هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر سیستمێکی تێدا نەبێت، هەروەها هیچ سیستمێکیش بێ دیسپلین و یاسا نابێت، بەم شێوەیە دەتوانین وەکو یەکێك لە یاساکانی مێژوو، ئەو مەسەلەیە قەبوڵ بکەین کە توانای دابونەریت، لەگەڵ زیاد بوونی یاسا، هەروەها بەتوانایی غەریزەکان بە زیادبوونی ئەندێشە و هزرەکان پێچەوانە دەبنەوە، بۆ ئەوەی کە ژیانی خەڵك لەگەڵ یەکتر سودمەند بێت، ناچار یاسایەك زەرورەتە کە ئەگەرچی بە گوێرەی کۆمەڵانی جیا شێوازی جیاواز پەیدا بکات، لە ژینگەی کۆمەڵگەیەك دەبێ لەبارەی گشتەوە جێبەجێ بکرێت. سەرچاوەی دروستبوونی ئەم یاسایانە یان پەیمانێکن کە خەڵك دایانناون، یان دابونەریتن، یان ئاکار، یان یاسای دانراو. پەیمانەکان بریتین لە جۆرێك سلوك و شێوازی رەفتار کە خەڵك ئەوەیان بۆ درێژەدان بە ژیان سودمەندتر زانیوە. دابونەریت بریتییە لەو پەیمانانەی کە نەوەکان یەك لە دوای یەك هاوتای سونەت و هەڵبژاردنی ئاسایی، کە کاریگەری هەڵبژاردنی باشتر و لەناوبردنی(گەندەڵی)یە، پەسەند کراوە و ئەزمونەکانی ئەو

نەوە یەك لەدوای یەکانە هەندێ شتیان لێ قرتاندوە و گۆڕانکاریان تێدا کردوە، ئاکار پێك دێت لەو دابونەریتانەی کە کۆمەڵگە بۆ خێر و کامڵبوونی خۆی بە گرنگیەکی ژیانی دەزانێت. لە کۆمەڵگا سەرتایەکاندا کە هیچ یاسایەکی نووسراو و ڕێکخراو لەگۆڕێدا نەبوو، هەر ئەم دابونەریتانە بنەمای ڕێکخستنی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت و پایەداری و پەیوەستەیی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە دابین دەکات. چونکە کات بەرەوپێش دەڕوات و کاریگەری جادویی خۆی لەسەر ئەو دابونەریتانە بەجێدێڵێت، لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەدا، بۆ تاك حوکمی سروشتی دووەم پەیدا دەکات، چونکە ئەگەر سنووری ئەوان ببەزێنێت هەست بە ترس و پەرێشانی و نەنگی تێدا وەدیاردەکەوێت، ئەوە بە ویژدان و زەمیر و هەستی ئەخلاقی دەژمێردرێت کە لە ڕوانگەی داروینەوە باشترین جیاوازییە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا. ئەو ویژدانە ئەخلاقیە، لە قۆناغەکانی کامڵبوونی خۆی کە بەرەوپێش دەچێت، دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی ویژدانی کۆمەڵایەتی، بەهۆی ئەوەوە، مرۆڤ بە چاکی هەست دەکات کە پەیوەستە بە کۆمەڵێك خەڵك و پێویستە ئەوانی خۆش بوێت و ڕێزیان بگرێت. ئەخلاق بریتییە لە هاوکاری تاك لەگەڵ گشت، و هەروەها هاوکاری و هاریکاری هەر دەستەیەك لەگەڵ دەستە و کۆمەڵەخەڵکێکی گەورەتر. بەم شێوەیە دەبێ بگوترێت کە پەیدابوونی شارستانیەت بە بێ ئەخلاق نەبوە.

## ١. خێزان

**ئەرکی خێزان لە شارستانیەتدا ـ هۆز و خێزان ـ پەیدابوونی سەرنجدانی منداڵ لە لایەن دایك و باوکەوە ـ بێبایەخی باوك ـ جیابوونەوەی دوو رەگەز ـ مافی دایکایەتی ـ پێگەی ژن ـ ئەرکەکانی ژن ـ سەرکەوتننە ئابووریەکانی ژن ـ باوکسالاری ـ ملکەچی ژن**

هەر بەو شێوەیەی کە برسی بوون و عەشق پێویستی بنەڕەتی مرۆڤ پێکدەهێنێت، هەربەم شێوەیەش، ئەرکە بنەڕەتییەکانی دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە پێشبینی لە بواری ئابووری و پاراستنی جۆر. لە لایەن ژینگەناسییەوە، هەربۆیە کە ڕەوتی پەیوەستەیی یەك لەدوای یەکی کاری لەدایکبوون و زۆربوون هەر ئەوەندە زەرورەتی هەیە کە دابینکردنی هەمیشەیی ئەو مادانەی کە بۆ خواردن بەکەڵك دێن. بەم شێوەیەیە کە هەمیشە لە تەك سیستمە تایبەتە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە مەبەست تێیاندا دابینکردنی ئاسایشی مادی و ڕێکخستنی سیاسییە، چەند بڕیارێکی تر هەیە کە کارەکانیان درێژەدان بە مانەوەی نەوەی مرۆڤە. تا ئەوکاتە کە دەوڵەت ـ لە سپێدەی مەدەنیەتی مێژووییدا ـ ببێتە مەڵبەند و سەرچاوەی هەمیشەیی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کاری وردی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو بە ئەرکی هۆز ژمێردراوە تەنانەت دوای پەیدابوونی دەوڵەتیش حکومەتی بنەڕەتی مرۆڤایەتی، لە ناخی ڕیشەدارترین دەزگای مێژوویی، واتە خێزان، بە بەردەوامی ماوەتەوە.

لە سەردەمی ڕاوشکاریشدا زۆر بەدوور دەزانرێت کەمرۆڤ دوور لە خێزان و بەربلاو ژیابێت، چونکە بە لاوازی ئامێری بەرگری سروشتی مرۆڤ، خێزانەکان، لەکاتی تاك بوونیاندا زۆر بە خێرایی دەبوونە نێچیری ئاژەڵە دڕندەکان. بە شێوەیەکی گشتی، لە سروشتدا ئەو زیندەوەرانەی کە بۆ بەرگری بە باشی ئامادە نین، بە شێوەی کۆمەڵ دەژین. بەم شێوەیە باشتر دەتوانن لەم جیهانە پڕ ددان و چنگی تیژ و پێست ئەستوور ە باشتر بژین. ئەگەری زۆری هەیە کە مرۆڤیش لە سەرەتادا وا بووە و بە پشتیوانی ئەوانی تر، سەرەتا لە کۆمەڵەی ڕاوشکاریدا، دوای ئەوە لە هۆزدا، توانیویەتی خۆی بپارێزێت. ئەوکاتەی کە پەیوەندی ئابووری و هێزە سیاسیەکان ببوونە جێنشینی خزمان، هۆز پێگەی لەناو کۆمەڵدا لەق بوو و شوێنی خۆی لەدەستدا. لە بەشی خوارەوەی کۆمەڵدا، خێزان جێگاکەی گرتەوە، لە بەشی سەروەشیدا دەوڵەت جێگای گرتەوە، کاری دەوڵەت بووە پاراستنی ڕێکخستن، خێزانیش بوە فەرمانبەری نوێکردنەوەی ڕێکخستن و سنعەت و دابینکردنی مانەوەی جۆر.

هەندێ لە ئاژەڵان بە هیچ شێوەیەك خەمی زیادکردنیان نییە، ئاژەڵی مێیینە هێلکەی زۆر دەکات، کە بەشێکی ئەو هێلکانە زیندوو دەمێننەوە و گەشە دەکەن و بەشێکی زۆریشان دەخورێن یان لەناودەچن، زۆربەی ماسییەکان، لە ساڵێکدا تا یەك ملیۆن هێلکە دەکەن، بەشێکی کەمی جۆری ماسیی کە هێلکەکانیان دەپارێزن لە ساڵێکدا پتر لە پەنجا هێلکە ناکەن. پاراستنی جوجەڵە لە لایەن مریشکەوە پترە تا ماسی بۆ بێچووەکانی، ژماری ئەو هێلکانەی کە بۆ زیادبوون دەیانکات لە پێنج تا دوانزە لەگۆڕاندایە، بەڵام ئاژەڵە شیردەرەکان، کە بە ناوەکانیانەوە دیارە، تا چەند ئاگاداری

منداڵەکانیانن، بەشێوەیەکی مامناوەندی هەرکامیان لە ساڵێکدا زیاتر لە سێ بێچوو دروست ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە بوونی باڵای تۆپی زەوی دەژمێردرێن، لە جیهانی ئاژەڵاندا، هەرچەند پاراستن و چاودێری دایك و باوك بۆ منداڵ پتر بێت زان و مردن کەمتر دەبێتەوە. لە جیهانی مرۆڤدا، هەرچەند مەدەنیەت بەرەو پێشتر بچێت، میان تێکرای لەدایك بوون و مردن کەمتر دەبێتەوە، هەرچەند چاودێری باوان بۆ منداڵ پتر بێت، نەوەی نوێ ماوەی زۆرتر دەتوانێت لە پەنای خێزانەکەیدا بمێنێتەوە، بەم شێوەیە کاتێ کە هەروا دەمێنێتەوە گەشەی پتری کردوە و زیاتر فێر بووە. هەروەها کەمبوونەوەی لەدایکبوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە توانای مرۆڤ، لە جیاتی ئەوەی بە گشتی لە زاوزێ خەرج بکرێت، لە شوێنی تر خەرج بکرێت.

چونکە دایك ئەرکی بۆتە چاودێری و خزمەتکردنی منداڵەکەی، سیستمی خێزان سەرەتا بەم شێوەیە بوو (هەڵبەت تا ئەو شوێنەی کە بتوانین شتێك لە تاریکی مێژوودا شتێك دەربکێشین) کە پشتی بە بنەمای دایکەوە دەبەست، باوك شوێنێکی نمایشی و کەمی هەبوو. لە زۆربەی ئەو هۆزانەی کە ئێستاش لەسەر ئەم زەویە دەژین، ڕەنگە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سەرەتاییشدا، ڕۆڵی ژینگەناسی پیاو لە کاری زاوزێدا، لەبەرچاو دوور ماوەتەوە. لەم بارەیەوە پیاو وەکو ئاژەڵێك دەچێت کە سروشت ئەوی بۆ زاوزێ هەڵبژاردوە و بە تەواوی نەفرەت کراوی شعورەوە جووت دەبێت، منداڵێك دەخەنەوە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە چ شتێك هۆکارە و چ شتێك دەرەنجامی ئەو هۆکارەیە. خەڵکی دوورگەی تروبریاند سکپڕی ژن بە ئەنجامی پەیوەندی سێکسی نازانن، بەڵکو هۆکاری ئەو ڕۆحێك یان تارماییەك دەزانن کە دەچێتە ناو سکی ژنەکەوە، لەوباوەڕەدان

كە ئەو تارماییە لەكاتی خۆشتن دەچێتە سكی ژنەكەوە، لەو كاتانەدا كچەكە دەڵێت (ماسی منی گەزی). مالینووسكی دەگێڕێتەوە كە: (كاتێ دەمپرسی كە باوكی ئەو منداڵە كێیە، هەموو بە یەك زمان دەیانگووت، ئەو منداڵە بێ باوك لەدایك بووە و دایكی ئەو شووی نەكردوە، و چونكە ڕوونتر دەمگووت لە لایەن ژینگەییەوە كێ لەو ژنە نزیك بۆتەوە، لە پرسیاری من تێنەدەگەیشتن و دەیانگوت كە: تارمایی ئەو منداڵەی پێداوە) خەڵكی ئەو دوورگەیە بڕوایەكی سەیریان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو كە هەر كات ژنێك خۆی بداتە دەست پیاوی زۆرتر، ئەو تارماییە زووتر دەچێتە سكی ئەو ژنە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ژنان بیانویستبایە خۆیان لە سكپڕی بپارێزن ، لەكاتی هەڵچوونی دەریادا خۆیان نەدەشوشت و لەهەمان كاتیشدا خۆیان دەپاراست لە نزیكبوونەوەی پیاوان، بەڕاستی ئەو بیروباوەڕە سەیرە، كە خەڵكیان لە ماندووبونی زۆر بۆ دۆزینەوەی باوكی منداڵ پاراستوە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە كە ئەو بیروباوەڕەیان لەبەرخاتری مێردەكانیان یان زانایانی خەڵكناسی دانابێت.

خەڵكی ملانزی دەزانن كە پەیوەندی سێكسی دەبێتە هۆی سكپڕی، لەگەڵ ئەوەشدا كچانێك كە هێشتا شویان بۆ خۆیان هەڵنەبژاردوە، مكوڕن لەسەر ئەوەی سكپڕیەكەیان لە ئەنجامی خواردنی جۆرێك خواردنەوەیە. تەنانەت دوای ئەوەی كە ئەركی سێكسی پیاو لە كاری زاوزێدا ناسراوە، پەیوەندی سێكسی تاڕادەیەك بێ بەرنامە و بەربڵاو بوو كە بە ئاسانی نەیاندەتوانی باوكی منداڵی تازە لەدایك بوو بناسن. هەر لەبەر ئەمەیە كە لە كۆمەڵگە سەرەتاییەكاندا ژن زۆر بە كەمی بیری لەوە كردۆتەوە بزانێت باوكی منداڵەكەی كێیە، منداڵ، بە منداڵی ئەو ژنە ناسراوە ژمێردراوە، خودی ژنەكەش هی پیاوێك یان شوێك

نەبووە، بەڵکو هی برا یان خوشك یان هۆزەکەی خۆی بووە، لەگەڵ ئەوانیشدا ژیاوە، هەر ئەوانیش تاکە خزمی نێر بوون کەمنداڵەکە بە خزمی خۆیانی زانیوە. پەیوەندی سۆز و خۆشەویستی لەنێوان خوشك و براکاندا بە شێوەیەکی گشتی توندوتۆڵتر بووە لە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد، لە لایەکی تریش مێردەکەش لە لایەن خۆیەوە لەگەڵ دایك و خوشك و براو هۆزەکەی خۆی ژیاوە و بە دزیەوە ژنەکەی خۆی بینیوە، تەنانەت لە سەردەمی مەدەنیەتی کۆنیشدا، برا لە لای ژن بەرێزتر و بە قەدرتر بووە لە مێرد، ئەوەی کە لە مێژوودا هاتووە، ئینتافرنس براکەی خۆی لە تورەیی داریوش پاراست نەك مێردەکەی، ئانتیگۆنە بۆ براکەی خۆی فیدا کرد نەك بۆ مێردەکەی. (ئەو بڕوایەی کە مێرد نزیکترین کەس و بەرێزترین و خۆشەویسترینە بۆ ژن، زۆر تازەیە لە جیهاندا پەیدا بووە، لە بەشێکی بچووکی ئادەمیزاددا بڕوای دەرەکی هەیە).

پەیوەندی نێوان باوك و منداڵ، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بە ڕادەیەك لاوازە کەلە زۆربەی هۆزەکاندا ڕەگەزی ژن و پیاو بە جیا دەژین، لە ئوسترالیا و گینەی نوێ و ئەفریقا و مایکرۆنزی و ئاسام و بیرمانی، هەروەها لە لایەن هۆزەکانی ئالیۆت وئەسکیمۆ و سامویدها لە زۆر لە شوێنانی تر هێشتاش هەندێ خێڵ دەبینرێن کە ژیانی خێزانی لای ئەوان هیچ مانایەکی نییە، پیاوان لە ژنان جودان و زۆر کەم ئەوان دەبینن، تەنانەت لەکاتی نانخواردنیشدا هەردوو دەستە لە یەکتری دوورن. لە باکوری پاپوا هیچ مۆڵەت نادرێت ژن و پیاوێك پێکەوە لە شوێنێکی گشتیدا ببینرێن ، ئەگەرچی ئەو ژنە دایکی منداڵەکانیشی بێت، لە تاهیتی (ژیانی خێزانی بە هیچ شێوەیەك مانای نییە) لە ئەنجامی ئەو جیابونەوەی دوو ڕەگەزە کە پەیوەندی نائاسایی لەنێوان پیاوان،

کە لە خەڵکانی سەرەتایی دەبینرێت، وەدیار کەوتوە و بەو فێڵە بوە کە پیاوان توانیویانە خۆیان لە ژنان بەدوور بگرن، ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە لە لایەنێکی ترەوە، لە ئەنجومەنەکانی برایی دەچێت کە لە سەردەمی ئێمەدا بڵاو بووەتەوە، کە لەبەرچاوگرتنی ریزبەندکردنی پلەکان لە دەزگای ئەوانە.

هەربۆیە، سادەترین وێنەی خێزان بریتییە لەو ژنەی کە لەگەڵ منداڵەکانی خۆی، لە هۆزی سەرەکی خۆی لەگەڵ دایك و براکەی دەژییێت، ئەم شێوە خێزانە ئەنجامی سروشتی ئاژەڵبوونی رووتی پەیوەندی نێوان ژن و منداڵەکەیەتی، نەزانی ژنە بەرانبەر گرنگی زۆری پیاو لە زاوزێدا، هەروەها لە سەردەمەکانی سەرەتاییدا جۆرێکی تر زەماوەندکردن بوونی هەبوە کە لە راستیدا دەکرێت ناوی بنرێت (زاوای سەرماڵ) پیاو هۆزی خۆی بەجێدەهێشت و تێکەڵی هۆزی ژن دەبوو، خزمەتی ژنەکەی و دایك و برای ژنەکەی دەکرد، بەم شێوەیە خزمایەتی منداڵ دەگەرایەوە بۆ ژن و لە میراتی ژنیش هاوبەش دەبوو، تەنانەت مافی دەستەڵاتیش، زۆربەی کات لە لایەن ژنەوە میراتەکە دەگەیشتە منداڵ نەك لە لایەن باوکەوە. بەڵام ئەو (مافی دایکی)ە، نابێ بە دەستەڵاتداریەتی دایك و ژنسالاری تێکەڵ بکەین تەنانەت لەوەی کە میرات لە دایکەوە بە منداڵ گەیشتوە، تەواوی دەستەڵاتی دارایی لەدەست ژن نەبوە بەڵکو تەنیا کارێك کە ژن هەیبوو ئاسانکردن و دیاریکردنی پەیوەندی خزمایەتی بوە، ئەگەر وا نەبوایە، لە لایەن گوێپێنەدانەوە  کە خەڵك لە دیاریکردنی پەیوەندی سێکسی بویانە، نیشانەکانی خزمایەتی بەتەواوی لەناودەچوون. بەڵێ ئەوەی راستییە ئەوەیە کە لە هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا ژن دەستەڵاتی هەیە، ئەگەرچی سنووورداریش بێت، ئەوەش ئەنجامی سروشتی پێگەیەکی تایبەتە کە ئەو ئەرکی

دابەشکردنی خواردنی لەئەستۆدایە لەماڵەوە و ئەنجامێکی ئاوا پێویستیەکی تایبەتە کە پیاو پێویستی پێیەتی و ئەویش دەتوانێت خۆی لە ئەنجامدانی ئەو کارە بدزێتەوە و ئەنجامی نەدات. هەندێ جار لە هەندێ شوێنی ئەفریقای باشوور حکومەت کەوتۆتە دەست ژن، لە دورگەکانی پلو سەرۆکی هۆز هیچ کات دەست بۆ کارێکی گرنگ نابات، مەگەر ئەوەی کە پێشتر ڕای ئەنجومەنی ژنانی پیری هۆزەکەی وەرگرتبێت، لە هۆزەکانی ئیرۆکۆیی مافی ژنان لە ئەنجومەنی هۆز، لە دەنگدان و تێڕوانین، لەگەڵ مافی پیاوان یەکسان بوە، ژنانی هەندیشمردگان سنکا تا ئەو ڕادەیە بەهێز بوون کە مافی هەڵبژاردنی سەرۆکیان هەبوە، هەموو ئەوانە ڕاستن، بەڵام یەکێکە لەو مەسەلانەی کە دەگمەنە، لە زۆربەی هۆزەکان بارودۆخی ژن جیاوازییەکی وای نەبوە لەگەڵ کۆیلە، ئەو بێهێزیە جۆراوجۆرەی بە هۆی بێنوێژی مانگانە ڕوبەڕوی ژن دەبێتەوە و ناتوانێت چەك هەڵبگرێت، هەروەها خەرجبوونی هێزوتوانای ئەو لە لایەن بایۆلۆژییەوە بۆ سکپڕی و شیردان و پەروەردەکردنی منداڵی خۆی، هەموو لەو هۆکارانەن کە بەرانبەر پیاو لاوازی دەکەن و ناچاری کردون کە لەتەواوی کۆمەڵگایەکاندا ـ جگە لە کۆمەڵگەی زۆر دواکەوتوو یان زۆر پێشکەوتوو ـ دوابکەوێت. نابێ وابزانین کە بە بەرەوپێشچوونی مەدەنیەت پێگەی ژنانیش پلە بە پلە بەرز بۆتەوە، بۆ نمونە دەبێ بگوترێ کە بارودۆخی ژنان لە یۆنانی سەردەمی پریکلس زۆر دواکەوتووتر بوە لە بارودۆخی ژنان لە هەندیشمرگان لە ئەمریکای باکوور. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە پتر بوونی هەستی هاوکاری ژن، کاریگەری زۆری کردۆتە سەر گۆڕانکاری دۆخی کۆمەڵایەتی ژن تا پەروەردەکرنی کلتووری پیاوان و سەرنجی لایەنە ئاکارییەکان.

لە سەردەمی ڕاوشکاردا، کە لە چاودێری نێچیر، هەموو کارەکانی تری خێزان لە ئەستۆی ژن بوو. پیاو بۆ حەسانەوە لە ماندووبوونی شکاردا بەشێکی زۆری ساڵ خەریکی حەسانەوە و خۆبەهێزکردن بوو. ژن زۆر منداڵی دەبوو خەریکی گەورەکردنی منداڵەکەی دەبوو، کۆخ یان ماڵەکەی باش بەڕێوەدەبرد، لە دارستان و مەزراکان خۆراکی کۆدەکردەوە و چێشت لێنان و پاککردنەوە و دروستکردنی جل و پێڵاویش هەر لە ئەستۆی ژندابوو. کاتی کۆچکردنی هۆز، پیاوان دەبوایە چاوەڕوانی هەر هێرشێك بن، تەنیا چەکیان هەڵدەگرت، ژنان هەموو پێداویستییەکانی تری ماڵیان هەڵدەگرت، ژنانی هۆزی بوشمەن وەکو حەماڵ، بۆ هەڵگرتنی باری ماڵ دایاندەمەزراندن، کە دەردەکەوت توانای هەڵگرتنی باری قورسیان نییە، ئەوانیان لە نیوەی ڕێگا بەجێدەهێشت و خۆیان بەردەوام دەبوون لە کۆچەکانیاندا. دەڵێن کاتێ کە نیشتەجێیانی دەوروبەری بەشی باشووری ڕوباری ماری لە ئوسترالیا بۆ یەکەمین جار بینیان کە باریان لە گا ناوە، لای خۆیان وایان لێکدایەوە کە ئەو گا یانە خێزانی سپیپێستەکانن. جیاوازی بەرگری ئێستا لە نێوان ژن و پیاو دەبینرێت، لەو کاتانەدا هێندە نەدەبینرا، ئەم جیاوازییە، پتر لە لایەنی هەلومەرجەکانی ژیان و ژینگە دروست بووە و لە لایەن قوڵیی و خۆییەوە، هێندە جێگای سەرنج نییە، ئەگەر چاو لە نەتوانینیە بایۆلۆژییەکانی ژن بپۆشین، لەوکاتەدا، لەلایەن بالآبەرزی عەقڵ و هۆش و چارەسازی ئازایەتی جیاوازییەکی لەگەڵ پیاودا نەبوە، پیاویش وەکو جوانکاری و لەیستۆکێکی سێکسی تەماشای نەکردوە، بەڵکو ئاژەڵێکی بەتوانا بوە کە توانیویەتی چەندین سەعات کاری زۆر سەخت ئەنجام بدات، هەرکاتێك پێویست بوبێت لە ڕێگای منداڵان و ئەندامانی هۆزەکەی تا مردن جەنگاوە. یەکێك لە سەرۆکەکانی هۆزی چیپوا گوتویەتی: (ژن بۆ کار دروست کراوە و

دەتوانێت هێندەی دوو پیاو بار ببات یان هەلگرێت، هەر ژنە کە بۆ ئێمە ڕەشماڵ هەڵدەدات و جل دەدوورێت و شەوان گەرمان دەکاتەوە... ئێمە هەرگیز بێ ئەوان ناتوانین بگوێزینەوە، ژنان هەموو کارێك دەکەن و بۆ خواردنیش بە شتێکی کەم قەناعەت دەکەن، چونکە بەردەوام کاریان چێشت لێنانە، لە ساڵە سەخت و قاتوقڕیەکاندا بەوەندە قەناعەت دەکەن کە ئەنگوستەکانی خۆیان بلێسنەوە.)

لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بەشی زۆری پێشکەوتنە ئابووریەکان بە دەستی ژن ڕویداوە، نەك بە دەستی پیاوان. لەماوەی چەندین سەدەی یەك لەدوای یەکدا، کە پیاوان بە ڕێگای کۆنی خۆیان خەریکی ڕاووشکار بوون، ژن لە دەوروبەری ڕەشماڵ خەریکی چاندن بوو، هەزاران هونەری تری ناوماڵی ئەنجام دەدا کە هەر یەکیان بوونەتە پایەی پیشەسازی زۆر گرنگ، لە پەمۆوە کە بە گوتەی یۆنانیان(داری خووری)یە هەر ئەو ژنە سەرەتاییە بوو کە یەکەمین ریسی رست و دوای ئەوەش قوماشی دروست کرد، هەر ژنیشە داهێنەری چەندین هونەری تری وەکو دوورین و چنین و گۆزەکەری و سەبەتەچنین و تەنانەت ماڵ دروستکردنیش بوە، هەرئەویش بوە کە زۆربەی کات خەریکی بازرگانی بوە، مەڵبەندی خێزانیش هەر ئەو دروستی کردوە و کەم کەم پیاویشی کردۆتە یەکێك لە ئاژەڵە ماڵیەکانی پێڕستی خۆی، فێری ئەدەب و هونەری تێکەڵاوبوون و ڕەفتاری جوانی کردوە، کە بنەمای دەروونناسی و گیراوەی مەدەنیەتە.

بەڵام کاتێ کە پیشەسازی و کشتوکاڵ بەرەوپیش چوو و فراوانتر بوو و بوە هۆی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زیاتر، ڕەگەزی بەهێزتر کەمکەم دەستەڵاتی خۆی بەسەریدا فراوانتر کرد. بە بەرفراوان بوونی شوانکارەیی سەرچاوەیەکی تازەی سامان کەوتە دەست پیاو، بەم شێوەیە ژیان بەهێزتر و سەقامگیرتر بوو. تەنانەت

کشتوکاڵ کە لە ڕوانگەی ڕاووشکارانی سەردەمی کۆن وەکو کارێکی ئاسایی دەژمێردرا، لە کۆتایی کاردا پیاوی بەتەواوی بەرەو خۆی ڕاکێشا، ئەو دەستەڵاتە ئابووریەی کە بە هۆی کشتوکاڵەوە لەدەستی ژندا بوو، کەوتە دەست پیاو، ژن تا ئەو کاتە ئاژەڵی ماڵی کردبوو، پیاو ئەو ئاژەڵانەی خستەکار و بەم شێوەیە سەرپەرشتی کاری کشتوکاڵیشی گرتەدەست، بەتایبەتی چونکە نیروئاموور بوونە کەرەستەی کێڵان، ئەویش پێویستی بە هێزی پتر هەبوو بۆ خستنەگەڕ و کێڵانی زەوی، خودی ئەم کارە، گواستنەوەی کشتوکاڵی لە ژنەوە بۆ پیاو ئاسانتر کرد. دەبێ ئەوەش بزانین کە زیادبوونی دارایی گوێزرانەوەی مرۆڤ، وەکو ئاژەڵە ماڵییەکان و بەروبوومی زەوی، زۆرتر یارمەتی ملکەچی ژنی دەکرد، چ پیاو لەم کاتەدا داوای لێدەکرد زۆر وەفادار بێت تا ئەو مندالانەی کە لەدایك دەبن و میرات دەبەن مندالانی ڕاستەقینەی پیاوەکە خۆی بێت. پیاو بەم شێوەیە پێبەپێ بەرەوپێش چوو لەڕێگای خۆیدا، کە مافی باوك لە خێزاندا ناسرا، گوێزرانەوەی میرات کە تا ئەو کاتە لە ڕێگای دایکەوە بوو، کەوتە دەست ڕەگەزی پیاو، مافی دایکایەتی بەرانبەر مافی باوکایەتی سەری دانەواند، خێزانی باوکسالاری کە گەورەترین پیاوی خێزان سەرۆکی بوو، لە کۆمەڵگەدا بە یەکەیەکی ئابووری و یاسایی و سیاسی و ئاکاریی ناسرا، خواکانیش کەتا ئەوکاتە زیاتر لەسەر شێوەی ژنان بوون، بوون بە پیاوی ڕیشدار، کە لە ڕواڵەتدا وەکو پیاوانی پیر و ڕیشسپیانی هۆز بوون، لە دەوری ئەو خوایانەدا (حەرەمسەراییەك)وەکو ئەو شتەی کە پیاوانی پڕبانگەشە لە سەردەمی دورەپەرێزیدا وەکو خەیاڵپلاوی لە مێشکی خۆیان دروستیان کردبوون دروستکران.

وەدەرکەوتنی خێزانی باوکسالاری بە گورزێکی توند دەژمێردرێت بۆ لەناوبردنی دەستەڵاتی ژن، لەوە بەدوا ژن و منداڵەکانی بوونە هی باوك یان براگەورە، دواتریش مێردەکەی. بۆ زەماوەندیش وەکچۆن نۆکەر و کەنیزەك لەبازاڕ دەکڕدران، ژنیش هەر لە بازاڕ دەکڕدرا، کاتێ کە مێردیش دەمرد، ژنیش وەکو هەر میراتێکی تری پیاو بەر یەکێك دەکەوت، لە هەندێ شوێنی وەکو گینەی نوێ، هەبریزی نوێ، دوورگەکانی سلێمان، فیجی، هیندستان و هەندێ شوێنی تر، ژنیان دەخنکاند و لەگەڵ مێردە مردوەکەی لە گۆڕدا دەیانناشت، یانیش داوایان لێ دەکرد کە خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی لە ژیانی جیهانی داهاتوودا خزمەتی مێردەکەی بکات، لەم حاڵەتەدا باوکی خێزان مافی ئەوەی هەبوو هەرکارێك بیەوێت بە ژن ومنداڵەکەی بیکات، بیانفرۆشێت یان بە کرێیان بدات، هیچ لێپرسراویەتیەکی نەبوو جگەلەوەی کە ئەگەر لە بەکارهێنانی ئەو مافەدا زیادەڕەوی بکردبایە، براکانی تر، کە خۆشیان وەکو ئەو بوون، سەرزەنشتیان دەکرد، لەهەمان کاتیشدا پیاو ئازاد بوو لەوەی کە لە دەرەوەی ماڵ پەیوەندی سێکسی هەبێت، ژن لە سیستمی باوکسالاریدا، لەسەری بوو کە ئابڕوی خۆی بپارێزت تا بەرلەوەی شوو بکات، دوای ئەوەش دەبوایە تەواو وەفادار بێت لەگەڵ مێردەکەی خۆی، بەم شێوەیە بۆ شێوازی ڕەفتاری هەریەك لەم دوو ڕەگەزە، پێوەری جیا جیا هاتەکایەوە.

ملکەچی ژن کە بە شێوەیەیکی گشتی لە سەردەمی ڕاووشکاریشدا هەبوو، لەو سەردەمەی کە مافی دایکایەتی لە خێزاندا برەوی پەیداکرد، کەمتر بوەوە، لەوە بەدواوە توندتر و زاڵمانەتر دەبوو. لە رووسیای کۆندا، کاتێ کە باوکێك کچەکەی دەنارده ماڵی مێرد، بە هێواشی دارکاری دەکرد، دوای ئەوە دارەکەی

دەدایە دەست زاوا، تا بەم شێوەیە نیشانی بدات کە تەمێکردنی پێویست لێرەبەدوا بە دەستی کەسێکی گەنجتر و بەهێزتر ئەنجام دەدرێت. تەنانەت هەندیشمردگانی ئەمریکا کە هێشتا مافی دایکایەتیان پاراستبوو، زۆر بە توندی ڕەفتاریان لەگەڵ ژنەکانی خۆیان دەکرد، ناچاریان دەکردن کە سەختترین کار ئەنجام بدەن، زۆربەیان بەناوی (سەگان) بانگیان دەکردن، هەموو شتێك لەسەر زەوی بەهای ژیانی ژن کەمتر بوو لە پیاو، کاتێ کە ژن کچیان دەبوو ئەو خۆشی و هەرایەی کە لە ئەنجامدا لەدایکبوونی کوڕ هەبوو بۆ لەدایك بوونی کچ نەبوو، دایکان هەندێجار منداڵە کچەکانی خۆیانیان دەکوشت بۆ ئەوەی لە بەدبەختی ڕزگاریان ببێت. ژنان لە دوورگەی فیجی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا و زۆربەی جار بەهای ئەوان بەهای یەك تفەنگە، لە هەندێ هۆزدا، ژن و پیاو لە یەك شوێندا ناخەون چونکە لەو باوەڕەدان کە هەناسەی ژن توانای پیاوان کەم دەکاتەوە، خەڵکی فیجی پێیان باش نییە کە پیاو هەموو شەوێك لەماڵەکەی خۆیدا بخەوێت، لە کالدۆنی نوێدا، ژن لەژێر ساباتێك لە دەرەی ماڵ دەخەوێت و پیاویش لە ماڵەوە، لە دوورگەکانی فیجی مۆڵەت بە سەگەکان دەدرێت کە بچنە ناو پەرستگاکان لەکاتێکدا ژن هەرگیز بۆی نییە بچێتە ئەو پەرستگایانە. ئەو دووریەی ژن لە ژیانی ئایینی و کۆمەڵە ئاینییەکان تا ئێستاش لە ئاینی ئیسلامدا هەیە. ڕاستە کە لە هەموو سەردەمەکان لەم جۆرە دەستەڵاتە کە ئازادی قسەکردن و زۆر قسەکردنی هەبوە، لە شەرمەزارکردن و ململانێکردنی پیاو و تەنانەت لێدانی پیاویشن لە هەندێ کاتدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لەگەڵ ئەو بارەشدا پیاو ئاغایە و ژن خزمەتکاری ئەو. پیاوانی هۆزی کافرەکان ژن و هاوسەریان وەکو کۆیلەکان دەکڕی، ئەمەش بە سەرمایەی ژیانیان دەژمێردرا، چ ئەو کاتەی کە ژمارەیەك ژنیان لەبەردەستدا

هەبوون و بە ئاسودەیی دەژیان و ژنان کاروبارەکانیان بۆ ئەنجام بدەن و پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ فەراهەم دەکردن. هەندێ لە هۆزەکانی هیندستان، لە حساباتی میراتدا ژنیان لەگەڵ ئاژەڵەماڵییەکان وەك یەك دەژمارد و بەشیان دەکرد، ئەگەر بەڕاستی سەرنج بدەین، لە دوایین بڕیاری بڕیارەکانی دەبینە(دە بڕیار) ی موساشدا، لەنێوان ئەو دووەدا جیاوازیەکی وای نەکراوە. لە نێوان تەواوی ڕەشپێستەکانی ئەفریقا ژن و کەنیز جیاوازیان نەبوو، جگە لەوەی کە لە ژنەکان سوودی لەززەتیان هەبوو، کە ئەویش بە ئابووری هەژمار نەدەکرا، هاوسەرگیری لە سەرەتای پەیدابوونیدا، جۆرێك لە خاوەنداریێتی و بەشێك لە سیستمی کۆمەڵایەتی بووە کە ڕێکخراوی بەندەیی و نۆکەری لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام بووە.

## ٢. هاوسەرگیری

**مانای هاوسەرگیری ـ بنەچە بایۆلۆژییەکان ـ کۆمۆنەی سێکسی ـ هاوسەرگیری ئەزمونی ـ هاوسەرگیری دەستەیی ـ هاوسەرگیری تاکی ـ فرەژنی ـ کاریگەریەکەی لە باشتر بوونی نەوە ـ ژنهێنان لە دەرەوەی خێڵ (یان نەتەوە) ـ ژنهێنان بە زاوابەندی، ژن هەڵگرتن، کڕینی (کەنیز)، عەشقی سەرەتایی ـ ڕۆڵی ئابووری هاوسەرگیری.**

یەکەمین ئەرکی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، کە دروستکەری یاسای ئاکاریی هەر کۆمەڵگەیەکە، ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو لەسەر بنەمایەکی پتەو بنیات بنێت، چونکە ئەو پەیوەندییە بەردەوام بە سەرچاوەی ململانێ و سنووربەزاندن دەژمێردرێت. بنەڕەتیترین ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە هاوسەرگیرییە، کە دەتوانرێت وەکو یەکگرتنی جووتێك مرۆڤ، بۆ باشترکردن و پێشکەوتنی نەوەی نوێ پێناسە بکرێت. ڕێکخراوی هاوسەرگیری، بە گوێرەی کات و شوێن، بەردەوام شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتوە، بە هەر شێوەیەك کە وێنادەکرێت دروست بوە، ئەم شێوە جۆراوجۆرانە لە شێوەیەك دەستپێکردوە کە تێیدا خەڵکی سەرەتایی تەنیا لەپێناو دروستکردنی نەوەی نوێ دەبوونە هاوسەری یەکتری. بێ ئەوەی لە ژیاندا هیچ یەکیەتییەك لە نێوان ئەو دوو هاوسەرە دروست ببێت، بە شێوەیەك گەیشتوە کە لە سەردەمی نوێدا دەبینین: ژن و مێرد تەنیا بۆ هاوبەشی ژیان دەبن بە هاوسەری یەکتر و زۆر گرنگی بە پەیدابوونی منداڵ نادەن.

هاوسەرگیری لە داهێنانی باوپایرانی ئاژەڵی ئێمە بووە، وا دێتەبەرچاو، کە لە هەندێك لە باڵندەکان، لەڕاستیدا هەر باڵندەیەك تەنیا هاوسەرەکەی خۆی بەسیەتی. لە گۆریللاکان و ئرانگۆتانەکاندا پەیوەندی نێوان نێر و مێ تا کۆتایی خولی پەروەردەکردن و گەورەکردنی بێچوەکان درێژەی هەیە، ئەو پەیوەندییە لە زۆر لایەنەوە زۆر لە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد دەچێت، هەرکاتێك مێیینە بیەوێت لە نێرێکی تر نزیك بێتەوە بەمەبەستی سێکس، نێرەکە زۆر بە توندی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. دوکرسپینی لە بارەی ئۆرانگوتانەکای بۆرنۆ دەڵێت: (ئەوانە لە خێزانێکدا دەژین کە لە نێر و مێ و بێچوەکانیان پێکدێت) دکتۆر ساواژ لەبارەی گۆریللاکان دەنوسێت کە: (خووی ئەوان بەم شێوەیەیە کە دایکە و باوکە لەژێر دارێك دادەنیشن و خەریکی خواردنی میوە دەبن و منداڵەکانیان لە دەوروبەری دایکە و باوکە لەسەر دارەکان دەگەڕێن.) هاوسەرگیری پێش پەیدابوونی مرۆڤ دەستی پێکردوە.

ئەو کۆمەڵگەیانەی کە هاوسەرگیری تێیاندا نەبوبێتە نەریت زۆر کەمە، بەڵام کەسێك کە بەدوایدا بگەڕێت دەتوانێ کۆمەڵگەی وا بدۆزێتەوە و ئەڵقەی پەیوەندی نێوان نارێکخراوی سێکسی لە شیردەرانی دواکەوتوو و هاوسەرگیری لە خەڵکانی سەرەتایی بدۆزێتەوە. لە فوتونا، لە دوورگەکانی هیبریزی نوێ، لە دوورگەکانی هاوای زۆربەی خەڵك لە بنەڕەتەوە هاوسەرگیری ناکەن، خەڵکی هۆزی لۆبۆ ژن و پیاو بێ ئەوەی کەمترین گرنگی بە هاوسەرگیری بدەن لەگەڵ یەکتری نزیك دەبنەوە و هیچ بنەماو یاسایەکیان نییە لەم بارەیەوە، هەروەها بەشێك لە هۆزەکانی بۆرنۆ ژیانی سێکسی خۆیان بەسەر دەبەن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو پەیوەندییەی کە دوو کەس لە یەکتر نزیك دەکاتەوە و لە ئەنجامدا

سێکس بە ئەنجام دەگات، هەربۆیە جیابوونەوەی دوو هاوسەر لەوێ زۆر ئاسانترە لە جیابوونەوەی جوتێك باڵندە، هەروەها لەنێوان میللەتە کۆنەکانی رووس (پیاوان، بێ جیاوازی، لەگەڵ ژنانی جۆراوجۆر سێکسیان دەکرد، بە شێویەك کە دیار نەبوو مێردی ئەو ژنە کام پیاوەیە.) ئەو کەسانەی کە لەبارەی کورتەباڵاکانی ئەفریقا(پیگمەکان) توێژینەوەیان کردوە دەنووسن، کە ئەوان سەر بە رێکخستنی هاوسەرگیری نین( بێ هیچ بنەمایەك غەریزەی سێکسی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە) بەڵام مە(میللی بوونەی ژنان) کە وەکو کۆمۆنیزمی سەرەتاییە، لەبارەی زەوی و خۆراکەوە دەژمێردرێت، زۆر زوو لەناوچوو، بە جۆرێك کە شوێنەوارەکەی لە ئێستادا زۆر بە سەختی هەست پێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا یادگارییەکانی ئەوان لە زەیندا بە شێوازی جیاجیا ماوەتەوە: بۆ نمونە زۆربەی ئەو میللەتانەی کە بە شێوەی ئاسایی دەژین پێیانوایە کە یەك مێردیی ـ بە بڕوای ئەوان زەوتکردنی یەك پیاوە بۆ یەك ژن ـ بە پێچەوانەی سروشت و ئاکارە. نمونەیەکی تر، جەژنەکانی ئازادی سێکسیمان هەیە کە لە کاتی دیاریکراودا بەرپادەکرێن و بە شێوەیەکی کاتی خۆیان لە کۆتوبەندی سێکسی ڕزگار دەکەن(وەکو کەرنەڤاڵەکان). نمونەیەکی تر ئەمەیە کە داوایان لە ژن دەکرد پێش ئەوەی کە مێرد بکات، خۆی بداتە یەکەمین پیاو کە ئەوی ویستوە، ئەم کارە لە پەرستگای میلیتا لە بابل ئاسایی بوە، شوێنەواری ئەو دابونەریتانەیە کە لە خەڵکانی سەرتاییدا هەبووە، ژن وەکو کەرەم و گەورەییەك خۆی بە قەرز دەدا، ئەوەش نەریتێکی تر بوو کە لە سەرەتای سەردەمی پاشاگەردانی لە ئەورووپا هەبوو، شەوی یەکەمی بووکێنی، مافی چوونە لای بووك بۆ گەورەی هۆز بوو، مافی ئەوەی هەبوو کە پێش ئەوەی زاوا بچێتە لای بووك، ئەو پەردەی کچێنی بووك نەهێڵێت.

دوای سەردەمی سەرەتایی، کەمکەم، شێوازی جۆراوجۆری یەکێتی لە نێوان ژن و مێرد، وەکو ئەزموون، بوو بە شێوەیەکی کاتی، شوێنی پەیوەندیە نادروستەکەی جارانی گرتەوە، لە هۆزی ئۆرانگ ساکای لە مالاکا، ژن لەگەڵ یەك یەکی پیاوەکانی هۆز ماوەیەك دەژیا، کە خولەکە تەواو دەبوو دووبارە لە سەرەتاوە دەستپێدەکردەوە، لە نێوان ئەندامانی هۆزی یاکوت، لە سیبریا و هۆزی بۆتۆکۆدۆ لە ئەفریقای باشووردا، چینە دواکەوتووەکانی خەڵکی تبت و زۆربەی ملەتانی تر، هاوسەرگیری ئەزموونێك بوو بە تەواوی ماناوە، هەریەك لە ژن و پیاو، هەرکاتێك دەیویست، دەیتوانی پەیوەندی خۆی ببچڕێت، بێ ئەوەی کەسێك هۆیەکەی لێ بپرسێت، لە نێوان ئەندامانی هۆزی بوشمەن (بچوکترین ململانی و گرفت بەسە بۆ ئەوەی پەیوەندی ژن و مێرد کۆتایی پێ بێنیت، ژن و پیاو دوای ئەوە خەریکی دۆزینەوەی هاوسەری نوێ دەبن) وەك ئەوەی سێر فرانسیس گالتن دەیگێڕێتەوە،(لە ناو هۆزی دامارا، نزیکەی هەفتەی جارێك، ژن مێردەکەی خۆی دەگۆڕێت، من زۆر بە سەختی دەمتوانی بزانم کە مێردی کاتیی ئەم ژنە یان ئەو ژنە لەو سەردەمەدا کام پیاو بووە). هەروەها لە هۆزی بایلا(ژنان دەست بە دەست دەگەڕێن و بە ڕێککەوتنی هاوبەش مێردێك بەجێدێڵن و دەچنە لای مێردێکی تر، زۆر لەو ژنان گەنجانەی کە هێشتا تەمەنیان نەبۆتە بیستساڵ تا ئەو کاتە پێنج شویان کردوە و هەمووشیان لە ژیاندا ماون) ئەو وشەیەی کە لە هاوای مانای هاوسەرگیرییە لە ڕاستیدا مانای ئەزموونە. لەناو خەڵکی تاهیتیدا، تا سەد ساڵ لەمەوبەریش هاوسەرگیری ئازاد بوو، تا ئەو کاتەی منداڵیان نەبوبێت ژن ومێرد دەیانتوانی بێ هیچ هۆیەك لە یەکتری جیا ببنەوە، ئەگەر منداڵیان ببوایە، ژن و مێرد مافی ئەوەیان هەبوو ئەو منداڵە بکوژن، بێ ئەوەی کەس سەرکۆنەیان لێ بکات،

ئەگەر ژن و پیاویش بڕیاریان دابوایە منداڵەکە گەورە بکەن، پەیوەندی ئەو دوو کەسە دەبووە شتێکی هەمیشەیی، پیاو بەڵێنی بە ژنەکە دەدا کە لە پاراستن و بەخێوکردنی منداڵەکەدا یارمەتی بدات.

مارکۆپۆلۆ لەبارەی هۆزێك لە ئاسیای ناوەڕاست کە لە سەدەی سێزدەیەم لەناوچەی پین دەژیان( ئێستا کریا، لە تورکستانی خۆرهەڵاتی چین) دەنووسێت کە: (ئەگەر پیاوێك پتر لە بیست ڕۆژ لەماڵەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، ژنەکەی دەتوانێت، ئەگەر بیەوێت، شوویەکی تر هەڵبژێرێت، لەسەر ئەو بنەمایە، پیاوان دەگەنە هەر شوێنێك ژنێك هەڵدەبژێرن) وەك ئەوەی دەبینرێت، شێوازە تازەکانی  کە ئێمە ئێستا لە هاوسەرگیری و ئاکار دیاریمان کردوە، هەموویان ڕیشەی کۆنینەیان هەیە.

لۆترنۆ دەڵێت کە لەبارەی هاوسەرگیرییەوە،( تەواوی ئەزموونە جۆراوجۆرەکان ڕەنگە لەناوی هۆزە هەمەجی و وەحشیەکان ئەنجام درابن، زۆربەیان هێشتاش لەنێوان هەندێ خەڵك بەردەوامن، بێ ئەوەی بیریان لەو شتانە کردبێتەوە کە ئێستا و لە سەردەمی نوێ لە ئەوروپادا بوونی هەیە) لە هەندێ شوێندا هاوسەرگیری بە شێوەی دەستەیی بە ئەنجام گەیشتوە، بە و مانایەی کە دەستەیەك پیاوانی ئەم هۆزە لەگەڵ دەستەیەك ژنانی هۆزێکی تر هاوسەرگیریان کردوە. لە تبت، بۆ نمونە وا باو بوو کە چەند برایەك چەند خوشکێکیان بە گوێرەی ژمارەی خۆیان هەڵدەبژارد، بە شێوەیەك کە دیار نەبوو کام خوشك خێزانی کام برایە، جۆرێك کۆمۆنیزم لە هاوسەرگیرییەکەدا هەبوو، هەر برایەك لەگەڵ هەرکام لە ژنەکان بیویستبایە دەخەوت. سیزار باسی خوویەکی کۆنی خەڵکی بەریتانیای کۆن دەکات. لە پاشماوەی ئەو ڕوداوانەدا، نەریتی ئەوەی کە براژن دوای مردنی مێرد،

دەبێ شوو بە شووبرا بکاتەوە کە لە ناو قەومی جوولەکە و هەندێ قەومی تر بەربڵاو بوە بە هۆی سەختی ژیانی ئەوانەوە.

ئایا چ شتێك بۆتە هۆی ئەوەی خەڵك تاك هاوسەری بە باشتر زانیوە لەو هەموو نارێکیەی ژیانی سەرەتایی؟ چونکە لە نێوان ئەو نەتەوانەی کە بە حاڵەتی سروشتی دەژین، هیچ کۆتوبەندێك بۆ پەیوەندی سێکسی بوونی نییە، یان لانی کەم لە ماوەی پێش هاوسەرگیریدا ئەو کۆتانە بوونیان نییە. هەربۆیە ناتوانرێت بگوترێت کە پێویستی سێکسی بوبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی هاوسەرگیری، چونکە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو سنووردار بوونەی کە هەیەتی و گرفتی دەروونناسانەی کە لەگەڵ خۆی دەیهێنێت، هیچ کات بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو ئاسانکاریانەی کە کۆمۆنیزمی سێکسی فەراهەمی کردوە، ناشتوانرێت بگوترێت کە لەو سەردەمە دوورانەدا، هاوسەرگیری، لە لایەن پەروەردەکردنی منداڵەوە چاکی زۆرتری هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵ بە هۆی دایك و خزمانی دایك. هەر بۆیە، ناچار هۆکاری بەهێزتری وەکو ئابووری دەبێ هۆکاری پەیدابونی هاوسەرگیری بوبێت، ئەگەری زۆر نزیك هەیە کە (لێرەدا دووبارە بیر دێنینەوە کە بۆ ناسینی بارودۆخی سەردەمەکانی زۆر کۆن، جگە لە ئەگەر و تەخمین چارەی ترمان نییە) ئەم هۆکارانە پەیوەندی بە بڕیارەکانی خاوەندارییەوە هەیە.

هاوسەرگیری تاکی بێگومان لەو شوێنە پەیدا بوو، کە پیاو حەزی کردوە بەندەی زۆرتری بە نرخی هەرزان لە بەردەستدا هەبێت، نەیدەویست داراییەکەی دوای مردنی، بدرێتە منداڵی خەڵکی تر، فرەهاوسەری کە بریتی بوو لەوەی کەسێك چەند هاوسەرێکی ڕەگەزی بەرانبەری هەبێت، کەمکەم بوە فرەمێردی، ژنێك هاوکات چەند مێردێکی هەبوو. ئەم شێوازە لە هۆزی تودا و هەندێ

لە هۆزەکانی تبت بەرچاو دەکەوێت، ئەم خووە بە گشتی لە هەندێ وڵات بەرچاو دەکەوێت، کە ژمارەی پیاوان لە ژمارەی ژنان زۆر زۆرترە،بەڵام پیاوان بە زوویی ئەو خووەیان لەبەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا و شێوازەکەی تریان وازهێنا، ئەمەش فرەهاوسەری، تەنها، بە شێوەی فرەهاوسەری بوونی هەیە، زانا ئایینەیەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست پێیان وابوو، کە فرەژنی لە داهێنەری پێغەمبەری ئیسلامە، لە کاتێکدا کە وا نییە و وەکو ئەوەی بینیمان، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بڕگەی فرەهاوسەری شێوازێکی بەرچاو و بە برەو بووە. ئەو فاکتەرانەی کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی فرەژنی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا فراوانن، بەهۆی ئەوەی کە پیاو خەریکی شەڕ ڕاوشکار بووە ژیانی پتر لە مەترسیدا بووە، بەم هۆیەوە پیاوان پتر لە ژنان لەناودەچوون، زۆربوونی ژمارەی ژنانیش دەبووە هۆی ئەوەی یان فرەژنی دروست ببێت یانیش ژمارەیەك لە ژنان بە ڕەبەنی بمێننەوە، بەڵام بۆ ئەو گەلانەی کە مردنی تێدا زۆر بوو، وا پێویست بوو کە زۆری زاوزێ قەرەبووی زۆری مردن بکاتەوە، هەربەم بۆنەیەوە، نەزۆکی ژن بە شەرمەزاری دەژمێردرا. هۆیەکی تر ئەوەیە کە پیاو حەزی لە هەمەجۆری و گۆڕانکارییە، وەك ئەوەی کە ڕەشپێستەکانی ئەنگۆلا دەڵێن: (هەمیشە ناتوانرێت لە دەفرێکدا خواردن بخۆین)، لەگەڵ ئەوەش پیاوان حەز دەکەن هاوسەرەکانیان گەنج بن، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا ژنان بە خێرایی و زوو پیر دەبوون، هەر لەبەر ئەمە، خۆیان پیاوەکانیان هان دەدا بۆ ژنهێنانی نوێ، تا بتوانن ماوەیەکی درێژتر خواردنی منداڵەکانیان دابین بکەن و لەهەمان کاتدا، ماوەی نێوان سکپڕیەکانی خۆیان درێژتر بکەنەوە، بێ ئەوەی شتێك کەم بکەنەوە لە خواستی پیاوان بۆ منداڵ نانەوە و شەهوەتی سێکسی خۆیان، بە زۆری وا بینراوە کە ژنی یەکەم مێردەکەی هانداوە بۆ

ئەوەی ژنێکی نوێ بهێنێت بۆ ئەوەی کارەکەی خۆی سووکتر بکات، ژنی تازە بۆ خێزان منداڵی تر بهێنێت و بەرهەمهێنان و سەروەت زۆرتر ببێت. لەلای ئەو کۆمەڵانە، منداڵ بەهای ئابووری هەبوو، ژنیان وەکو سەرمایە دەکری کە سوودەکەیان، منداڵبوون بووە. لە رێکخراوی باوکسالاریدا، ژن و منداڵ وەکو کۆیلەی پیاو دەژمێردران، هەرچەندە ئەوان پتر بووانایە وەکو ئەوە بوو کە سەرمایەی پیاو زۆرتر بێت، پیاوی هەژار لەگەڵ یەك ژن دەژیا، بەڵام ئەوەش نەنگییەکی گەورە بوو بۆ ئەو، چاوەڕوانی رۆژێك بوو تا بگاتە ئەو پۆستە بەرزەی کە پیاوانی چەندژنە لە بەرانبەر ئەوانی تر هەیانبوو.

بێگومان، فرەژنی لە کۆمەڵگەی سەرەتایی شتێکی گونجاو بوە، لەگەڵ ئەوەش ژمارەی ژنان لە پیاوان پتر بووە. لە لایەن باشتر بوونی نەوەش پێویستە بگوترێت کە فرەژنی باشترەبووە لە تاکژنی. وەك ئەوەی کە دەزانین، ئێستا باوردۆخەکە بە شێوەیەکە کە بەتواناترین پیاوانی سەردەمی نوێ بەزۆری درەنگ سەرکەوتوو دەبوون لە هەڵبژاردنی هاوسەردا هەربۆیەش، کەم منداڵیان دەوێت، لەکاتێکدا کە لە رۆژانی ڕابردوودا، بەتواناترین پیاو باشترین ژنیان دەست دەکەوت و منداڵی زۆرتریان دەخستنەوە. بەم هۆیەوە کە فرەژنی ماوەیەکی درێژ لە ناو خەڵکی سەرەتاییدا، بەڵکو گەلە خاوەن شارستانیەتەکانیش، توانیویەتی بەردەوام بێت، تەنیا لەم دواییانەدا لە سەردەمی ئێمەدایە کە هێدی هێدی خەریکە لە وڵاتە خۆرهەڵاتیەکان باروبنەی تێك دەنێت. لە توانەوەی ئەم خووەدا چەندین فاکتەر کاریگەرییان هەبوە: ژیانی کشتوکاڵی، کە حاڵەتێکی سەقامگیری هەیە، سەختی و ناخۆشی ژیانی پیاوانی کەم کردەوە و مەترسییەکان کەمتر بوونەوە، هەربۆیە ژمارەی ژن و پیاو یەکسان بوون، لەو

کاتەدا فرەژنی تەنانەت لە کۆمەڵگەی سەرەتاییشدا بوە یەکێك لە باشییەکانی کەمینە دەوڵەمەندەکان، زۆربەی خەڵك بەم هۆیەوە لەگەڵ یەك ژن دەژیان و بە سێکسی دەرەوەی ماڵ دڵیان خۆش دەکرد، لە حاڵەتێکدا کەمینەیەکی تر، بیانەوێت یان نەیانەوێت بە ڕەبەنی دەمێننەوە، بەم جۆرە زەمینە خۆشدەکەن بۆ ئەو دەوڵەمەندانەی کە پتر لە ژنێك دێنن، هەرچەند ژمارەی ژن و پیاو لە یەکەوە نزیك بێتەوە هەستی غیرەتی پیاو بەرانبەر بە ژنەکەی و هەستی ژن بۆ پاراستنی مێردەکەی زۆرتر دەبێت، چونکە کە ژمارەکە تا ڕادەیەك یەکسان بوو بۆ هەردوو ڕەگەزەکە، ئەوا پیاوە بەهێزەکان ناتوانن ژنی زیاتر بهێنن، مەگەر ئەوەی کە ژن یان دەزگیرانی ئەوانی تر لاقە بکەن. لە هەندێ کاتدا وا ڕوودەدات کە مێردەکانی ئەو ژنانە بکوژن تا دەستیان بە ژنەکانیان بگات، لە بارودۆخێکی ئاوادا، فرەژنی تەنیا بۆ ئەو کەسانە مەیسەر دەبوو کە زیرەکتر و چالاکتر بوون، کەمکەم کە سەروەت لەلای یەك کەس زۆر کۆبوەوە نیگەرانی لەوە پەیدا دەکرد لەوەی چونکە سەروەتەکەی دەبێتە چەندین بەش و بەشی هەریەك لە منداڵەکانی کەم دەبێت، ئەو کەسە بیر لەوە دەکاتەوە کە لە نێوان (ژنی سەرەکی و ژنە خۆشەویستەکەی)و(هاوخەوەکان)ی خۆی جیاوازی بکات، تا میرات تەنیا ببێتە هی منداڵانی ژنە سەرەکییەکە ـ هاوسەرگیری تا نەوەی هاوچەرخ لە کیشوەری ئاسیا بەم شێوەیە بووە. کەمکەم ژنی سەرەکی پێگەی ژنێکی تاکی پەیداکرد و ژنەکانی تر بوون بە خۆشەویستە نهێنییەکانی پیاو، یان هەر کۆتاییان پێهات. کاتێ کە ئاینی مەسیح پەیدابوو فرەژنی لەناوچوو، لانیکەم لە ئەوروپا، ژنی سەرەکی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بووە تاکە ژنی ماڵ و هاوسەریگیری ڕەسمی پێکەوەنا، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە شتێکی دروستکراوە کە لە سەردەمی مێژووی ئێستا دروست بوە و پەیوەندی بە ڕێکخراوی سروشتی سەرەتایی پەیدابوونی شارستانەیتەکانەوە نییە.

هاوسەرگیری لە نێوان گەلە سەرەتاییەکاندا، بە هەر شێوەیەك کە بووە، تارادەیەك مەسەلەیەکی بەزۆر بووە، پیاو بە بێ ژن پێگە و کەسایەتییەکی لە ناوکۆمەڵگەدا نەبووە و بەهای پیاوی بێ ژن نیوەی پیاوی تری بەژن و ماڵ بووە. پیاوێکی ئاوا ناچار بوو کە لە دەرەوەی هۆزی خۆی ژن بهێنێت، ئێمە نازانین کە ئایا هۆیەکەی ئەوەبووە کە ئەو خەڵکە، بەو عەقڵە سادەیەی کە هەیانبوە، هەستیان بەوە کردوە کە هاوسەرگیری نێوان خزم وکەس ئەنجامی خراپی هەیە یان ویستوویانە بە تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵەی تر، یەکگرتوویەکی سیاسی بەسوود دروست بکەن، یان ئەگەر یەکگرتنێك هەبوبێت لەم ڕێگەیەوە بەهێزتری بکەن، بەم شێوەیە ڕێکخراوی کۆمەڵگەکە بەهێز بکەن و مەترسی شەڕ کەمتر بکەنەوە. لەوانەشە کە ڕفاندنی ژن لە هۆزێکی تر بۆ هاوسەرگیری، لە نێوان خەڵکدا نیشانەی پیاوەتی و کامڵی پیاو بوبێت، لەگەڵ ئەوەی کە پیاوی لاو چونکە نزیکەکانی خۆی بەردەوام بینیوە و سەرنجی ئەوانی نەداوە و چاوی بڕیوەتە کچی دراوسێ و ڕووی کردۆتە هۆزێکی تر. بەهەرحاڵ مەسەلەکە هەرچی بوبێت، بارودۆخی هاوسەرگیرییەکان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بەم شێوەیە بووە، ئەگەر فیرعەونەکان لەگەڵ بەتالیسەکان و ئینکاکان ئەو نەریتەیان شکاند و لە زەمانی ئەواندا خوشك وبرا لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ بوون، بنەما کۆنەکان لە ناو ڕۆمیەکاندا وەکو خۆی مایەوە - یاسای نوێش هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە، ئێمە خۆمان بە زانایی یان بە نەزانییەوە، لاسایی ئەو خووە کۆنە دەکەینەوە و پاپەندین پێیەوە.

ئایا چۆن پیاوێك ژنەکەی خۆی لەناو هۆزدا بەدەست دێنێت؟ لەو کاتەی کە ژنسالاری دەستەڵاتداری بوو، پیاو ناچار بوو بچێتە هۆزی ژن و لەوێ بژیێت. کەمکەم کە سیستمی باوکسالاری بەهێزتر بوو، پیاو مافی ئەوەی وەرگرت تا

ژنەکەی خۆی هەڵگرێت و بچێتەوە ناو هۆزەکەی خۆی، بەڵام بە مەرجێك کە ماوەیەك لە لای خەزوورەکەی کار بکات، هەروابوو کە یاقوب پێغەمبەر، بۆ ئەوەی کە ژنەکانی خۆی لیە و راحیل ی بەدەستهێنا، ماوەیەك بۆ لابان کاری کرد. زۆربەی جار پیاو هەوڵیداوە بەزۆر ژنەکەی هەڵبژێرێت و لە کارکردن بۆ خەزورەی خۆی بدزێتەوە، ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە (لەرێگەی ژن ڕفاندن) بە پیاوەتییەك دەژمێردرا بۆ پیاوەکە، چونکە لە لایەك نۆکەرێکی بە خۆڕایی دەست دەکەوت و لە لایەکی تریش چەند منداڵێکی بۆ پەیدا دەبوو، هەرچەندە ژمارەی ئەو منداڵانە زۆرتر بوایە، ملکەچی ژن بۆ پیاوەکەی زۆرتر دەبوو. ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانەی کە بە شێوەی ژن هەڵگرتن ئەنجام دەدران، شتێکی گشتی نەبوو. بەڵام جارجار ڕویدەدا ـ لە نێوان هەندیشمەردەکانی ئەمریکای باکوور، ژنان بەشێك بوون لە دەستکەوتەکانی شەڕ. ئەو کارە هێندە برەوی هەبوو لە زۆر هۆزەکاندا ژن و پیاو هەریەکەو بە زمانێك قسەیان دەکرد کە هیچ کامیان لەویتر تێنەدەگەیشتن، لە نێوان سلاڤیەکانی ڕوسیا و سربستان، تا سەدەی ڕابردوو، ڕفاندنی ژن هێشتا لەبرەودابوو[1] و پاشماوەی هەر ئەو نەریتەشە کە لە زەماوەندەکانی بووك گواستنەوەدا زاوا هەندێ کار ئەنجام دەدات کە زۆر نزیکە لە ژن ڕفاندنەکە. بە هەرحاڵ، ئەم کارە یەکێك بوو لە شێوازەکانی شەڕی بێ کۆتایی نێوان هۆزەکان و بە شتێکی ناماقوڵ نەدەژمێردرا، هەر ئەم کارەش سەرچاوەی ململانێی هەمیشەییە کە لەنێوان ژن و پیاو بوونی هەیە، جگە لە چەند شەوێك نەبێت و کاتی خەوی قووڵ، دانامرکێتەوە.

١. بریفۆ لەوباوەڕەدایە کە بەدیلگرتنی ژن قۆناغی یەکەمی گواستنەوەی دایکسالاری بۆ باوکسالاری بووە: پیاو، کە نەیدەویست لەگەڵ هۆزی ژنەکەیدا بژی، بەم شێوەیە ژنەکەی دەهێنایە ماڵی خۆی، لە ڕوانگەی لیپرت هاوسەرگیری لە دەرەوەی هۆزدا جێگری ئاشتییانەی هاوسەرگیرییە لە ڕێگەی بەدیلگرتنی ژن، ڕێك هەروەك وەکو بازرگانی کە بە جێگری دزی دەژمێردرێت.

ئەو کاتەی کە سامان زیاد بوو، خەڵك کەمکەم تێگەیشتن کە ئەگەر بڕە پارەیەك یان دیارییەك لە لایەن زاواوە بدرێت بە باوکی کچ، باشترە لەوەی کە بۆ بەدەستهێنانی ژن پیاو بچێت بێگاری بکات لە هۆزی ژنەکەیدا، یان بە ڕفاندنی ژنەکەی خۆی بخاتە مەترسییەوە و ببێتە هۆی شەڕ و کوشتار. لێرەوە کڕینی ژن بوە بنەمایەکی بەربڵاوی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، شێوەیەکی مامناوەندی لە دوورگەی ملانزی دەبینرێت، ئەویش ئەوەیە کە دوای ڕفاندنی بووك، بە پێدانی بڕێك پارە بە دایك و باوکی بووك، ئەو هاوسەرگیرییەی کە بە دزییەوە بە ئەنجام گەیشتوە لەم ڕێگەوە دەبێتە شتێکی یاسایی و ئاسایی، لە گینەی نوێ، پیاو بووکەکە دەرفێنێت و خۆی ون دەکات و لە هەمان کاتدا، هاوڕێکانی خۆی دەنێرێتە ماڵی باوکی کچەکە تا مامەڵەی بووکی بۆ بکەن. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە کە چۆن کارێکی پێچەوانەی ئەخلاق بە پێدانی پارە دەبێتە شتێکی ئەخلاقی لە ناشیرینیەوە دەبێتە شتێکی جوان! لە دایکێکی هۆزی مایۆری دەگێڕنەوە، هۆڕ هۆڕ دەگریا و نەفرەتی بۆ ئەو پیاوە دەنارد کە کچەکەی ڕفاندوە، ئەو کاتی کە زاوا دێتە لای و پەتوێکی بۆ دێنێت وەکو دیاری، دەڵێت: (ئەوە ئەو شتەیە کە دەمەویست، بۆ ئەو شتە بوو کە دەگریام) بەڵام بە گشتی نرخی بووك پتر بووە لە نرخی پەتوو، لە نێوان هۆزی هۆتنتوت، گایەك یان مانگایەك، لە هۆزی کرو سێ گا و مەڕێك، لە هۆزی کافرەکان، لە شەش تا سی گا بە گوێرەی پێگە و کەسایەتی خێزانی بووك، لە نێوان تۆگۆیەکاندا، دیاریەکی نەختینە بەرانبەری ١٦ دۆلار، و دیاریەکی سێکسی بەرانبەری ٦ دۆلار.

کڕین و فرۆشتنی ژن لە تەواوی ئەفریقا برەوی هەیە و لە چین و ژاپۆن تا ئێستاش شتێکی ئاساییە، لە هیندستانی کۆندا، لە لایەن یەهودییە کۆنەکان،

لە ئەمریكای ناوەندیدا پێش سەردەمی كریستۆف كۆڵۆمب، لە پیرۆش زۆر هەبوو، ئێستاش چەند نمونەیەك لە ئەوروپا دەبینرێت. ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە لە ڕاستیدا بە ئەنجامی سیستمی باوكسالاری خێزان دەژمێردرێن، چونكە باوك خاوەنی كچ بوو و مافی هەموو جۆرە ڕەفتارێكی هەبوو بە كچەكەیەوە جگە لە هەندێ كۆتی زۆر كەم نەبێت، هیچ لەمپەرێك نەیتوانیوە پەشیمانی بكاتەوە لە هەر كارێك كە بیەوێت بیكات. هەندیشمردگانی ئۆرینۆكۆ دەڵێن كە زاوا دەبێت ئەو پارەیە بداتە باوكی كچ كە لە پەروەردەكردن و بەخێوكردنی كچەكە خەرجی كردوە. لە هەندێ لە وڵاتاندا، كچیان لە هەندێ گۆڕەپانی گشتی پیشان دەدا، تا ئەگەر یەكێك هەبێت لە پیاوەكان تا بیكرێت، خەڵكی سۆماڵ ئەو نەریتەیان هەیە كە كچ ئارایشت بكەن و بە سوار یان پیادە، لە نێوان بۆنی خۆشی گوڵاو و بخوور بیگێڕن تا پیاوەكانی داخواز بجوڵێنن و نرخی زیاتر بدەن، لەو ئامارەی كە لەبەردەستدا هەیە، هیچ ژنێك گلەیی نییە لەو جۆرە هاوسەرگیرییە، بەڵكو مەسەلەكە بەتەواوی پێچەوانەیە و ژنان بەو نرخەی كە لە بەرانبەریاندا وەردەگیریت شانازی دەكەن، شەرمە ئەگەر ژنێك بە بێ فرۆشتن زەماوەند لەگەڵ پیاوێك بكات، چونكە لە ڕوانگەی ئەوان ئەو هاوسەرگیرییەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی و عەشق بە ئەنجام گەیشتبێت مەسەلەی پارەدان لەگۆڕێدا نەبوە و وەكو كەسابەتێكی نارێك بووە، كە بەبێ دانی شتێك بەرژەوەندییەك گەڕاوەتەوە بۆ مێرد. لە لایەكی تر، نەریت وابوو كە باوكی بووك، لە بەرانبەر ئەو پارە یان دیاریەیە كە لە ژنی وەردەگرت، دیاریەكیشی پێ دەبەخشی، كە كەمكەمە بڕەكەی زۆرتر بوە تا گەیشتۆتە دیاری زاواكە، هی باوكانی دەوڵەمەندیش لەو دیاریەی زاوا زۆرتر بوە، پارەكەیان پتر داوە تا كچەكەیان باشتر بە شوو بدەن، بەم شێوەیە بوو كە مەسەلەی پیتەك(جیازی)

هاتەگۆڕێ، لە ڕاستیدا ئەمجارە باوکی کچەکەیە کە زاوا دەکڕێت، یان لانی کەم دوو کاری کڕین هاوکاتن لەگەڵ یەکتریدا.

تا ڕادەیەك ئەو شێوازانەی هاوسەرگیریدا، بۆنێکی عەشقی ڕۆمانتیك نییە، ڕاستە کە لە هەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەندا لەناو هۆزەکانی پاپوا لە گینەی نوێ و گەلەکانی تری سەرەتاییدا دەبینرێت، بەڵام ئەو جۆرە پەیوەندییانە هەرگیز ناتوانیت وەکو هاوسەرگیرییەکی ئاسایی بیانژمێریت. لەو سەردەمە سادانەی سەرەتاییدا، پیاوان لەم لایەنەوە هاوسەرگیرییان ئەنجام دەدا کە کرێکارێکی هەرزانیان دەست کەوتبێ و بە شێوەیەك سوود بە باوك بگەینن و خواردنی شەو و ڕۆژی خۆیان دابین بکەن، لاندەر دەڵێت: (لە هۆزی یاریبا خەڵکی خۆجێیی بەناچاری ژن دەهێنن، وەکو ئەوەی ئەو کارە لەگەڵ چنینی گوڵەگەنمێك یەکسانە، چونکە عەشق و خۆشەویستی لەنێوان ئەواندا بوونی نییە، چونکە پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری یاساغ نییە، هەربۆیە پیاو هەرگیز لەبەرانبەر خۆیدا مانا نابینێت، عەشقێك ناتوانێت بێتەکایەوە و کەمکەم تەشەنە بکات و ببێتە مەیلێکی زۆر بۆ بەدواداگەڕانی ژنێکی دیاریکراو. بەم هۆیەوە، واتە بەهۆی ئەوەی کە گەنج هەرکاتێك بیەوێت یەکسەر دەتوانێت شەهوەتی خۆی بەتاڵ بکاتەوە. ئیتر هۆیەك نامێنێتەوە کە گەنج دانیشێت لەسەر ویژدانی خۆی، بۆ ئەو هەستەی کە ورووژاوە و نەیتوانیوە بینیشێتەوە، لە ئەنجامدا دانیشێت و خۆشەویستێك بە ئارەزوی خۆی گەورە بکات و بە گەورەیی بیبینێت، جا لە ئەنجامدا عەشقی ڕۆمانسی دروست پەیدا ببێت. ئەم جۆرە عەشقە بەری شارستانیەتی پێشکەوتووە، کە تێیدا لە بەرانبەر خۆشحاڵکردنی شەهوەتی مرۆڤایەتی، لە ڕێگای دەستووراتی ئەخلاقی، لەمپەرە دانراوەکان لە لایەك

و لە لایەکی تر، لە ئەنجامی زۆریی سەروەت، هەندێك لە ژنان و پیاوان، خەریکی جوانکاریی و بیرکردنەوەی ناسکی رۆمانسی دەبن. گەلە سەرەتاییەکان هەژارتر لەوە بوون کە درك بە عەشق بکەن، هەر بۆیە لە گۆرانییەکانی ئەوان کەمتر باسوخواسی عەشق و دڵداری دەبینین. ئەو کاتەی کە بڵاوکەرەوەکانی ئاینی مەسیح کتێبی پیرۆزیان وەرگێڕایە سەر زمانی هۆزی ئالگانین نەیانتوانی واژەیەك بدۆزنەوە کە بیخەنە شوێنی عەشق، ئەو کەسانەی کە لەبارەی هۆزی هۆتنتوت لێکۆڵینەوەیان کردوە دەنووسن کە: (ژن و پیاو لەکاتی زەماوەندا لەگەڵ یەکتر ساردن و گوێ بە حاڵی یەکتری نادەن) هەورەها لە کەناری زێڕینی ئەفریقا ( لە نێوان ژن و مێرد هیچ شوێنەوارێکی خۆشەویستیی نابینرێت) لەلایەن خۆجێیەکانی ئوستralیاش بارودۆخەکە هەربەم شێوەیەیە. رنە کایە، لە باسی ڕەشپێستێکی سینیگالی دەڵێت: (لێم پرسی بۆ هەرگیز لەگەڵ ژنەکانی خۆت گاڵتە ناکەیت؟ لە وەڵامدا گووتی، ئەگەر وا بکەم لەدەستم دەردەچن) کاتێ لە یەکێك لە خۆجێیەکانی ئوستralیایان پرسیبوو کە بۆچی ژن دێنیت، ئەو ڕاستگۆیانە وەڵامی دابوەوە کە ژن دێنم تاوەکو نان و خواردن و خواردنەوە و دارم بۆ دابین بکات و لە کاتی کۆچکردندا بار بکێشێت، ئەو ماچانەی کە تاکی ئەمریکی هیچ کات لێی خۆشنابێت، خەڵکی سەرەتایی هەر ئاگایان لێی نییە، یان ڕقیان لە ماچ دەبێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی کەسێکی(کێوی) لە ڕوانگەی فەلسەفەیەکی تایبەتەوە سەیری هاوسەرگیری دەکات کە لە لایەن میتافیزیکی و دینی، تێڕوانینەکەی لەگەڵ تێڕوانینی ئاژەڵ جیاوازییەکی وای نییە، ئەم کارە شتێکە کە بیری لێ ناکاتەوە گرنگی ئەو لە چاویدا وەکو گرنگی خواردن خواردنە، ئەو لەم کارەدا

بەدوای خەیاڵپەرستی و ئایدیالیزمدا ناچێت، مەسەلەی سێکسی بە پیرۆز نازانێت و کەمتر مەراسیمی بووك گواستنەوەی تەشریفاتی ئەنجام دەدات، ئەگەر ڕاستیمان بوێت، ئەو مەسەلە بۆ ئەو مەسەلەیەکی بازرگانییە. ئەو هیچ پێی شەرم نییە کە لە بارەی هەڵبژاردنی هاوسەریدا تێبینی پراکتیکی زاڵ بکات بەسەر سۆزی خۆی، بەڵکو ئەگەر، بە پێچەوانەی ئەمە، خۆی ناچار ببینێت شەرمەزار دەبێت، ئەو ئەگەر هێندەی ئێمە مەغرور بێت و بتوانێت شەرمی ئامادەبووان فەرامۆش بکات، حەتمەن لە ئێمە دەپرسێت کە چۆن دەبێت پەیوەندی سێکسی، کە ماوەکەی هێندەی ماوەی هەورەبروسکەیەکە، ژن و پیاو تەمەنێك بە یەکتر ببەستێتەوە و نەتوانن واز لە یەکتری بێنن؟ هاوسەرگیری لە ڕوانگەی پیاوی سەرەتایی، بە ناونیشانی بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندی سێکسی جێگای سەرنج نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای هاوکاری ئابووری بنیاتنراوە، هەر بۆیە، پیاو پێش جوانی و سەرنجڕاکێشی ویستویەتی ژنەکەی سوودمەندتر و چالاکتر بێت، خودی ژنیش ئەو داوا سروشتیەی بە تەواوی ئارەزوەوە پەسەند کردوە( لەگەڵ ئەوەی کە جوانی و قەشەنگی و جێگای سەرنج بوو) پیاوی کێوی واقیعبین، ئەگەر بڕیار بوو جگە لەوە بێت، لەجیاتی ئەوەی سوودی بۆ بهێنێت ببێتە هۆی زیانی، هیچکات هاوسەرگیری نەدەکرد، هاوسەرگیری لای ئەوان هاوبەشبوونە لە سوودهێنان، هەرگیز وەکو خۆشگوزەرانیی نییە لە خەڵوەتدا، بەم شێوەیە، ژن و پیاو ڕێگایەك بەدەستدێنن کە بە هۆیەوە لەگەڵ یەکتر بژین و زیاتر سوود وەرگرن لەو کاتانەی کە هەریەك بە تەنیایە، هەرکاتێك لە سەردەمەکانی مێژوودا ڕۆڵی ئابووری ژن لە کاری هاوسەرگیری لەناوچووە، بینای هاوسەرگیری ڕوخاوە و هەندێجاریش لەگەڵ ئەم کارە شارستانیەت خۆشی تێکشکاوە.

## ٣. ئاكاری سێكسی

**پەیوەندی پێش هاوسەرگیری ـ لەشفرۆشی ـ پاكی ـ كچێنی ـ دوو جۆر بنەما ـ پێچە ـ ڕێژەیی ئاكار ـ ڕۆڵی بایۆلۆژی پێچە ـ زینا ـ جیابوونەوە ـ لەباربردن ـ منداڵكوژی ـ منداڵی**

گرنگیدان بە پەیوەندی سێكسی هەمیشە بە گرنگترین ئەركی ئەخلاق ژمێردراوە، چونكە غەریزەی زاوزێ، نەك تەنیا لەكاتی هاوسەرگیریدا، بەڵكو پێش و دوای ئەویش گرفتی جۆراوجۆری دروستدەكرد، لە ئەنجامی تووندوتیژی هەر ئەم غەریزەیە و ملكەچ نەبوونی ئەو بۆ یاسا و ئەو لادانانەی كە لە ڕێچكەی تایبەتی پەیدا دەبن، نارێكی و خراپی لە ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان دروست دەبوو. یەكەمین گرفت كە دێتەپێشەوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ژن و پیاوە لە پێش هاوسەرگیریدا، ئەوەی كە ئایا ئەو پەیوەندییە پابەند بێت بە چەند بەندێكەوە یان نا؟ ژیانی سێكسی، تەنانەت لەناو ئاژەڵانیشدا، ئازاد و بێسنوور نییە، ئەوەی كە ئاژەڵی مێیینە جگە لەچەند كاتێكی دیاریكراو نەبێت نێرەكە قەبوڵ ناكات، نیشانەی ئەوەیە كە ژیانی سێكسی لە جیهانی ئاژەڵاندا زۆر سنووردارترە لە مرۆڤ كە شەهوەتی فراوانی هەیە. وەكو ئەوەی بومارشە دەڵێت: (جیاوازی مرۆڤ و ئاژەڵ لەوەدایە كە بەبێ برسیبوون خواردن دەخوات، بەبێ تینوو بوون ئاو دەخواتەوە و لە تەواوی وەرزەكانی ساڵ خەریكی

سێکس دەبێت. لەهەمان کاتدا، لە ناو خەڵکی سەرەتاییدا، وەکو ئاژەڵەکان، لە کاتی بێنوێژی ژناندا لە ژنەکان نزیك نەدەبوونەوە، پێویستە بڵێین کە پەیوەندی سێکسی لەناو خەڵکی سەرەتاییدا تا ڕاددەیەکی زۆر ئازاد بوە و سەربە هیچ کۆت و بەندێك نەبووە. لەناو هەندێشمەردگانی ئەمریکای باکوور، کچان و کوڕانی لاو بە ئازادی لەگەڵ یەکتری تێکەڵ دەبن، ئەم کارەش بە هیچ شێوەیەك نابێتە لەمپەر لەبەردەم هاوسەرگیریاندا، هەروەها لە هۆزی پاپوا، لە گینەی نوێ، ژیانی سێکسی لە تەمەنی کەمەوە دەستپێدەکات، بنەمایەك کە تا پێش هاوسەرگیری کاری پێدەکرێت کۆمۆنیزمی سێکسییە. ئەو ئازادیە سێکسەی پێش هاوسەرگیری، لە هۆزی سویوت لە سیبریا، هۆزی ئیگۆرت لە فلیپین، لەنێوان خەڵکی بیرمانی باکووری، لەلایەن کافرەکان و بۆشمەنەکانی ئەفریقا، هۆزەکانی نێجیریا، ئۆگەندا، و گورجستان و دوورگەکانی ماری، ئانداماں، تاهیتی، پۆلینزی، و ئاسام یش بوونی هەیە.

نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە لە بارودۆخێکی ئاوادا شوێنەواری مەسەلەی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ببینرێت، لەشفرۆشی، ئەگەرچی یەکێکە لە(پیشە کۆنەکان)، لەچاو پیشەکانی تر تازە پەیدا بووە و مێژووی دیارکەوتنی ئەو دورتر نییە لە سەردەمی پەیدابوونی شارستانیەت و خاوەنداری تایبەت و لەناوچوونی ئازادی سێکسی پێش هاوسەرگیری. بەڵێ، هەندێجار، لێرەو لەوێ، کچانێك پەیدا دەبوون کە خۆیان دەفرۆشت تا ناوماڵێك فەراهەم بکەن، یان پارەیەك بۆ پێشکەشکردن بە پەرستگاکان بەدەستبهێنن، بەڵام ئەم کارە کاتێك جێبەجێ بوو کە بڕیارە ئەخلاقییەکان ئەم کارەیان وەکو فیداکارییەکی بەزۆر بۆ یارمەتیدانی دایك و باوك یان تێرکردنی خوداکان لەقەڵەم دەدا.

چەمکی پاکیزەییش لەو شتانەیە کە تازە پەیدابووە. ئەوەی کە کچ لە سەردەمە سەرەتاییەکان نیگەرانی ئەوەنەبوو کە پەردەی کچێنی لەدەست بدات، بەڵکە لەوە دەترسا بڵاو ببێتەوە کە ئەو کچە نەزۆکە، زۆرجار ژنەکان پێش شووکردن ئەگەر منداڵیان هەبووایە، ئەو کارە یارمەتی زیاتری دەدا بۆ شووکردنی، چونکە ئەوکاتە دەزانرا کە ئەو ژنە نەزۆك نییە و منداڵی دەبێت کە دەبنە هۆی سەروەت و سامان  بۆ باوکیان، تەنانەت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، پێش دەرکەوتنی خاوەنداری تایبەت، بەرقەوە دەیانڕوانیە کچی پەردەدار و ئەو هۆیەیان دەگەڕاندەوە بۆ سەرنجنەدانی پیاوان بۆ ئەو کچە، لە هۆزی کامچادال ئەگەر زاوا بیزانیبوایە بووکەکەی پەردەی کچێنی ماوە زۆر سەری دەسوڕما و( گلەییەکی زۆری لە دایکی بووکەکە دەکرد لەوەی کە کچەکەی بە پەردەوە هێشتۆتەوە) لە زۆربەی کاتدا، مانەوە بە کچێتی دەبوە هۆی قەیرەیی و شوونەکردن، بارێکی چەند قوورسی دەخستە سەر شانی مێرد، واتە بەپێچەوانەی ئەو مەحرومیەتەی کە لەناو هۆزدا هەیە، خوێنی یەکێك لە ئەندامانی هۆزەکەی خۆی بڕێژێت، هەربەم هۆیەو زۆرجار کچان، پێش چوونە ماڵی مێرد، خۆیان تەسلیمی کەسێکی بێگانەی دەروەی هۆز تەسلیم دەکرد و تا ئەو لەمپەرەی شووکردن لەبەردەمی هەڵگرێت. لە تبت، دایکان زۆر بە جیدی بەدوای کەسێکەوە دەگەڕێن تا مۆری کچێنی لەسەر کچەکەیان هەڵگرێت، لە مالابارا، خودی کچەکان لە ڕێبواران دەپاڕێنەوە کە کەسێك ئەو پیاوەتییەیان لەگەڵ بکات.( تا نەبێتە هۆی نەچوون بۆماڵەمێرد) لە هەندێ هۆزدا، بووك ناچارە پێش ئەوەی بچێتە لای زاوا، خۆی تەسلیمی یەکێك لە میوانەکان بکات کە لە زەماوەندەکە ئامادەن، لەهەندێکی تردا زاوا کەسێك بەکرێ دەگرێت بۆ ئەوەی پەردەی کچێنی بووکی بۆ هەڵگرێت، لە فلیپین کەسی تایبەت هەیە بۆ

ئەو کارە و پارەیەکی باشیش وەردەگرن و کارەکەی ئەوەیە کە بە نوێنەرایەتی زاوا لەگەڵ بووك بخەوێت و پەردەی کچێنی بووك هەڵبگرێت.

ئایا چی ڕوویداوە کە پەردەی کچێنی، تا سەردەمێك بە گوناه و نەنگی دەژمێردرا و لەم سەردەمەدا بۆتە یەکێك لە باشییەکان؟ بێگومان، ئەو کاتەی کە خاوەنداری تایبەت هاتە ناو ڕەوتی ژیانمان، ئەم گۆڕانکاریە مەسەلەی پەردەی کچێنیشی گرتەوە، کاتێ کە پیاو بووە خاوەنی ژن، ئەم خاوەنداریەتیە گەیشتە ماوەی پێش هاوسەرگیریش، هەربۆیە بەپێویست زانرا کە ژن پێش هاوسەرگیریش خۆی بپارێزێت بۆ هاوسەری داهاتووی کە دەبێتە خاوەنی ئەو، ئەو کاتەی کە کڕینی ژن بووە  شتێکی ئاسایی، نرخی کچ زیاتر بوو لە نرخی ژن، ئەوەش یارمەتی مانەوەی کچانی دا بۆ خۆپاراستن و بە کچی مانەوەیان، ئەوکاتە مانەوە بە کچێتی بووە نیشانەی وەفاداری ژن بۆ مێردەکەی، چونکە پیاوان پێویستیان بەو ئەمانەتە هەبوو بۆ ئەوەی ئەو ترسەیان بڕەوێتەوە لەوەی کە ماڵ و سەروەتەکەیان ببێتە هی منداڵی ناشەرعی خۆیان.

بەڵام پیاوان هیچ کات نەگەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەو جۆرە پابەندییە لەخۆیاندا بپارێزن، بە درێژایی مێژوو، تەنانەت یەك نمونەش نادۆزیەوە کە کۆمەڵگەیەك پیاوانی ناچار کردبێت کە تا هاوسەرگیری خۆی بپارێزێت، لەهیچکام لە زمانەکانی جیهاندا دەستەواژەیەك نییە کە مانای پیاوی(کوڕ) بدات بەمانای ئەوەی کاری سێکسی نەکردبێت، تریفەی پەردەی کچێنی بەردەوام لەسەر کچان بینراوە، لەزۆر لایەنەوە، بۆتە هۆی تێکشکان و کوشتنیان، لە تایەفەی تەوارق، سزای کچێك یان خوشکێك کە سنووری خۆپاراستنی بەزاندوە مردن بووە، ڕەشپێستەکانی نوبە و حەبەشە و سۆماڵ

ئەڵقەیەکیان لە ئەندامی زاوزێی کچ دەبەست و قوفلیان دەکرد بۆ ئەوەی کچ نەتوانێت نزیکی سێکسی ئەنجام بدات، ئەم جۆرە شتە تا ئێستاش لە بیرمانی و سراندیب هەیە. لە هەندێ شوێنان، لە ڕاستیدا کچەکانیان بەند دەکرد، تا لە هەڵخەڵەتان و هەڵخەڵەتاندنی پیاوان، پێش زەماوەند بپارێزرێن. لە بەریتانیای نوێدا دایك و باوکی دوڵەمەند، لەماوەی پێنج ساڵی قەیرانی گەنجیدا کچەکانیان لە کۆخێك بەند دەکەن و پیرەژنێکی داوێن پاك خزمەتیان دەکەن، کچان مافی ئەوەیان نییە لەو کۆخانە دەربچن تەنیا خزمانی نزیك دەتوانن بیانبینن. هەندێك لە هۆزەکانی دوورگەی بۆرنۆش کارێکی لەمجۆرەیان هەیە، لەنێوان ئەم کارە و ئەو عەبایەی کە موسڵمانان و هیندۆکەکان لەسەری ژنەکانیان دەکەن هەنگاوێك زیاتر نییە، ئەو ڕاستییە جارێکی تر سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی کە ماوەی نێوان (مەدەنیەت) و( دڕندایەتی) زۆر کەمە.

پێچەش، وەکو کچێنی ئەو کاتە پەیدا بوو کە باوك دەستەڵاتی پەیدا بوو لە خێزاندا، هێشتا هۆزی زۆر هەن کە لە رووتی هەموو گیانی خۆیان هیچ شەرم ناکەن، تەنانەت هەندێکیان شەرمیان بە جل لەبەرکردنە. کاتێ کە لیۆینگستن داوای لە مێوانە ئەفریقاییەکانی خۆی کرد جل لەبەر بکەن چونکە ژنەکەی بڕیارە بێت، هەموویان کەوتنە پێکەنین، ئەو کاتەی کە شاژنی هۆزی بالوندا پێشوازی لە لیۆینگستن کرد، لە تۆقی سەرەوە تا نووکی پێ ڕووت بوو. لە لایەکی تر، لە نێوان ژمارەیەکی کەمی هۆزەکاندا، وا باوە کە کاری سێکسی لەبەرچاوی یەکتر ئەنجام بدەن بێ ئەوەی شەرم لە یەکتری بکەن، یەکەمین جار کە ژن هەستی بە ڕووپۆشی کرد ئەو کاتە بوو کە تێگەیشت لە کاتی بێنوێژیدا نابێ پیاو بچێتە لای، هەروەها ئەو کاتەش کە کچێنی بوە برەوی ژن فرۆشتن بۆ

هاوسەرگیری، لە ئەنجامدا دوور بوونی ژن لە پیاو و مانەوەی بە کچێتی، ئەو هەستەی لە کچدا دروست کرد کە بۆ ئەوەی هەر بە کچی بمێنێتەو پێویستە پاکیزەیی خۆی بپارێزێت، ئەو خاڵەش دەبێ زیاد بکەین کە لە سیستمی کڕینی ژن بۆ هاوسەرایەتی، ژن لە لایەن ئەخلاقییەو بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە خۆی لە هەموو پەیوەندیەکی سێکسی بپارێزێت کە سوودی بۆ مێردەکەی نەبێت، هەر لێرەوەیە کە هەستی خۆپاراستن و ئابڕو لەودا دروست دەبێت، ئەگەر جلوبەرگ تا ئەم سەردەمە بە مەبەستی جوانکردن و پاراستنی لەش دروست نەکرابێت، لەسەر ئەو هەستە دەچێتەناو گۆڕەپانی ژیانەوە. لە لایەن زۆرێك لە هۆزەکانەوە، ژنان کاتێك جل لەبەردەکەن کە شویان کردبێت، ئەمەش لە ڕاستیدا نیشانەی خاوەنداریەتی پیاوە و لەمپەرێکە بۆ دوور خستنەوەی پیاوی تر لێیان، پیاوی سەرەتایی بە بڕوای دانەری کتێبی دوورگەی پەنگوێنەکان، لەگەڵ ئەوەدا نییە کە دەڵێت: جلوبەرگ دەبێتە هۆی زۆربوونی دەرچوون لە فەرمانی خودا و خراپی. بەهەرحاڵ دەبێ بزانرێت کە پاکیزەیی هیچ پەیوەندیەکی بە جلوبەرگ پۆشینەوە نییە، گەشتیارە ئەفریقاییەکان دەڵێن کە لەوێ ئەخلاق لەگەڵ بڕی جلوبەرگ بە پێچەوانەوەیە. شتێکی ڕوونە ئەوەی کە خەڵك شەرمی لە ئەنجامدانی هەیە پەیوەندی بە مەحرەمە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو نەریتانەوە هەیە کە لەناو ئەو هۆزەدا برەوی هەیە. تا ڕابردووی زۆر نزیك، ژنی چینی لە نیشاندانی قاچی و ژنی عەرەب لە نیشاندانی ڕوو و ژنانی هۆزی تەوارق لە ئاشکرا بوونی دەم، شەرمیان دەکرد، لە کاتێکدا کە ژنی میسری کۆن و ژنانی هیندستانی سەدەی نۆزدەم و ژنانی دوورگەی بالی لە سەدەی بیستەم، تا پێش هاتنی گەشتیارانی شەهوەتپەرست، هیچ شەرمیان لە وەدەرخستنی مەمکیان نەدەکرد.

لەوەی کە ئەخلاق لە کات و شوێنی جیاوازدا دەگۆڕێت، نابێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەخلاق سوودێکی نییە، ئەگەر بمانەوێت بە خێرایی نەریتە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی خۆمان بە هەڵە بزانین و فڕێی بدەین، دەبێ یەکەم جار بەڵگەیەکی بەهێز دروست بکەین لەسەر ئەوەی کە وەکو پێویست زانیاریمان هەبێت لەبارەی مێژوو و ڕاستیەکانی مێژووەوە، ئەوەش بزانین کە زانیاری کەم و کورت لەبارەی خەڵکناسییەوە مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە. بەڵێ، لە بنەڕەتەوە ئەو خاڵە ڕاستە کە بە قسەی گاڵتەئامێزی ئاناتۆل فرانس(ئەخلاق کۆمەڵە هەواوهەوەسێکی کۆمەڵگەیە) وەکو ئەوەی کە ئاناخارسیسی یۆنانی گوتویەتی: ئەگەر تەواوی ئەو دابونەریتانەی کە کۆمەڵێك بە پیرۆزی دەزانن کۆی بکەینەوە و لە نێوانیاندا ئەو شتانە دەربێنین کە کۆمەڵێکی تر بە نائەخلاقی دەزانن، شتێك نامێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ دیار نییە کە ئەخلاق، بێسوود و بێهوودە بووبێت، بەڵکو لەو نێوەدا وەدیار دەکەوێت کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بە زۆر ڕێگە دەپارێزرێت، ئەخلاقیش یەکێکیانە. ئەگەر شانۆی ژیان وەکو گۆڕەپانی یاری سەیر بکەین، هەروەك چۆن بەرانبەرەکەت لە یاریدا ناچارن بنەماکانی یاری بزانن تا یاریەکە درێژەی هەبێت تاکی خەڵکیش هەر دەبێ بزانێت کە لە بارودۆخی بەردەوامی ژیان چۆن لەگەڵ هاوکارانی خۆی ڕەفتار دەکات، هەر لەو لایەنەوە دەبێ بگوترێت کە یەکگرتوویی وشەیی تاکەکانی کۆمەڵگەیەك، لە پەسەندکردنی بڕیاری ئەخلاقی تایبەت بۆ تێکەڵبوون مامەڵە لەگەڵ یەکتر، لە لایەن گرنگییەوە، کەمتر نییە لە پێکهاتە و ناوەڕۆکی ئەو بڕیارانە. کاتێ کە لە سەرەتای لاویدا، لای خۆمان هەست بە ڕێژەیی بوونی نەریت و ئەخلاق دەکەین، بێ ترس بەرەو لایان ڕادەکەین و سەریان بۆ شۆڕ دەکەین، لە ڕاستیدا پێنەگەیشتوویی خۆمانمان نیشان داوە، چونکە دە ساڵی تر لە تەمەنمان

ڕادەبووریت، باش تێدەگەین کە لە یاسا ئاکارییەکانی پەسەندکراوی کۆمەڵگە کە ئەنجامی تاقیکردنەوەی نەوەکانی بەدوای یەکدا هاتوە، هێندە حیکمەت و زۆرزانی نادیارە کە مامۆستایەکی زانکۆ ناتوانێت لە پۆلدا بە خوێندکارانی بڵێتەوە. درەنگ یا زوو هەست دەکەین ـ لەو هەستکردنەی خۆشمان سەرمان دەسوڕمێت ـ تەنانەت ئەوەی کە دەتوانین تێبگەین مافە. سیستمەکان و پەیمان و نەریتەکان و ئەو یاسایانەی کە ئاوێتەی یەکتری بوون و بنەمای کۆمەڵگەیان پێکهێناوە، دروستکراوی سەدان نەوە و ملیاران بیر و ئەندێشەیە، هەرگیز یەك کەس نابێت چاوەڕوانی ئەوەی هەبێت کە لە ژیانی کورتی خۆیدا، ڕاستیەکان تێبگات، نەخوازەڵڵا بەوەی کە کەسێك ئەو چاوەڕوانیەی هەبێت بۆ بیستساڵی سەرەتای ژیانی خۆی. هەربۆیە، مافی ئەوەمان هەیە لە کۆتایی ئەو گوتارەدا وا بگەینە ئەنجام کە: ئەخلاق لەگەڵ ئەوەی ڕێژەییە، زەرورەتی هەیە و هەرگیز لێی بێنیاز نابین.

خوو و نەریتە بنەڕەتییە کۆنەکانی کۆمەڵگە نوێنەری هەڵبژاردەی سروشتییە کە مرۆڤ لە ماوەی چەندین سەدەی یەك لەدوای یەکدا، دوای ڕابوردن لە هەڵە زۆرەکانی کە کردویەتی، هەربۆیە دەبێ بگوترێت خۆداپۆشین و ڕێزی کچێنی، لەگەڵ ئەوەی کە لە مەسەلە ڕێژەییەکانن، پەیوەندی بە بارودۆخی هاوسەرگیرییەوە هەیە لە ڕێگەی کڕینی ژنەوە و دەبێتە هۆی نەخۆشی دەروونی، کەمێك سوودی کۆمەڵایەتیان هەیە، بۆ هاوکاری لە مانەوەی ڕەگەز بە یەکێك لە هۆکارەکان دەژمێردرێت. پێچە بۆ کچ وەکو هۆکارێکی بەرگرییە کە مۆڵەتی پێدەدات لە نێوان داخوازیکەرەکانی خۆی باشترینیان و شایستەترینیان هەڵبژێرێت، یان داخوازیکەر ناچار دەکات کە پێش بەدەستهێنانی ئەو خۆی پاك بکاتەوە لە لایەن

ئاکارییەوە، ئەو لەمپەرانەی کە پێچە و خۆداپۆشینی ژنان لەبەرانبەری شەهوەتی پیاوان دروستیان کردوە، خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە کە سۆزی عەشقی شاعیرانەی وەدیار خستوە و بەهای ژنی بەرز کردۆتەوە. پەیڕەوی لەو سیستمەی کە گرنگی بە کچێنی مانەوە دەدات، ئەو ئاسانییەو بێ گرفتیەیە کە لە جێبەجێکردنی ئارەزووە سێکسیەکانی پێش هاوسەرگیری هەیبوە، هەروەها دایك بوونی پێش هاوسەرگیری لەناوبردوە و ئەو درزەی کە لە نێوان کامڵبوونی ئابووری و کامڵبوونی سێکسی هەیە ـ لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت بە شێوەیەکی خێرا بەرفراوان دەبێت ـ کەمکردۆتەوە.هەر ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە لەبارەی پەردەی کچێنییەوە، بێگومان دەبێتەهۆی ئەوەی کە تاك لە لایەن لەشی و عەقڵی بەهێزتر بێت، سەردەمی لاوی پەروەردەی فێربوون درێژتر دەبێت و لە ئەنجامدا ئاستی پەروەردەیی و کلتوری بەرز تر دەبێتەوە.

بە پێشکەوتنی خاوەنداریەتی تایبەت، زینا، کە جاران بە گوناهی بچووك دەژمێردرا، بووە یەکێك لە گوناهە گەورەکان، نیوەی گەلە سەرەتاییەکانی کە دەیانناسین هێندە گرنگی بە زینا نادەن. ئەو کاتەی کە پیاو گەیشتە خاوەنداریەتی تایبەت نەك تەنیا وەفاداریی تەواوی لە ژن دەویست، بەڵکە بە زوویی تێگەیشت کە ژنیش موڵکی خۆیەتی، تەنانەت کاتێ کە هانی ژنەکەی خۆی دەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ میوانەکەیدا بخەوێت، ئەو کارەی لەو ڕووەوە دەکرد کە ژن لە لایەن ڕۆح و لەشەوە بە موڵکی خۆی دەزانی، زیندەسوتان قۆناغی کۆتایی ئەم شێوەبیرکردنەوەیە بوو، ژنیان ناچار دەکرد کە لەگەڵ هەموو شتەکانی پیاو، لەگەڵ مردنەکەی بچێتەناو گۆڕەکەی و لەگەڵ ئەودا بنێژرێت. لە سیستمی باوکسالاریدا سزای زینا لەگەڵ سزای دزی یەکسان بوو ـ وەك ئەوەی کە زینا

جۆرێك لە سنووربەزاندنی موڵكی تایبەت دەژمێردرا ـ ئەو سزایەش لە هۆزە سەرەتاییەکاندا شایانی باسکردن نەبوو، تا هەڵدڕینی ژنی زیناکەر، لە نێوان هەندێ لە هەندیشمەردگانی کالیفۆرنیا، پلەی جۆراوجۆری پەیدا دەکرد. لە ئەنجامی ئەوەی کە لە چەند سەدەی بەدوای یەکدا، ژنان لە ئەنجامی زیناکردندا سزای سەختیان کێشاوە، ئەوەیە کە هەستی وەفاداری ژن بۆ مێردەکەی بارێکی سەقامگیری وەرگرتوە و بۆتە بەشێك لە ویژدانە ئەخلاقیەکەی ئەو. ئەو کەسانەی کە چووبوونە شەڕ لەگەڵ هۆزەکانی هەندێشمەردگانی ئەمریکا، سەریان سوڕمابوو لە توندی وەفاداری ژن بۆ مێردەکەی، زۆرێك لە گەشتیاران ئارەزووی ئەوەیان کردوە ڕۆژێك بێت کە ژنانی ئەوروپا و ئەمریکا لە لایەن خۆپاراستن و وەفادارییەوە بگەنە ئاستی ژنانی هۆزەکانی پاپوا و زۆلۆ.

لە نێوان خەڵکی پاپوا وەفاداری بۆ ژن کارێکی ئاسانە، چونکە لە لای ئەوان، وەکو زۆربەی گەلە سەرەتاییەکان، بۆ تەڵاقدان شێوازی جیاواز نییە. لە نێوان هەندێشمەردگانی ئەمریکا زۆر بەکەمی وا ڕێکدەکەوێت کە هاوسەریی لە نێوان دوو کەسدا پتر لە چەندساڵێك درێژە بکێشێت، وەك ئەوەی کە سکولکرافت دەنووسێت: "زۆربەی پیاوان تا بگەنە تەمەنی پیری چەندین ژن دێنن، تەنانەت منداڵەکانی خۆشیان ناناسن" ئەوان "گاڵتە بە ئەوروپییەکان دەکەن کە لە تەواوی تەمەنیاندا قەناعەت بە یەك ژن دەکەن، لە ڕوانینی ئەواندا ڕۆحی مەزن پیاو و ژنی دروست کردوە تا بەختەوەر بن، هەربۆیە هەرگیز شایستە نییە کاتێ کە ژن و مێردێك کە لەگەڵ یەکتری نەسازێن، تەواوی تەمەنیان لەگەڵ یەکتر بمێننەوە" پیاوانی هۆزی چروکی، هەر ساڵ سێ یان چوار جار لێفەکانیان نوێ دەکەنەوە، خەڵکی دوورگەی ساموا کە تۆزێك لیبرالترن سێ ساڵ جارێك

ژنەکانیان دەگۆڕن. ئەوکاتەی کە کشتوکاڵ برەوی پەیدا کرد و سەقامگیری ژیان پتر بوو، خولی هاوسەرگیریش درێژتر بووەوە. لە سیستمی باوکسالاریدا، تەڵاقدانی ژن لەگەڵ بنەماکانی ئابووری یەکتری نەدەگرتەوە، چونکە لەوکاتەدا، کەنیزێکی لە دەست دەدا کە بۆ ئاغای خۆی سوودی هەبوو، ئەوکاتەی کە خێزان بووە یەکەیەکی بەهرەداری کۆمەڵگە و تاکەکانی بە هاوکاری یەکتر زەویان وەبەرهێنا، ئاساییە کە هەرچەند ژمارەی تاکەکانی خێزان پتر بوو سەروەتەکەشی فراوانتر دەبوو، هەربۆیە کەمکەم هەستیان بەوەکرد کە پێویستە پەیوەندی ژن و پیاو هێندە درێژەی هەبێت تا بچوکترین منداڵ گەورە دەبێت، بەڵام کە ژن و مێرد دەگەیشتنە ئەو تەمەنە، تاقەتی ئەوەیان نەبوو کە بیر لە عەشقی تازە بکەنەوە لە ئەنجامدا تەمەنێك لە کارکردن و زەحمەتکێشان لەگەڵ یەکتر، ژیانی ئەو دووە پەیوەست و پتەو دەبوو، ئەوکاتە کە مرۆڤ ڕاهات بە ژیانی پیشەسازی شارنشینی و لە ئەنجامدا، گرنگی هەندێ لە ئەندامانی خێزان کەمتر بوەوە، دووبارە تەڵاق زۆر بوەوە و گەیشتە رادەیەك کە ئێستا هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی، لە ماوەی خولەکانی مێژوودا، هەمیشە پیاوان ویستویانە منداڵیان زۆرتر هەبێت و هەربۆیە، دایکایەتی بە یەکێك لە مەسەلە پیرۆزەکان ژمێردراوە، لە حاڵەتێکدا کە ژنان، باری قورسی سکپڕی و زاوزێ دەچێژن، لە ناخی دڵەوە لەگەڵ ئەو ئەرکە قورسەدا نەبوون و ڕێگای جۆراوجۆریشیان گرتەبەر تا هەرچی زیاتر زەحمەتەکانی دایکایەتی کەم بکەنەوە. خەڵکی سەرەتایی بە گشتی لەو بیرەدا نەبوون کە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمێك لەڕادەبەدەر زیاد نەبێت، ئەوکاتەی کە هەلومەرجەکانی ژیان لە حاڵەتی ئاساییدا بوو، منداڵی زیاتر دەبوەهۆی گەیشتن بە سوودی زیاتر، ئەگەر پیاو

بەداخی ئەوەوە بوو کە ژنەکەی لە جیاتی کوڕ، کچی ببێت. لە بەرانبەردا ژن هەوڵی دەدا کە کۆرپەکەی لەبار ببات، یان پێشگری بکات لە پەیدابوونی منداڵ، ئایا دەتوانرێت باوەڕ بکرێت کە ئەو کارەی دوایی، لە ژنە سەرەتاییەکانیشدا، وەکو ژنانی ئەم سەردەمە، جارجار ڕویداوە؟ جێگای تەواوی سەرسوڕمانە، ئەو هۆیانەی کە ژنی سەرەتایی و (کێوی) ناچاردەکرد پێشگری لە سکپڕی و منداڵبوون بکات، هەر ئەو هۆیانەیە کە ژنی شارستانی و هاوچەرخی ئەمڕۆ ناچار دەکات. ئەو هۆکار و بزوێنەرانە بریتین لە: خۆدزینەوە لە پەروەردەکردنی منداڵ، پاراستنی هێز و توانای لاوی، خۆدزینەوە و هەڵاتن لە نەنگی کە بە هۆی منداڵی ناشەرعییەوە تووشی دەبێت، هەڵاتن لە مردن، و شتی لەو بابەتە. سادەترین هۆکار کە ژن بۆ پێشگرتن لە بەدایکبوون بەکاری دەهێنا، ئەوەبوو کە لە ماوەی شیردان بە کۆرپەکەی ڕێگەی نەدەدا پیاوەکە بچێتەلای، زۆرجار ئەوەش چەندین ساڵ درێژەی دەکێشا، هەندێجار وا ڕوی دەدا ـ هەروەك چۆن لە نێوان هەندێ لە هەندێشمەردگانی چین باوە ـ کە ژن، تا پێش ئەوەی منداڵەکەی بگاتە دەساڵی، خۆی دەپاراست لەوەی منداڵی تری ببێت، لە دوورگەی بەریتانیای نوێدا، ژنان نەیاندەهێشت لە دە تا چوار ساڵ دوای زەماوەند ببنە خاوەنی منداڵ، لە هۆزی گوایکۆروس لە بەرازیل، بە شێوەیەکی سەیر، ژمارەی خەڵکەکە بەرەو کەمبوونەوەیە، ئەمە لەو لایەنەوەیە کە ژنان تا پێش تەمەنی سی ساڵی ئامادە نین ببنە دایك، لەناو خەڵکی پاپوا، لەباربردنی منداڵ زۆر باوە، ژنەکانیشیان دەڵێن: (منداڵ پەروەردەکردن بارێکی گرانە، ئێمە تێر بووین لە منداڵ، لەگەڵ ئەوەشدا هێزمان لەناودەبات). ژنانی هۆزەکانی مائوری یان جۆرە گیایەك بەکاردەهێنن، یان گۆڕانکارییەك لە ڕەحمی خۆیان دروست دەکەن تا لەکۆڵ منداڵبوون و زان ببنەوە.

ئەگەر هەوڵدانی ژن بۆ لەباربردنی منداڵ ئەنجامی نەبێت، کوشتنی کۆرپەی لەدایکبوو بە هۆکارێکی باش دەژمێردرێت بۆ ئاسودەیی دایکی. لە زۆرێك لە هۆزەکان فتری کوشتنی کۆرپەی لەدایکبوو ئاساییە لە کاتێکدا کەمئەندام یان نەخۆش یان ناشەرعی بێت، یان لە کاتی لەدایکبووندا دایکی بمرێت. وەك ئەوە وایە کە مرۆڤ هەر بەڵگەیەك بە ڕەوا بزانێت بە هۆی ئەوەی بۆ کەسەکان ژمارەیان گونجاو بێت، هەندێ لە هۆزەکان ئەو منداڵانە دەکوژن کە بەڕای ئەوان لە بارودۆخی نالەبار لەدایك دەبن، لە هۆزی بوندئی ئەو منداڵەی کە بە سەر لەدایك ببێت دەیخنکێنن، خەڵکی هۆزی کامچادال ئەو منداڵەی لە کاتی لافاو و زریان لەدایك بێت دەیکوژن. هۆزەکانی دوورگەی ماداگاسکار ئەو منداڵانەی کە لە مانگەکانی ئادار یان نیسان یان ڕۆژەکانی چوارشەممە و هەینی یان لە هەفتەی کۆتایی هەر مانگێك لەدایك بێت، یان دەیخەنە دەرەوەی ماڵ تا دەمرێت یان بە زیندویی دەیسوتێنن، یان لە ئاودا دەیخنکێنن. لە هەندێك هۆزی تر، ئەگەر ژنێك جمکی ببێت، ئەوە بە سەلمێندراوی زینا دەزانن و لە ئەنجامدا منداڵێك یان هەردوکیان دەکوژن، چونکە بە بڕوای ئەوان ماقوڵ نییە لە یەك کاتدا پیاوێك باوکی دوو منداڵ بێت. کوشتنی کۆرپەی تازە لەدایکبوو، لەو لایەنەوە لە هۆزەکانی سەرەتایی باو بوو کە لە گەشتە درێژخایەنەکانیاندا دەبوونە هۆی سەختی بۆیان: لە هۆزی بانگرانگ، لە ئوستراڵیا، نیوەی منداڵەکانیان لە کاتی لەدایکبوون دەکوشت، لە هۆزی لنگوا، لە پارگوا، مۆڵەتیان بە هیچ خێزانێك نەدەدا کە لە ماوەی حەوت ساڵ پتر لە منداڵێکیان هەبێت، ئەوەی لەوەش زیاتر لەدایکبوایە لەناویان دەبردن، خەڵکی هۆزی ئابیپۆن هەمان کاریان دەکرد کە ئێستا فەرەنسیەکان دەیکەن، واتە هەر خێزانێك پتر لە کوڕ و کچێکیان نەدەهێشتەوە، ئەوەی دوای ئەوەش لەدایکبوایە یەکسەر دەیانکوشت، لە هەندێ

لە هۆزەکان چونکە مەترسی قاتوقڕی هەبوو یان هەڕەشەیان لەسەر بوو، کۆرپەی نوێیان لەناودەبرد، هەندێ کاتیش دەیانخواردن، بە گشتی و پتر کچەکانیان دەکوشت، هەندێ جاریش ئەوەندەیان ئازار دەدا تا بمرێت، بەو خەیاڵەی کە رۆحی ئەو کە جارێکی تر لەدایك ببێتەوە دەچێتە لەشی کوڕێك. کاری منداڵ کوشتن هیچ شەرمەزارییەك نەبووە و هیچ پەشیمانیشی بەدواوە نەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئەوەی کە دیارە، دایکان، لەو ساتانەی کە یەکسەر دوای زانە، هیچ جۆرە خۆشەویستییەکی غەریزی بۆ کۆرپەکەیان نییە.

ئەگەر چەند رۆژێك بەسەر لەدایکبوونی کۆرپەیەك بەسەرچووبوایە و نەیانکوشتبوایە، سادەیی و نەتوانین ئەو سۆزی دەخستە دڵی دایك و باوك و ئیتر لە مەترسی کوشتن ڕزگاری دەبوو. زۆربەی کات، منداڵ لەناو خەڵکی سەرەتاییدا هێندە سۆز و خۆشەویستی لە باوك و دایکی خۆی دەبینی کە لە جیهانی شارستانی و هاوچەرخ نابینرێت، بەلەبەرچاوگرتنی کەمی شیر و نەبوونی خواردنی سووك و خواردنی تر، خولی شیرخواردن بە شیری دایك لە دووساڵیی تا چوار ساڵیی بەردەوام دەبوو، تەنانەت هەندێجار ئەو خولە دەگەیشتە دوانزە ساڵیش، یەکێك لە گەشتیاران باسی منداڵێك دەکات، کە پێش ئەوەی لە شیر بکرێتەوە فێری جگەرە کێشان بووە، زۆربەی جار منداڵێك، کە لەگەڵ منداڵانی تر خەریکی یاری بووە وازی لە یاری هێناوە تا بچێتەوە لای دایکی شیر بخوات، ژنی ڕەشپێستەکان منداڵەکانیان لە پشتی خۆیان دەبەست و تا هەر کاتێك منداڵەکەیان برسی بوو شیری بدەنێ، هەندێ جار وا رێککەوتوە کە مەمکی لەسەر شانیەوە خستۆتە دەمی منداڵەکەی، لەگەڵ ئەوەی کە باوکان هیچ گرنگیەکیان بە منداڵەکانیان نەدەدا، پەروەردەکانیان ئەنجامی

خراپی نەدەبوو، هەربۆیە بەم شێوەیە منداڵ ناچار دەبوو کە لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنیدا، ئەنجامی گەوجی وشەیتانیی خۆی بچێژێت، هەر لەم لایەنەوە هەرچەندە ئەزمونەکەی زۆرتر بوایە، زانیاریەکانی لە ژیان پتر دەبوو. لە کۆمەڵگە فیترییەکاندا دۆستایەتی دایك و باوك بۆ منداڵەکانیان و هەورەها دۆستی منداڵ بۆ دایك و باوك زۆر گەرم و خۆشەویستانەیە. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، منداڵان ڕووبەڕوی نەخۆشیی جۆراوجۆر دەبوونەوە و هەر لەم لایەنەوە، ڕێژەی مردن لە نێوان منداڵاندا بەرزە، قۆناغی لاوی لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا زۆر کورت بوە و هاوسەرگیری زۆر زوو بە ئەنجام گەیشتوە، لە هەمان کاتیشدا ناخۆشی زۆری ژن و مێردیی پەیدا دەبوو و هەر تاکێك ناچار بووە، هەرچی زوتر خۆی ئامادە بکات بۆ یارمەتی کۆمەڵگە و بەرگری کردن لە کۆمەڵگە. بەخێوکردنی منداڵ ژنانی زۆر زۆر ماندوو دەکرد، پیاوانیشی ماندوو دەکرد بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، ئەوکاەی کە ژن و پیاو لە پەروەردەکردنی دوایین منداڵی خۆیان ئاسودە دەبوون، هەموو توانای خۆیان لەدەستدابوو، لەم لایەنەوە نە لە سەرەتای گەنجی و نە لە کۆتاییەکەشی، هیچ کات هەلێك نەدەڕەخسا بۆ ئەوەی کەسێك کەسایەتی خۆی ئاشکرا بکات. خۆخواستنی تاك، وەکو ئازادی، جوانکاری و زینەتێکە تایبەت بە سەردەمی شارستانیەت دەژمێردرێت، لە بەرەبەیانی مێژوو بو کە ژمارەیەك، پیاو و ژن، خۆیان لە ترسی برسێتی و لەدایکبوون و کوشتار ڕزگار کرد و توانیان بەها بەرزەکانی بەتاڵی و بێکاری، واتە کلتوور و هونەر بۆ جیهانی شارستانی دابهێنن.

## ٤. نەریتی ئاینی

## سیحر و جادوو ـ نەریتە تایبەتەکانی کشتوکاڵ ـ جەژنەکانی ئازادی سێکسی

کاتێ کە مرۆڤە سەرەتاییەکان جیهانێکیان لە تارمایی بۆ خۆیان دروستکرد، بێ ئەوەی ماهیەتی ڕاستەقینە و ئارەزووەکانی ئەوان بزانن، خەریکی ئەوە بوون کە ئەوان خۆشحاڵ بکەن و وایان لێبکەن کە یارمەتیان بدەن، بەم شێوەیە کە بۆ گیانداربوونی شتەکان، کە ڕیشەی ئایینی سەرەتاییە، بۆتە هۆکارێکی تری سیحر و جادو، ئەو سیحرەش وەکو ڕۆحی نیشانەی دینی دەژمێردرێت. خەڵکی پۆلینزی پێیانوایە کە لە جیهان ئۆقیانووسێك هەیە پڕ لە هێزی سیحرئامێز بە ناوی مانا، و سیحرباز کەسێکە کە دەستی لەو ئۆقیانووسەدا هەیە و لەوێدا دەتوانێت گرفتەکان چارەسەر بکات. شێوازەکانی کە لە سەرەتاوە بۆ سەرنجڕاکێشانی ڕۆحەکان و دوای ئەویش، خواکان بەکارهێنراوە (شێوازی لاسایی کردنەوە) بووە، بەو مانای ئەوەی کە هەرکارێك مرۆڤەکان ویستوویانە خواکان ئەنجامی بدەن، ئەو جۆرە کارانەیان دەکرد، وەك بڵێی دەیانویست خواکانیان لاسایی ئەوان بکەنەوە، بۆ نمونە ئەگەر ویستبایان باران ببارێت، سیحرباز ئاوی بەسەر زەویدا دەپرژاند، بۆ ئەوەی باشتر لاساییکرابێتەوە ئاوەکەی لەسەر درەختێکەوە دەپرژاندە سەر زەوی، لە هۆزی کافرەکان وا دەگێڕنەوە کاتێ کە وشکەساڵی هەڕەشەی لەو هۆزە دەکرد، خەڵك داوایان لە کەشیشەکانی خۆیان دەکرد تا چەترەکەی هەڵبدات و بچێتە ناو مەزراکان، لە سۆمەترا ژنی نەزۆرك پەیکەری منداڵێك دروست دەکات و دەیخاتە باوەش، بەو

ئومێدی ئەوەی کە هەرچی زووترە منداڵێك بکەوێتە سکی. لە کۆمەڵگەکانی ئەلجەزائیر بابار، لە مالیزیا، ئەو ژنەی کە ئارەزووی ئەوەیە ببێتە دایك، بوکەڵەیەك لە قوماشی سوور دروست دەکات و مەمکی خۆی دەخاتە دەمی بوکەڵەکە، وێردی سیحری تایبەت دەخوێنێت، دوای ئەوە کەسانێك دەنێردرێتە لای خەڵکی دێ کە لە هەموو شوێنێك جاڕ بدەن کە ئەو سکی پڕ بووە، دۆستەکانی بێنە لای بۆ پیرۆزبایی، بەڕاستی دەبێ بگوترێت تەنیا واقیعیەتی چەرخی نالەبارە کە داواکاری ئەو ژنە بێگوناهە ڕەت دەکاتەوە، لە هۆزی داياك، لە بۆرنئۆ ئەوکاتەی کە سیحرباز دەیەوێت ئازاری منداڵبوون بۆ دایك کەم بکاتەوە، خۆی لەبەرانبەر ئەودا جوڵانەوەکانی منداڵبوون ئەنجام دەدات، بەو خەیاڵەی کە بە هێزی سیحری خۆی ئەو والێبکات کە لاسایی بکاتەوە و منداڵ پێ بنێتە ئەم جیهانە، هەندێ جار سیحرباز بەردێك لە سکی خۆی دەبەستێتەوە و هاوکات لەگەڵ کاری خۆیدا، بەردەکە لە جیاتی منداڵ دەخاتە خوارەوە، تا کۆرپەلەکەی ناو سکیش تێبگات و بێتەخوارەوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ سیحرلێکردنی کەسێ، وێنەی ئەو کەسەیان لە مۆم دروست دەکرد و دەرزییان تێڕادەکرد، هەندێشمەردگان جلوبەرگی بوکەڵەیەکیان دەسووتاند بە ناونیشانی ئەو کەسەی کە ڕقیان لێیەتی و نەفرەتی لێدەکەن، بەم کارە گیان دەکەن بەبەری ئەو کەسەی کە دەیسوتێنن، زۆرێك لە خەڵکی ئێستاش، لە خورافات پەرستی خۆیاندا جیاوازییەکی وایان نییە لەگەڵ خەڵکی سەرەتاییدا.

شێوازی بەگوێداخوێندن لە ڕێگای سەرمەشق دان، بە تایبەتی لەبارەی بەپیتکردنی زەوی، زۆر بەکارهێنراوە. زانایانی زۆلۆ، کە پیاوێك بە گەنجی دەمرد، ئەندامی زاوزێی ئەویان دەبڕی و دوای سورکردنەوە وشکیان دەکردەوە،

دواتر دەیانکوتا تا زۆر زۆر ورد دەبوو، پاشان دەیانپرژاندە سەر مەزراکانیان. لەلایەن هەندێ لە گەلان نەریتەکە وایە کە لە نێوان خۆیان، بۆ وەرزی بەهار، شازادە و شاژنێك هەڵدەبژێرن و لە کۆبوونەوەیکی ئاشکرا دەیانکەن بە هاوسەری یەکتر، بەو ئومێدەی کە مەزراکان پەندی لێ وەگرن و شکۆفە بکەن و سکپڕ بن، تەنانەت لە هەندێ شوێندا، بووك و زاوا ناچار دەکەن کە کارە سێکسییەکەیان بە ئاشکرا و لەبەردەم خەڵك ئەنجام بدەن تا سروشت هیچ بیانوویەکی نەبێت و ئەو مەبەستەی کە ئەوان هەیانە بە چاکی تێبگات. لە جاوە، جووتیاران بە تایبەتی لە مەزراکانی برنج لەگەڵ ژنەکانیان لەوێ سێکس دەکەن تا بەروبوومی زۆرتر بەدەست بێنن. ئەم هەمووە بۆ ئەوە بووە کە ئەو خەڵکە سادەیە هیچ جۆرە ئاگادارییەکیان نەبووە لەبارەی کاریگەری نایترۆجین لەسەر بەپیتبوونی زەوی، بێ ئەوەی کە بزانن گیاکانیش نێر و مێیان هەیە، سکپڕی زەویان بە سکپڕی ژن دەچواند. لەوەی کە لە زمانی ئینگلیزی دوو بەشی میوەیی مرۆڤی و گیای هەیە، خۆی لە خۆیدا بە نوێنەری رۆحی شاعیرانەی یەکەمین باوباپیرانی ئێمە دەژمێردرێت.

بە زۆری لە کاتی تۆوکردندا، جەژنی تایبەت هەبووە، ژن و پیاو، بێ هیچ بنەمایەك، تێکەڵی یەکتر دەبوون. لە بەرپاکردنی ئەو جەژنانە سێ شت لەبەرچاو گیراوە: یەکێ ئەوەی کە بەم شێوەیە یادێکیان لە ڕابردووی خۆیان دەکردەوە و ئەو کاتەیان بیر خۆیان دێنایەوە کە هەموویان خاوەنی ئازادی سێکسی بوون، ئەوەی تریش ئەوە بوو کە هەلێك بوو بۆ ئەو ژنانەی مێردەکانیان نەزۆك بوون سکیان پڕ بێت، سێیەم ئەوەبوو کە لە سەرەتای بەهار زەوی تێبگەینن کە واز لە خۆپاراستنی زستان بێنێت و ئەو تۆیانەیان کە

پێیان داوە بە ڕێکوپێکی لەخۆیدا پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی چەند مانگێك دواتر بەروبومێکی باش و فراوان بەرهەم بێنێت. ئەو جۆرە جەژنانە لە نێوان گەلە فیتریییەکان، بە تایبەتی لە هۆزی کامرۆنی کنگۆ و لە نێوان کافرەکان و هۆزەکانی هۆتنتوت و بانتۆ دەبیندرێت، لەبارەی ئەم هۆزەی دوایی، رۆلی کە یەکێك بووە لە بانگەشەکەرانی ئاینی وا دەڵێت:

***جەژنی دروێنە زۆر لە جەژنی باکۆس ی یۆنانیە کۆنەکان دەچێت ...... مومکین نییە کەسێك ئەو جەژنە ببینێت و شەرم داینەگرێت ... نەك تەنیا مۆڵەتی سێکسی مەلعون لەبارەی کەسانێك کەتازە ئاینی مەسیحیان پەسەند کردوە جێبەجێدەکرێت، بەڵکو زۆربەیان شێوەی بەزۆری هەیە و هەموو خەڵك ناچار دەکەن بە بەشداریکردن لەو جەژنە و ئەو کارە ئەو حەڵاڵە ناشیرینە. لەشفرۆشی بە تەواوی ئازادییەوە برەو پەیدا دەکات و ناشیرینی کاری زینا جوان دەکات، لە ئەنجامی ئەو ژینگەیەیە کە فەراهەم دەبێت. هیچ پیاوێك کە لەوێدا ئامادەیە ناتوانێت کاری سێکسی لەگەڵ ژنەکەی ئەنجام بدات.***

جەژنەکانی وەکو ئەمە لەو رۆژگارە شارستانیانەشدا دەبیندرێت، کە مێژوو لەبەردەستیدا هەیە: وەکو جەژنەکانی باکانالیا لە یۆنان، جەژنی ساتورنالیا لە لای رۆمییەکان، لە سەدەکانی ناوەڕاست، جەژنی شێتەکان لە فەرەنسا، جەژنی بەهار لە بەریتانیا، ئەمڕۆش تا ڕادەیەك دەتوانم بڵێم لە هەموو شوێنێك کەرنەڤاڵ.

## ٥. ئایین و ئەخلاق

## ئایین و دەوڵەت ـ تابۆ ـ حەرامکراوە سێکسییەکان

ئایین بە دوو هۆ پشتیوانی لە ئەخلاق دەکات کە یەکێکیان ئوستورەکانە و ئەوی تریش حەرامەکانی. ئوستوورەکان هۆکارێکە کە باوەڕ بە مەسەلەکانی ئەودیو سروشت دروست دەکات. هەر ئەم باوەڕەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو شێوازە ئەخلاقیانەی کە کۆمەڵگەـ یان کاهینەکان ـ ئارەزوومەندی مانەوەیانن سەقامگیر بمێنێتەوە، چونکە تاك چاوەڕوانی ئەوە دەکات بگاتە خێری ئاسمانی و لە سزای ئەو بپارێزرێت، ناچار ملکەچ دەبێت بۆ ئەو کۆتانەی کە کۆمەڵگەکەی یان گەورەکانی کۆمەڵگەکەی بۆیان داناوە. سروشتی مرۆڤ گوێڕایەڵ و میهرەبان و داوێن پاك نییە، و دوای ویژدانی ئەخلاقی کە لە ئەنجامی گوشاری کۆن هاتۆتەکایەوە، هیچ فاکتەرێك ناتوانێت وەکو ترس لە خواکان چۆکی پێ دابدات لە بەرانبەر ئەو چاکیانەی کە کارکردن لەگەڵیان لەگەڵ سروشتی ئەو سازگار نییە. بنەماکانی خاوەنداریەتی و هاوسەرگیری تا ڕادەیەك بە وێناکردنی سزای ئاینی سامانی خۆیان دەپارێزن، هەرکاتێك لە مەسەلە ئاینییەکان گومان و دوودڵی پەیدا ببێت، ئەو بنەمایانە هێز و توانای خۆیان لە دەست دەدەن. تەنانەت خودی دەوڵەت کە گرنگترین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییە کە بە دەستی مرۆڤ دروستکرابێت، لەگەڵ سروشتی مرۆڤ سازگاری نییە، زۆربەی کات یارمەتی لە ڕێبەرە ئاینییەکان وەردەگرن. بێدینەکانی وەکو ناپلیۆن و مۆسۆلینی ئەو ڕاستیەیان بە ئاسانی بۆ سەلماوە، هەربۆیە دەڵێن(هەموو بارودۆخێك حەزی لەوەیە کە لەگەڵ ئایین بسازێت) ئەگەر سەرۆکەکانی یەکەم هێزی خۆیان بە هۆی سیحر و جادووەوە پتر دەکرد، حکومەتی ئێمەش ئەمرۆ سوود لەوە وەردەگرێت کە هەموو ساڵێك جەژنی(خوای کۆچبەرەکان) بەڕێوەببات[١].

---

١. مەبەست لە کۆچبەرە ئەوروپاییەکانە کە لە ساڵی ١٦٢٠ کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا و بە یەکەمین دەستەی دروستکەرانی (ئینگاسنانی نوێ) دەژمێردرێن.

خەڵکی پۆلینزی هەرشتێك ئاین حەرامی کردوە ناویان ناوە حەرامەکانی(تابو). لە نێوان کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا کە تا رادەیەك پێشکەوتووە، ئەو حەرامکراوە ئایینیە هەمان پێگەی هەیە کە یاسا لەناو کۆمەڵگە شارستانیەکاندا هەیەتی. حەرامکراوەکان بە گشتی لایەنی نێگەتیڤییان هەیە: هەندێ لە کارەکان، یان هەندێ شت بە پیرۆز یان پیس دەژمێرن، لە هەردوو ئەو واژەیە یەك مەبەست هەیە و ئەویش ئەوەیە کە نابێت دەست بەو کارە یان بەو شتانە پیس ببێت. بۆ نمونە تابوت لە لایەن یەهودییە کۆنەکان یەکێك بوو لە حەرامکراوەکان، دەگێرنەوە کە عەزە، چونکە بۆ پێشگرتن لە تابوتەکە دەستی پێوەگرت، یەکسەر کەوت و مرد. دیۆدروس سیسیلی دەنووسێت، میسرییە کۆنەکان، لە ساڵەکانی برسیەتییدا، دەکەوتنە حاڵێك کە یەکتریان دەخوارد، بەڵام هەرگیز دەستیان درێژ نەدەکرد بۆ ئەو ئاژەڵەی کە تەوتەمی رۆحی هۆزەکەیان بوو. لە زۆربەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا زۆرێك لە جۆرە تابو و حەرامانە هەبوون، هەرگیز وشە یان ناوی دیاریکراویان باس نەدەکرد، رۆژ یان وەرزی حەرامیان هەبوو، جەنگ لەو کاتەدا یاساغ بووە. تەواوی زانست و زانیارییەکانی خەڵکی سەرەتایی، لەبارەی راستیەکانی پەیوەست بە خۆراك، کە بەشێك لە خواردنەکان بە حەرام دەژمێردران، زۆربەی ئەو خەڵکە لە رێگەی تەلقینی ئاینیی و حەرامکراوەکان شارەزاییان هەبوو لە بنەما تەندروستییەکان هەبوو، نەك لە رێگەی زانستی و تەندروستی نائاینی.

لە نێوان گەلە سەرەتاییەکاندا، لە لایەن حەرامکردن، ژن پلەی یەکەمی هەبوە، لە هەر ساتێکدا، بە هەزاران خورافیات، هۆیەکیان دروست دەکرد بۆ ئەوەی ژن بە شتێکی (پیس) بزانن، ترسناکە و شایانی ئەوە نەبێت کە دەستی لێبدرێت و بناسرێت، بێگومان ئەم مەسەلەیە دروستکراوی ئەو مێردە

ناکامانەن کە ژن بە سەرچاوەی هەموو بەدبەختی و ناخۆشیەکانی ژیانی خۆیان دەزانن، ئەو ئەفسانە و ئستورانەیان دروستکردوە. ئەم مەسەلەیە تایبەت نییە بە ئاینی یەهودی و مەسیحی، بەڵکو لە نێوان ئستوورەکانی بت پەرستەکانیش بوونی هەیە. گرنگترین حەرامکراوەکان لە لای گەلە سەرەتاییەکاندا، پەیوەست بووە بە خولی بێنوێژی ژن، هەر شتێك یان هەرکەسێك کە لەو کاتەدا دەستی بەری یکەوتبوایە، ئەگەر مرۆڤ بوایە چاکەی خۆی لە دەست دەدا، ئەگەر شتی تریش بوایە سودی خۆی لەدەست دەدا. لە هۆزی ماکوزی، لە گویانی بەریتانیا، نەیاندەهێشت ژنانی بێنوێژ لە ئاودا شت بشۆن، نەوەك ئاوەکە ژەهراوی ببێت، هەروەها نەیاندەهێشت بچنە دارستانەکانیش، بە ڕای ئەوان لەو کاتەدا مارەکان عاشقی ژنان دەبن و پێیانەوە دەدەن، منداڵبوونیش هەر پیس بوو و دەبوە هۆی پیسبوونی ژنان. دوای ئەوە دەبوایە ژنان بە ئاوێکی تایبەت خۆیان بشۆن تا ئەو پیسیەیان لەکۆڵ بێتەوە و پاك ببنەوە. خەوتن لەگەڵ ژن، نەك تەنیا لە کاتی بێنوێژیدا بەڵکو لە تەواوی ماوەی سکپڕی و شیردانیش حەرام بوو لە لایەن گەلانی سەرەتاییدا، ڕەنگە ئەمە لە داهێنانی ژنان خۆیان بێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئیستراحەتی خۆیان بپارێزن، بەڵام هۆکاری سەرەکی زۆر زوو بیر دەچنەوە و ژن کاتێك چاو دەکاتەوە، خۆی لە باوەڕی ئەوانیتر پیس دەبینێت و کەمکەم خۆشی باوەڕ بەوە دەکات، بێنوێژی و تەنانەت سکپڕیش وەکو نەنگییەك لێك دەداتەوە. هەر لەم حەرامکراوانە و نمونەی ئەوان کە هەست و ئابڕو و گوناهکاری و پیسی و ناپاکی پەیوەندی سێکسی وەدیارکەوتوە، هەر ئەوەشە کە پاکیی و بە ڕەبەنی مانەوە و ملکەچی و ژێردەستەیی ژن لە جیهان وەدیارکەوتوە.

# بەشی دووەم

## ئاکاری سێکسی و بارودۆخی ژن لە شارستانیەت

### ١. ئایین و ئاکاری سومەری

#### خۆراکی خواکان ـ لەشفرۆشی مەزهەبی ـ مافی ئافرەت

لە شاری نیپور چەند پەرستگایەکی شکۆدار، بۆ خودایەك بە ناوی ئنلیل و هاوسەرەکەی تینلیل، دروست کرابوون. خەڵکی ئوروك زۆرتر ئینینی خوای باکیرەی زەوییان دەپەرست... زۆربەی خواکان لە پەرستگاکان بوون، دیاری پارە و خواردن و ژنیان بۆ دەهێنان. لە تابلۆکانی گۆدا پێرستێك هەیە کە نیشان دەدات کە خواکان چ شتێك پەسەند دەکەن و پێیان خۆشە: گا، بزن، کۆتر، جوجەڵە، مراوی، ماسی، خورما، هەنجیر، خەیار، کەرە، ڕۆن، نانی دوو ئاگر.. وا پێدەچێت کە لە سەرەتاوە، خواکان گۆشتی مرۆڤیان لە هەموو شتێك پێ باشتر بوە، بەڵام کە بیرە ئاکارییەکان لەناو خەڵکدا گەشەی کرد، خواکانیش بە ناچاری بە گۆشتی ئاژەڵ ڕازی بوون. لە کەلاوەکانی پاشماوەی سۆمەرییەکان تابلۆیەك دۆزراوەتەوە کە تێیدا پارچە دوعایەك نووسراوە، ئەو یاسا ئاینییە سەیرە لەوێدا بەرچاو دەکەوێت: (بەرخ جێنشین و فیدیەی مرۆڤایەتییە، ئەو بەرخێکی لە جیاتی گیانی خۆی بەخشیوە.) کاهینەکان، هەر لە ڕێگەی

ئەو دیاری و قوربانیانە، دەوڵەمەندتر بوون لە هەموو چین و توێژەکانی تری سۆمەرییەکان. لەزۆر لایەنەوە، هەر ئەو کاهینانە لە ڕاستیدا فەرمانڕەوا بوون، تەنانەت بە سەختی دەتوانرێت بگوترێت کە پاتسی تا چ ڕادەیەك کاهین بوە و تا چ ڕادەیەکیش پاشا بووە. چونکە کاهینەکان لە ڕادەبەدەرماڵی خەڵکیان بە تالاّن برد، ئوروکاژینا ـ هەروەکو لۆتەر کە دواتر لە دژی قەشە مەسیحیەکان ڕاپەڕی ـ هەڵسا و دژی کاهینەکان ڕاوەستا و کاهینەکانی بە بەرتیلخواردن تاوانبار کرد لە کاتی جێبەجێکردنی یەکسانی و عەدالەتدا... تا ماوەیەك دادگاکانی پاك کردەوە لەو جۆرە دادوەرە بەرتیلخۆرانە. بۆ باجدان بە پەرستگاکان یاسایەکی تایبەتی دروست کرد، و پێشگیری کرد لە بەتالاّنبردنی ماڵی خەڵك. بەلاّم جیهانی پیر بوو و نەریتەکانی بەڕاددەیەك کۆن بوو کە حاڵەتێکی پیرۆزیان بەخۆوە گرتبوو.

دوای مردنی ئوروکاژینا، دووبارە کاهینەکان دەستەلاّتیان گرتەدەست، هەروەك لە میسریش کە دوای مردنی ئەخناتوون هەر وای لێهات. خەڵك وایە کە بۆ پاراستنی ئەفسانە و ئوستورە و دابونەریتی خۆیان ئامادەن هەر شتێك بدەن کە لەو بەهادارتر نەبێت. ... هەندێك ژن پەیوەست بە هەر پەرستگایەك بوون. هەندێکیان کارەکەر، هەندێکی تر هاوسەری خوداکان یان نوێنەر و جێگریان و پارێزەری مافەکانیان لەسەر زەوی، کچی سۆمەری لەو جۆرە خزمەتکردنەی پەرستگاکان هەستی بە هیچ عەیبی و نەنگییەك نەدەکرد، باوکی کچەکان شانازیان بەوە دەکرد کە جوانی و قەشەنگی کچەکانیان پێشکەشی پەرستگا کردوە بۆ نەهێشتنی ماندویی و ناخۆشی و ژیانی دووبارەبووەوەی کاهینەکان، باوکێکی وا کاتێ کە بۆ پەسەندکردنی کچەکەی لە پەرستگا ڕازی دەبوون

کە ئەرکی پیرۆزی خۆی جێبەجێ بکات، ئاهەنگیان دەگێڕا و لەو ئاهەنگەدا قوربانیی دەکرد و جیهازیشی لەگەڵ دەنارد بۆ پەرستگا.

لەو سەردەمەدا هاوسەرگیری نەریتێکی ئاڵۆز بوو کە یاسا و بڕیاری زۆریان بۆ دانابو. ئەو جیهازەی کە کچ لەگەڵ خۆیدا دەبردە ماڵی مێرد بە تەواوی لەژێر دەستی خۆی بوو، ئەگەرچی لەوبارەیەوە مێردیشی دەکردە هاوبەشی خۆی لە ژیان و بەکارهێنانی شتەکاندا، مافی دیاریکردنی میراتگر لەبەردەستی خۆی بوو. هەر هێندەی کە مێرد مافی خۆی هەبوو لە منداڵەکانی، ژنیش هەر وابوو، لەوکاتەی کە مێرد لە ماڵ نەبوو، ئەگەر کوڕی گەورە نەبوو، هەر ژنەکە خۆی وەکوماڵ مەزراکەشی بەڕێوەدەبرد، ژن مافی ئەوەی هەبوو کە بەسەربەخۆیی و جودا لەمێردەکەی خەریکی کاری بازرگانی بێت و کۆیلەکانی خۆی بهێڵێتەوە یان ئازادیان بکات. ژن هەندێ جار دەگەیشتە پلەوپایەی شاژن، وەکو ئەوەی کە شوب ـ ئاد، وای لێهات و بەتەواوی سۆزو خۆشەویستی حکومەتی بەڕێوەبرد، بەڵام لەبارودۆخی قەیرانی و سەخت بەردەوام کار بەدەستی پیاو بوو. پیاو هەندێجار مافی ئەوەی هەبوو کە ژنی خۆی بفرۆشێت، یان لەبەرامبەر ئەو قەرزەی کە کردوویەتی ژنەکەی خۆی بداتە خاوەن قەرز. تەنانەت لەو رۆژگارە دوورانەشدا حوکمی ئەخلاقی بۆ پیاوو ژن یەکسان نەبوو. ئەوەش ئەنجامی زەروری ئەوەبوو کە لە خاوەنداری میرات ناکۆکیان لەگەڵ یەك هەبوو، بۆ نموونە زینا کردنی پیاو بە سادەیی چاوپۆشی لێدەکرا. لەکاتێکدا کە ژن ئەو کارەی بکردایە، سزاکەی مەرگ بوو. چاوەڕوانی ئەوەیان لە ژن دەکرد کە بۆ مێردەکەی و وڵاتەکەی منداڵی زۆری ببێت. ئەگەر ژن نەزۆك بوایە، پیاو تەنیا بەم هۆیەوە دەیتوانی وازی لێ بهێنێت. ئەگەر ژنێك نەیویستبوایە منداڵی

ببێت، ئەویان نقوم دەکرد. یاسا هیچ مافێکی بە منداڵان نەدەدا، ئەگەر دایك و باوك لەبەرامبەر خەڵکدا خۆیان بێبەری بکردایە لە منداڵەکانیان، ئەوەندە بەس بوو بۆئەوەی کاربەدەستانی شار ئەو منداڵانە لە شارەکەی شاربەدەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی چینە بەرزەکان ژیانێکی زۆر خۆشیان هەبوو, ئەو باشی و خۆشییەی کە ئەو جۆرە ژنانە هەیانبوو قەرەبووی بێچارەیی و بێبەشی خوشکانی هەژاریشیان دەکردەوە. لەم بارەیەوە دەبێ بڵێین کە بارودۆخی ژنانی ئەوکات وەکو بارودۆخی ژنانی شارستانییەتە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمە بوو، ڕازێنەرەوە و زێڕو زیو لەگۆڕە سۆمەرییەکان زۆر دۆزراوەتەوە.

مامۆستا وۆڵی لەگۆڕی شاژنی شوب ـ ئاد کلدانێکی زەمەرودی سەوزباو، چەند تۆقەیەکی زێڕ کە ژێرەکەی پیرۆزەیی بووە دۆزیوەتەوە. هەروەها ئامێرێکی ئارایشی سەدەفی کە بە زێڕ داپۆشراو بوو، ئەو ئامێرەی کە لە پەنجەی بچووك گەورەتر نەبوو، کەوچکێکی زۆر ناسك دەبینرا، کە ڕەنگە بۆ دەرهێنانی کل لە کلدان سوودی لێ وەرگیرابێت، هەروەها شیشە زێڕێکی بچووك هەبوو کە واپێدەچێت بۆ جوانکردنی پێستی تەنیشت نینۆك بووبێت، مقەستێکیش کە بۆ جوانکردن و ڕێکخستنی برۆ بەکارهاتووە.

ئەنگوستیلەکانی شاژن بە چنینی زێڕین دروستکراوە، لەناو یەکێکیان بەردێکی لاجەوەرد دانرابوو، ملوانەکەی شاژن لە زێڕ و لاجەوەرد دروستکرابوو.

**چەند باش گووتوویانە کە لەژێر ئاسماندا هیچ شتێکی تازە بوونی نییە.**

جیاوازیی ژنی سەرەتایی و جیهان و ژنی ئەمڕۆ و هێندە کەمە کە لەکونی دەرزی تێدەپەڕێت.

## ٢ ـ میسری دێرین

### ١–٢ ئاکاری میسری

**زینا لەگەڵ مەحرەم لەدەربار ـ ناوخۆی شاهانە ـ هاوسەرگیری ـ بارودۆخی ژنی ـ دایکسالاری لەمیسر ـ مەسەلەی ئاکارە سێکسییەکان**

دەوڵەتی میسر لەزۆربەی شتەکاندا، تەنانەت زینا لەگەڵ مەحرەمەکاندا، لەدەوڵەتی ناپلیۆن دەچوو. شا زۆربەی جاران خوشك و هەندێ جار کچی خۆی دەکردە هاوسەری خۆی، بەو بیانووەی کە خوێنی بنەماڵەی شاهانە بە پاك و پاکیزەیی بهێڵێتەوە. بەسەختی دەتوانرێت بگوترێت کەئەو خووە لەهێزی زاوزێی پاشاکانی میسری کەمکردبێتەوەو لاوازی کردبێت. ئەوەی کە میسرییەکان، دوای ئەزموونی چەند هەزار ساڵە، گومانیان لێ نەبوو، ئەوە بوو کارێکی وا دەبێتە هۆی لاوازبوونی هێزی زاوزێ، هەربۆیە ئەو خووەی پاشاکان لەکۆشکەوە پەڕییەوە بۆ هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی تر.

لە سەدەی دووەمی زاینیدا دوو لەسەر سێی دانیشتووانی ئاسینۆیە پەیڕەوی ئەم نەریتەیان دەکرد. لە شیعری میسرییە کۆنەکاندا براو خوشك مانای هەمان عەشق و مەعشوقی ئێستا دەدات. فیرعەون جگە لەخوشکەکانی خۆی، ژنی

تریشی هەبووە کە لە نێوان دیلەکانی شەڕدا هەڵبژێردەبژاردن، یان گەورەکانی وڵات، یان شازادە بێگانەکان دەیانکردە دیاری بۆی. بۆ نموونە یەکێك لە دیلەکانی نەهرینە کچە گەورەکەی خۆی لەگەڵ سێ سەد کچی تری گەنج، وەکو دیاری نارد بۆ ئامنحوتپی سێیەم. بەشێك لە ناودارانی وڵات، لەم کارەدا لاسایی فیرعەونیان دەکردەوە. هەڵبەتە هەرگیز نەیاندەتوانی لەمبارەیەوە بگەنە پلەی پاشا، جا ناچار دەبوایە لەپاراستنی بنەمای ئاکاری و سەرمایەو دەرامەتی دارایی خۆیان لەبەرچاو دوورنەبێت.

بەڵام زۆربەی خەڵك، وەکو هەموو ئەندامانی گەلانی تر کە دەرامەتێکی مامناوەندییان هەیە، بە یەك ژن قەناعەتیان دەکرد. لە ڕواڵەتدا وا دەهاتە بەرچاو کە ژیانی خێزانی ڕێکخراو بووە لەلایەن ئەخلاقی و سنووری دەسەڵاتی ئەندامانی خێزان، لەگەڵ ئەوەی کە لەنێوان گەلانی شارستانی ئێستا هەیە جیاوازییەکی نەبوو. تا سەردەمی سیلسیلەکان، کە ڕوخانی میسر بەو سیلسیلانە دەستیپێکردوە. زۆر بە دەگمەن تەڵاق ڕوویدەدا. هەرکاتێك ژن زینای بکردایە، پیاو دەیتوانی لەماڵ دەریبکات بێئەوەی هیچ مافێکی بداتێ، بەڵام ئەگەر تەڵاقی بدابایە لەبەر شتی تر، ناچار دەبوایە بەشێکی زۆری موڵك و ماڵەکەی بدابوایە ژنەکەی. وەفاداری مێرد بۆ ژنەکەی ـ تا ئەو شوێنەی کە دەکرێت لەبارەی ئەو جۆرە کارە مەحرەمانەیە دادوەری بکرێت ـ وەکو ئەوەی کە لەشارستانییەتەکانی دوای ئەوکات دەبینرێت، کارێکی زۆر سەخت بووە. بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژن، لەو سەردەمەدا بەرزتر بووە، لەو بارودۆخەی کە ژنانی زۆربەی گەلان لەئێستادا هەیانە.

ماکس مولەر لەمبارەیەوە دەڵێت: "هیچ گەلێکی کۆن و نوێ نییە کەتێیدا پلەو پایەی ژن گەیشتبێتە پلەوپایەی ژنانی دۆڵی نیل". ئەو نەخشانەی کە لەو سەردەمە دێرینانەوە ماوەتەوە ژنان بەشێوەیەك نیشان دەدات کە ئازادانە لەناو خەڵکدا خواردن و خواردنەوەیان خواردووەو لەناو کوچەو بازاڕەکاندا گەڕاون بەبێ ئەوەی هیچ پاسەوانێکیان هەبووبێت یان چەکیان بەدەستەوە بووبێت، کارەکانی خۆیان ئەنجامداوە و بەئازادییەکی تەواوەوە کاری بازرگانی و پیشەسازیی خۆیان کردوە. گەشتیارە یۆنانییەکان کە ڕاهاتبوون ژنەکانی خۆیان بچەوسێننەوە، سەریان سوڕماوە لەو ئازادیەی ژنانی میسرو گاڵتەیان بە پیاوانی میسر کردووە کە لەژێر ڕکێفی ژنەکانیاندان. دیڤدوروس سیسیلی بەشێوەی گاڵتەجاڕی ئەو مەسەلەیە دەگێڕێتەوە کە لە دۆڵی نیل، یەکێك لەمەرجەکانی کە لەبەرامبەر هاوسەرگیریدا باس دەکرێت ئەوەیە کە دەبێت پیاو بەقسەی ژنەکەی خۆی بکات، ئەوە مەرجێکە کە لەپەیماننامەی هاوسەرگیریی ئەمرێکی زەروری نییە.

ژنان دەبوونە خاوەن موڵك، سامانی خۆیان بەمیراتی بەجێدەهێشت، یەکێك لە مامۆستا کۆنەکانی مێژوو ئاماژە بەو خاڵە دەکات، ئەویش وەسیەتنامەیەکە لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەم، کە تێیدا ژنێك بەناوی (نب ـ سنت) لەبارەی دابەشکردنی ئەو زەوییانەی کە هەیەتی بۆ منداڵەکانی وەسیەتی کردووە، خشپسوت و کیلۆپاترا لەسەر تەختی سەڵتەنەتی میسر دانیشتن و هەر بەم جۆرەی کە شاکان حوکم دەکەن و وێرانی دەکەن، ئەو دوو شاژنەش حوکمیان کردو وێرانیان کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار لەنێوان ئەدەبیاتی کۆنی میسر دەنگێکی گاڵتەجارییانە لەبارەی ژنان دەبیستریێت، یەکێك لەوانە ئەوەی یەکێك لەزانا کۆنەکانی ئەخلاقی میسری نووسیویەتی و پیاوان خۆیان لەژنان پاراستووە، نووسینەکەی ئەو بەمشێوەیەیە:

***بترسە لەو ژنەی کە لەدەرەوە دێت و هیچ کەسێك لەناو شار نایناسێت، لەوکاتەی کەدێت و تۆ نایناسی سەیری مەکە، ئەو وەکو گرداوێکی ناو ئاوێکی قووڵ وایە کە ناتوانی قوڵییەکەی بزانیت. ژنێك کە مێردەکەی لەلای نییە، هەموو رۆژێك نامەت بۆ دەنێرێت. ئەگەر کەسێك ئاگاداری نەبێت هەڵدەستێت و داوی خۆی دەنێتەوە. ئای چەند تاوانێکی ناشیرینە کەمرۆڤ گوێ بۆ قسەی ئەو شل بکات.***

بەڵام ئەوە زیاتر ڕەنگی میسری هەیە، ئەوەیە کە پتاخ ـ حوتپ وەکو ئامۆژگاری بۆ منداڵەکەی خۆی نووسیوە:

***ئەگەر کامەران بوویت و ماڵی خۆت ڕازاندەوە و لەناخی دڵەوە ژنەکەتت خۆشتویست، سکی پڕکەو پشتی داپۆشە... تا ئەوکاتەی کە لەلای تۆیە، دڵشادی بکە. لەگەڵ ئەوەش ئەو بۆ خاوەنەکەی وەکو کێڵگەیەکی بەپیتە. ئەگەر دژایەتی بکەیت دەبێت بزانی کە دەبێتە هۆکاری ماڵوێرانی تۆ.***

نووسینی پاپیرۆس بۆلاق بۆ منداڵ، بەحیکمەت و زانینی تەواو بەمشێوەیە پەند دەدات:

***هیچ کات دایك لەبیر مەکە، چونکە ئەو تۆی وەکو بارێکی گران لەسکدا هەڵگرتووە، دوای ئەوەی کە مانگەکانی تۆ تەواو بووە، تۆی بووە. سێ ساڵی تەواو تۆی لەباوەش کردووەو مەمکی خستۆتە دەمت. خواردنی بەتۆ داوە، لەپیسی و نەخۆشی تۆ ڕووی وەرنەگێڕاوە. لەوکاتەی دەچوویتە قوتابخانە و فێری نووسین دەبووی، هەموو ڕۆژێك نان و بیرەی بۆ مامۆستاکەت دێنا.***

ڕەنگە ئەو پلەوپایە باشەی کە لە میسر بۆ ژنان هەبوو، لەمەوە پەیدابووە کە لەو وڵاتەدا دەسەڵاتی ژن یان ژنسالاریی سەپاوتر بووە لەدەسەڵاتی پیاو یان پیاوسالاریی.

گەواهی بۆ ئەو بابەتەش ئەوەیە کە نەك تەنیا ژن لەماڵدا جێگەی بەرزی هەبووە، بەڵکو تەواوی زەوییە کشتوکاڵییەکانیش دەگوازرانەوە بۆ ژنان. فلیندر پتری لەمبارەیەوە وا دەڵێت: (پیاو، تا بەم دواییانە، لەکاتی هاوسەرگیرییدا هەموو ماڵ و موڵکی ئایندەی دەدایە ژنەکەی خۆی) هۆی هاوسەرگیریی لەگەڵ خوشك ئەوە نەبووە کە برا هێندە عاشقی خوشکەکەی بوو بێت، بەڵکو پیاوان دەیانەویست بەمشێوەیە ئەو میراتەی بنەماڵەکەیان بپارێزن کە لەدایکەوە بۆ کچ دەگوازرایەوە.

زەوی و مەزرا کشتوکاڵییەکان بەرهەم بهێنن و نەکەوێتە چنگ بێگانەکان، دەبێت بزانین کە دەسەڵاتی ژن ڕۆژ بەڕۆژ کەمتر بووەوە، ڕەنگە ئەمە لەئەنجامی نەریت و خووی زاڵ بەسەر باوك و باوکسالاری بووبێت، کە دوای دەسەڵاتی میکۆسەکان لە میسر ڕەواجی پەیداکرد. وڵات لە دوورەپەرێزی کشتوکاڵ هاتۆتە دەرێ و لە قۆناغی ئاشتی و ئاسایشەوە گەیشتۆتە قۆناغی جەنگی

ئیستعماری. لە سەردەمی بتالسەبوونی یۆنانییەکاندا گەیشتە ڕادەیەك کە مافی زێڕوەرگرتن، کە یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی ژن لە ڕابردوودا، لە دەستی ئەو دەرچوو و لەوە بەدوا تەنیا کەوتە دەستی پیاو. ئەو شتەی کە هەیە تەنانەت لەم سەردەمەشدا، ئەم گۆڕانکارییە تەنیا چینی بەرزی کۆمەڵگەی دەگرتەوە و خەڵکی ئاسایی و گشتی هەروەکو جاران و نەریتی کۆنی خۆیان ڕەفتاریان دەکرد، ڕەنگە زاڵبوونی ژن بەسەر ئەو مەسەلانەی کە تایبەت بوون بە خۆی بۆتە هۆی ئەوەی کە منداڵ کوشتن زۆر بەکەمی لەمیسر ڕوویدەدا. دیڤیدڤروس دەگێڕێتەوە کە یەکێك لە تایبەتمەندیی میسرییەکان ئەوەبوو کە هەر منداڵێك لەدایك بوو بێت زۆر بە ڕێکوپێکی پەروەردە کراوە، بەگوێرەی یاسا، ئەگەر باوکێك منداڵەکەی خۆی بکوشتبوایە، ناچار دەکرا کە سێ شەو و سێ ڕۆژی تەواو منداڵە مردووەکەی لەباوەش بگرتبایە، ژمارەی ئەندامانی خێزان زۆربوو چ لەکۆشکەکان و چ لەکۆلانەکان. منداڵی زۆر دەبینران، هەندێك لەدەستەڵاتداران هەبوون کە بەسەختی دەیانتوانی منداڵەکانیان بژمێرن.

تەنانەت لە مەسەلەی دەزگیرانی و نیشاندانی عەشق و هاوسەرگیریی مافی دەستپێشخەریی هی ژن بووە. گەواهی بۆ ئەمەش ئەو نامە و غەزەلە شیعرییانەن کە ماونەتەوە لەو سەردەمەدا، کە زۆربەی لە لایەن ژنەوە بۆ پیاو گوتراوە و نێردراوە. ژن داوای لە پیاو کردووە کە کات و ساتی ژووان دیاریی بکات، یان زۆر بە ڕوونی داخوازیی کردووە و داوای هاوسەرێتی لێکردووە. لە یەکێك لە نامەکاندا وا هاتووە: (ئەی هاوڕێی قەشەنگم، من دەمەوێت کە هاوسەری تۆ بم و ببم بە کابان و خاوەنی هەموو موڵکەکانی تۆ) هەر بەم هۆیەوەیە کە بۆ خۆ داپۆشین و حەیا، کە نابێت لەگەڵ وەفاداریی تێکەڵ بکرێت، لەلای میسرییەکان زۆر نەبووە، هێندە بەئاسانی و بەڕوونی باسی مەسەلە سێکسییەکانیان کردووە

که ئەمڕۆش هێندە بە ڕوونی قسە ناکەین. پەرستگاکانی خۆیان بە وێنەو پەیکەری بەرجەستە دەڕازاندەوە کە هەموو بەشە جیاوازەکانی لەش، بە ڕوونی ئاشکرایی، تێیدا دەبینرا، بۆ دڵخۆشی مردووەکانیان لەگۆڕەکاندا نووسین و ئەدەبیاتی زۆر ناشیرینیان پێشکەش دەکردن، ئەو خوێنەی کە لە دەمارەکانی دانیشتووانی دۆڵی نیل هەبوو خوێنێکی گەرم بوو، هەربۆیە کچان لە دە ساڵییەوە ئامادە دەبوون بۆ هاوسەرگیریی، کوڕان و کچان پێش هاوسەرگیریی، دەیانتوانی بەئازادیی یەکتری ببینن، کۆت و بەندی ئەخلاقی لەمبارەیەوە بوونی نەبوو. گوتراوە کە لە سەردەمی بەتالسەدا، یەکێك لەژنان لە هەر شوێنێك کە توانیویەتی بەو پارانەی کە پاشەکەوتی کردوون، هەرەمێك دروستبکات. تەنانەت نێربازیش لە میسر لایەنگری هەبووە. کچانی سەماکەر هەروەك ئەوانەی کە ئێستا لە ژاپۆن هەن، لە ناو کۆمەڵی پیاوانی چینی بەرزی وڵات بوونیان هەبوو، هەموو جۆرە هۆکارێکی خۆشگوزرانی و لەززەتی جەستەییان بۆ ئامادەبووان فەراهەم دەکرد. ئەو جۆرە کچانە جلی تەنکیان لەبەر دەکرد، یان هەر جلیان لەبەر نەدەکرد و تەنیا بەدەستبەند و خڵخاڵ و گوارە خۆیان دەڕازاندەوە. چەندین بەڵگە لەبەر دەستدا هەن کە تێیاندا دەردەکەوێت، لەشفرۆشی مەزهەبیش تارادەیەکی سنووردار بوونی هەبووە. تا کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی ڕۆمییەکان، نەریتەکە وا بووە کە جوانترین کچانی بنەماڵەکانی تەیوە بۆ ئامون بکەن بەخێر، لەوکاتەدا کە کچێکی ئاوها، بەهۆی بەرزبوونەوەی تەمەن، لە خۆشحاڵکردنی ئەم خودایە بێ توانا دەبێت، کچەیان بە ڕێوڕەسم و ڕێزەوە دەدا بەشوو و لە کۆمەڵی بەرزی وڵاتدا ڕێزێکی فراوانی لێدەنرا. شارستانییەت و کلتووری میسری، بۆ خۆی ئەندێشەو لایەنگرییەکی هەبوو کەجیاواز بوو لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە هەمانە.

خوایانی حەیوانی لەنێوان میسرییەکاندا ڕەواجیان زیاتر بوو لە خودایە گیاییەکان، زۆربوونی ئەو جۆرە خودایانە هێندە بوو کە پەرستگاکانی میسر ببووە پیشانگەیەکی ئاژەڵی جۆراوجۆر. میسرییەکان لە پارێزگای جۆراوجۆر، یان لە سەردەمی جۆراوجۆردا، گا، نەهەنگ، باز، قاز، بزن، کەڵەکێوی، پشیلە، چەقەڵ، سەگ، مریشکیان دەپرست. زۆربەی ئەو گیاندارانەی بە ئاسانی لە ناو پەرستگاکان هاتوچۆیان دەکرد، هەمان ئازادییان هەبوو کە گای پیرۆز ئێستا لە هیند هەیەتی، لەوکاتانەی کە خوداکان رەنگی مرۆڤیان پەیداکرد، شێوەی دووفاقی ئاژەڵی و هێماکانی پارێزران، بە شێوەیەکە کە ئامونیان لە سەر شێوەی قاز یان کەڵەکێوی، (رع)یان لە سەر شێوەی کوللە یان جوانەگا، ئۆزیریس لەسەر شێوەی جوانەگا یان کەڵەکێوی، سبك بەشێوەی نەهەنگ، هوروس بە شێوەی باز، حاتحور بە شێوەی مەیمون وێنا دەکرد و بەرجەستەیان دەکرد. هەندێ کات ژنیان وەکو هاوسەر پێشکەشی ئەو جۆرە خوادایانە دەکرد، جوانەگا کە شێوەی پەیکەری ئوزیریس بوو، بە شێوەیەکی تایبەت، پتر لە خودایەکانی تر ئەو پلە و پایەیەی هەبووە. بەگوێرەی قسەی پلوتارك، لە مەندەس، جوانترین ژنان یان بۆ لەگەڵ خەوتن پێشکەش بزنی پیرۆز دەکرد، ئەم نەریتە ئاینییە، لە سەرەتاوە تا ئێستاش، ناونیشانی ڕەگەزی سەرەکی میللی هەبووە لە ئاینی میسریدا. خوداکانی شێوە مرۆڤ لە کاتی زۆر دواییدا پەیدابوون، ڕەنگە وەکو دیارییش لەخۆرهەڵاتی ئاسیاوە گەیشتبنە ئەو وڵاتە.

میسرییە کۆنەکان سابرێن و جوانەگایان بە شێوەیەکی تایبەت پیرۆز دەکرد، ئەوانیان هێما و نوێنەری هێزی داهێنەر، ئەم دوو گیاندارە، لە ڕوانگەی خەڵکدا، نەك تەنیا بە هێما و نیشانەی ئوزیریس دەژمێردرا، بەڵکو ئەوانیان بە شێوەی

بەرجەستەکراوی ئەو خودایانە دەزانی. زۆربەی جار ئۆزیریسیان بە کۆئەندامی زاوزێی گەورەوە دەنەخشاند و پەیکەرەکەیان بە گەورەیی دروست دەکرد. تا بەم شێوەیە هێزە زۆرەکەی نیشان بدەن. میسرییەکان لەو مەراسیم و دەستە ئاینییانەی کە ڕێکیان دەخست، نموونەی ئەو خودایانە بەم شێوەیە یان شێوەی تر، بە سێ کۆئەندامی زاوزێی پیاوانە لەگەڵ خۆیان دەیانجولاند. ژنانیش لە هەندێك بۆنەدا، پەیکەری وایان لەگەڵ خۆیان دەهێنا بە داوێکەوە دەیانجولاند.

پاشماوەی پەرستنی سێکسی تاك لەتابلۆکانی کە لەسەر دیواری پەرستگاکان کە ماوەتەوە و کۆئەندامی زاوزێی پیاوێك بە شێوەی ڕاست وەستاوە، نمایش دەدات نییە، بەڵکو لەزۆربەی هێماکانی میسری کە بەشێوەیەك خاچێکی بەدەستکە و نیشانەی یەکێتی سێکسی و هێزی ژیانییە، ئەویش ڕازاوەتەوە.

## ٢ . ٢ ئەخلاقی سێکسی لەبابل

**ڕوودانی تەلاق لە نێوان دین و ئەخلاق ـ لەشفرۆشی پیرۆز ـ پەیوەندیی ئازادیی ژن و پیاو ـ هاوسەرگیریی زینا تەلاق ـ بارودۆخی ژن ـ گەندەڵی ئەخلاقی**

ئاینی باو لەبابل، لەگەڵ هەموو ئەو کەموکورییانەی کە هەیبووە، وابووە کە پیاوی ئاسایی بابلی تارادەیەك بەئەدەب و ملکەچیی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی کە لە ڕواڵەتدا دیارە، ئاین لە کۆتایی سەردەمی بابلیدا کاریگەریی نەبووە بەسەر چینی سەرەوەی خەڵکدا، چونکە ئەو بابلەی کە (پڕبوو لەفسق و فجور) کە لە ڕوانگەی دوژمنەکانیەوە (کانگەی بێ دادی و چەوساندنەوە) بووە، نموونەیەکی

زۆر خراپ بووە لە جەسووری ئەخلاقی و شەهوەت پەرستی جیهانی کۆندا. تەنانەت ئەسکەندەر کە تا لێواری مەرگ دەستی لە مەی خواردنەوە هەڵنەگرت، سەری سوڕمابوو لەو ئەخلاقەی کە لە نێوان خەڵکانی بابلیدا هەبوو.

ناشیرنترین دابونەریت و خوو کە لە بابلدا سەرنجی هەر بێگانەی ڕادەکێشا، لەو کاتە کە دەهاتە ولاّتەکەوە، ئەوە بوو کە هردۆت بەم شێوەیە باسی دەکات:

***پێوسیتە لەسەر هەر ژنێکی بابلی کە لە ماوەی تەمەنیدا جارێك لە پەرستگای زهرە (ونوس) دانیشێت و لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا پەیوەندیی سێکسی هەبێت. هەندێ ژن هەن کە بە هۆی دەوڵەمەندی و خۆ بەگەورەبینینیان، شەرمیان بەوەیە کە لەگەڵ ژنانی تر تێکەڵ بن، هەربۆیە لە ناو کەژاوەی داخراودا دەهاتنە پەرستگا و لەگەڵ نۆکەر و خزمەتکارەکانیان لەوێ دادەنیشتن، بەلاّم ئەو ڕێگایەی زۆربەی ژنان دەیانگرتە بەر بەمشێوەیەیە: لە پەرستگا دادەنیشن و تاجێکی چنراو دەخەنە سەر سەریان، دەستەیەك دێنە ناوەوە و دەستەیەك لە پەرستگاکە دەچنە دەرەوە، چەند ڕێڕەوێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەگاتە شوێنێك کە ژنان لەوێدا دانیشتوون، لەم ڕێڕەوانەدا تەنیا پیاوانی بێگانەی پێدا تێپەڕدەبن، هەر لەوێ هەر ژنێکیان پەسەند کرد بۆ خۆیان هەڵیدەبژێرن، دوای ئەوەی ژنێك بەمشێوەیە لە پەرستگا دانیشت، مافی ئەوەی نییە بچێتە دەرەوە، تا ئەو کاتەی پیاوێکی بێگانە پارچە زیوێك بخاتە داوێنی کراسەکەی و لە دەرەوەی پەرستگا لەگەڵیدا بخەوێت. پێویستە لەسەر ئەو پیاوەی کە پارچە زیوەکە فڕێ دەدات لە هەمان کاتدا بڵێت: (لە خوای میلیتا داواکارم کە ڕەحمەتی خۆیت بۆ***

*بنێرێت) ، چونکە ئاشورییەکان ونوس بەمیلیتا[1] بانگ دەکەن، پارچە زیوەکە هەرچەندە بچووکیش بێت ژن مافی ئەوەی نییە ڕەتیبکاتەوە، چونکە ئەو پارچە زیوە پیرۆز و بەرەکەتە، ژن لەگەڵ یەکەمین پیاوێك کە زیوەکەی دەخاتە باوەش بەرێدەکەوێت و لەپەرستگا دێتە دەرەوە و مافی ئەوەی نییە کە ڕەتیبکاتەوە، چونکە دەبێت لەگەڵ ئەودا بخەوێت و ئەرکێکی خودایەکانی خۆی جێبەجێ بکات، دواتر دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی، ئەو ژنانەی کە لەشولا ڕێکی جوانیان هەیە، لە زووترین کاتدا پەرستگاکە بەجێدێڵن دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. بەڵام ئەوانەی کە بەمشێوەیە نین، ناشیرینی و ناڕێکی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن ئەو قەرزەی کە یاسا خستویەتە سەرشانیان بە زویی بیدەنەوە، چونکە زۆرن ئەو ژنانەی کە سێ یان چوار ساڵ چاوەڕوانی ئەوە بوون کە نۆرەی ئەنجامدانی ئەم ئەرکەیان بگات کە لەسەر شانیانە.*

چ شتێك بۆتە هۆی پەیدابوونی نەریتێکی وەها سەیرو سەمەرە؟ ئایا ئەم مەسەلەیە پاشماوەی شێوازی هاوبەشی سێکسی کۆن بووە، کە بەمشێوەیە ماوەتەوە، زاوای داهاتوو مافی شەوی یەکەمی خۆی داوە بەیەکەمین پیاوی بێگانە کە بووکی بینیوە؟ یان سەرچاوەی ترسی زاوا لەوە بووە کە دەست لە کارێکی حەرامکراو بدات کە ڕژاندنی خوێنە؟ یان ئەوەی ئەو کارە بۆ ئەوەبووە کە ژنان ئامادەی هاوسەری بن، هەر بەمشێوەیەی کە لە نێوان بەشێك لە هۆزەکانی ئوستراليا، ئێستا نەریتێکی ئاوها هەیە؟ یان ئەوەی کە ژنان بەم کارە هیچ مەبەستێکیان نەبووە جگە لە پێشکەشکردنی دیارییەك

١.یۆنانییەکان بە خەڵکی ئاشوور و بابلیان دەگوت (ئاشوری)، ملیتا یەکێك بوو لە وێنەکانی عەشتار.

بۆ نزیکبوونەوە لە خوداکان، لە ڕاستیدا نۆبەرەی خۆیان پێشکەشی خودایان کردووە؟ بەڕاستی نازانین ئەم کارە بە کام یەکێك لەو مەبەستانە ئەنجام دراوە.

هەڵبەتە ئەم جۆرە ژنانە ناکرێت بە لەشفرۆش ناو ببرێن یان بە زیناکار، بەڵام توێژی جۆراوجۆری ژنانی زیناکار لە حەوش و دەوروبەری پەرستگاکان دەژیان و لە کارەکەی خۆیان پارەیان پەیدادەکرد و دەژیان، هەندێکیان لەئەنجامدا پارە و سەرمایەیەکی باشیان کۆدەکردەوە. لەشفرۆشی ئاینی لە خۆرئاوای ئاسیا بوونی هەبوو، لەم جۆرە لەشفرۆشانە لە نێوان بەنی ئیسرائیل، لە فروگیان فینیقیە، سوریا و جێگاکانی تر دەژیان، لە لیدی و قوبرس کچان جیهازی خۆیان هەر لەم ڕێگەیەوە بەدەستدەهێنا.

نەریتی (لەشفرۆشی پیرۆز) لەبابل ڕەواجی هەبوو، تا ئەوەی کە لەدەوروبەری ٣٢٥ی زاینی قوستەنتین ئەو شتەی قەدەغەکرد، لە بەرامبەر ئەو فجورە ئاینییەدا، ژنانی لەشفرۆش، لەو مەیخانانەی کە خۆیان بەڕێوەیان دەبرد، خەریکی لەشفرۆشی دنیایی خۆیان بوون.

بابلییەکان بەگشتی پەیوەندیی سێکسی پێش هاوسەرگیرییان تاڕادەیەکی زۆر بەئاسایی دەزانی، ژنان و پیاوان دەیانتوانی پێش هاوسەرگیریی، بەئازادی لەگەڵ یەکتری پەیوەندییان هەبێت، لە ڕاستیدا و بەجۆرێك لە هاوسەرگیریی ئەزموونیی دەژمێردرا. هەرکاتێك هەرکام لە کوڕ یان کچ بیویستبوایە دەیتوانی ئەم پەیوەندییە بپچڕێنێت، بەڵام ئەو ژنانەی کە بەمشێوەیە دەژیان دەبوایە شتێکی وەکو دەنکە زەیتون، لە بەرد یان سیرامیکیان پێوەبێت تا دیار بێت و بزانرێت کە هاوڕێیان هەیە.

لە هەندێك لە تابلۆكانی بابل وەها دەردەكەوێت كە خەڵكی بابل شیعرو غەزەلیان دەگوت و شیعری عاشقانەیان دەگوت، بەڵام جگە لە چەند دێڕێكی سەرەتای چەند پارچە شیعرێك، ئێستا هیچ شتێكی تر لە بەردەستدا نییە، وەكو ئەمانە: "خۆشەویستی من رووناكییە"، یان "دڵی من لێوانلێوە لە خۆشی و كامەرانی".

نامەیەك لە مێژووی ٢١٠٠ پێش زایین هەیە كە شێوازی نەخشاندنی زۆر نزیكە لە شێوازی نووسینی نامەكانی ناپلیۆنی یەكەمی بۆ ژۆزفین: "بۆ بیبیا.. هیوادارم كە شمش و مەردۆك سەلامەتی تاهەتایت پێ ببەخشن.. من نێردراوێكم (بۆ پەرستن) بۆ سەلامەتی تۆ ناردووە، ئاگادارم بكەوە كە حاڵت چۆنە، گەیشتمە بابل، بەڵام تۆ لێرە نابینم، من زۆر خەمبارم"

دایك و باوكان پێویستی هاوسەرگیریی یاسایی منداڵەكانیان فەراهەم دەكرد و لەو بەینەدا چەند دیارییەك دەگۆڕدرانەوە، ئەم شێوازە بە دڵنیاییەوە پاشماوەی هاوسەرگیریی كۆنتر بووە كە هاوسەرگیریی لەگەڵ كڕین و فرۆشتن ئەنجام دەدرا. زاوای دەزگیران دیارییەكی بەهاداری پێشكەشی باوكی بووك دەكرد و بەڵام لەهەمان كاتیشدا چاوەڕوانی ئەوەی دەكرد كە باوكی بووك جیهازێكی بەهادارتر بداتە كچەكەی خۆی، بەمشێوەیە بە ڕاستی، ناتوانرێت دیاریی بكرێت كە كامیەك لە ژن و پیاو لەو مامەڵەیەدا كڕین و فرۆشتنی پێوە دەكرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جار وا ڕێكدەكەوێت كە هاوسەرگیریی ڕێك وەكو مامەڵە دەردەچوون بۆ نموونە شەمسی نەزیر، وەكو بەهای كچی خۆی شێوازی ٤٠٠ ریال وەرگرتبوو، گوتەی هیرۆدێت لەمبارەیەوە بەمشێوەیە:

*ئەوانەی کە کچی گەنجیان هەبوو، ساڵی جارێك دەیانهێنان بۆ شوێنێك کە کۆمەڵە پیاوێکی زۆری تێدا کۆدەبوونەوە، دەڵاڵێك تاك تاکی کچەکانی دەناساند و وەسفی دەکردن و یەك لەدوای یەك دەیفرۆشتن. سەرەتا جوانترینیانی دەفرۆشت و پارەیەکی زۆری لە بەرامبەردا وەردەگرت، دوای ئەو نۆرە دەگەیشتە ئەو کچەی کە جوانییەکەی کەمترە، بەڵام هەریەك لەکچەکانی بە مەرجی هاوسەرگیریی دەفرۆشت. ئەم نەریتە پەسەندکراوە ئێستا ئیتر نییە.*

لەگەڵ ئەوەشدا نەریت و مەراسیمی سەیروسەمەرە کە لە مەسەلەی هاوسەرگیریی بابلی هەبوو، دەبێت بگوترێت کە لەبارەی تێربوونی پیاو بە یەك ژن و دڵسۆزی و وەفاداریی، هاوسەرگیریی شتێکی وای کەمتر نەبووە لەوەی کە ئەمڕۆ لە نێوان مەسیحییەکان باوی هەیە. ئازادی مۆڵەتپێدراوی پێش هاوسەرگیریی، گوێڕایەڵی زۆری دوای هاوسەرگیریی بەدواوە بوو. ئەگەر ژنێك زینای کردبوایە، یاسا وابوو کە ئەو ژنە لەگەڵ پیاوی زیناکەر نغرۆ بکرێن، ئەگەر مێردەکەی دڵی بۆ بسووتابوایە، ژنەکەی خۆی بە نیوە ڕووتی لە کۆڵاندا بەڕەڵا دەکرد، حامورابی لەمبارەیەوە لە قەیسەریش بەرزتربۆتەوە و لە یەکێك لە ماددەکانی یاسای خۆی وا دەڵێت: ئەگەر ژنێك ئاماژەی پێبکرێت کە لەگەڵ پیاوێك خەوتووە و ئەو دوو کەسەیان لە پێخەفێکدا نەگرتبێت، ئەرکە لەسەر ئەو ژنە کە بۆ پاراستنی ئابڕوو شەرەفی خۆی و مێردەکەی، خۆی لە ڕووباردا نقوم بکات. ڕەنگە مەبەستی یاسا ئەوە بووە کە ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە لە ناو خەڵکدا نەبێتە باو. پیاو دەیتوانی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، تەنیا یەك کاری دەکرد، ئەویش ئەوەندە بەس بوو کەجیهازی ژنەکەی بداتەوە ژنەکەی و پێی بڵێت: (تۆ ژنی من نیت.) بەڵام ئەگەر ژنێك

بە مێردەکەی دەگوت: (تۆ مێردی من نیت.) دەبوو بە نغرۆکردن بیکوژن. نەزۆکی، زیناکردن، ڕێکنەکەوتن لەگەڵ مێرد، خراپ بەڕێوەبردنی ماڵ، هەموو لەو شتانە بوون کە بەگوێرەی یاسا مۆڵەتی بە پیاو دەدا ژنەکەی تەڵاق بدات: (ئەگەر ژنێك لە کاری بەڕێوەبردنی ماڵدا تەمبەڵی بکات و خەریکی گەڕان بێت و کارەکانی ناوماڵ فەرامۆش بکات و ئاگاداری منداڵەکانی خۆی نەبێت، ئەو ژنە دەخەنە ئاوەوە). لە بەرامبەر ئەو زبری و سەختییەی یاسادا ئەگەر ژنێك بیسەلمێنێت کە بەرامبەر مێردەکەی وەفادار ماوە و مێردەکەی بەرامبەر ئەو سەخت بووە، هەڵبەت تەڵاقی وەرنەدەگرت، بەڵام مافی ئەوەی هەبوو کە ماڵی مێرد بەجێبهێڵێت، لەحاڵەتێکی وەهادا، دەگەڕایەوە ماڵی باوانی و جگە لە جیاز(پیتەك)یش هەرشتێکی تری کە دوای ئەوە بەدەستیهێنابوو دەیتوانی لەگەڵ خۆی بیبات. (ژنانی بەریتانیا تا کۆتایی سەدەی نۆزەدەهەم مافێکی وەهایان بەدەست نەهێنابوو) ئەگەر پیاوێك بۆ کار یان شەڕ، ماوەیەکی زۆر دووربوایە لە ژنەکەی، بۆ ئەو ژنە هیچی بەجێنەهێشبوایە کە پێی بژی، ئەو ژنە مافی ئەوەی هەبوو کە لەگەڵ پیاوێکی تر ڕابوێرێت، ئەم مەسەلەیە بەشێوەی یاسایی لاری لەوە نەبوو کە ئەگەر مێردی ڕۆیشتوو بگەڕایەتەوە ژنەکە دووبارە لەگەڵ مێردەکەیدا بژیێت.

بەهەرحاڵ، بارودۆخی ژن لە بابل، دواکەوتووتر بوو لە ژنانی میسرو ژنانی ڕۆمی کە دواتر تووشی بوون، بەڵام خراپتر نەبوو لە بارودۆخی ژنان لە یۆنانی کۆن و ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست، چونکە نەریتەکە وەهابوو کە ژن ئەرکی جۆراوجۆری وەکو منداڵبوون و منداڵ پەروەردەکردن و ئاو هێنان لە ڕووبار و بیرەکاندا و گەنم هاڕین و چێشتلێنان و ڕستن و چنین و

پاکڕاگرتنی ماڵی لەئەستۆدابوو، بە ناچاری ئەوەی بۆ دروستببوو کە وەکو پیاو هاتوچۆی ناوبازاڕ و خەڵك بکات. ژنانیش دەیانتوانی خاوەنداربن و سوود لە دەرامەتە تایبەتییەکانی خۆیان ببینن و بکڕن و بفرۆشن و میرات وەرگرن و بۆ پاشماوەکانیان وەسیەتنامە بنووسن. هەندێك لە ژنان دوکانێکیان بۆ خۆیان دەگرت و بازرگانییان تێدا دەکرد، هەندێك لە ژنان دەبوون بە سکرتێرە، ئەمە خۆی ئەوە دەگەیەنێت کە کچانیش وەکو کوڕان دەچوونە خوێندنگە و فێری نووسین و خوێندن دەبوون، بەڵام نەریتی بەردەوام لەناو گەلی سامی نەژاد، کە دەسەڵاتی بێ کۆتایی دەدا بەگەورەترین پیاوی بنەماڵە، دەبووە لەمپەر لەبەردەم هەر ئەندێشەیەکی دەسەڵاتی دایك و دایکسالاری کە لەمێژووی کۆنی میزۆپۆتامیاوە مابووەوە. یەکێك لەو نەریتانەی کە بەگشتی چینی بەرزی کۆمەڵ پەیڕەوی دەکرد، ڕەنگە هەر ئەو نەریتەش پێشەکییەك بووبێت بۆ دروستبوونی عەبا و باڵاپۆشی لەنێوان موسڵمانان و هیندییەکان، ئەوەبوو کە بۆ ژنان، شوێنێکی تایبەت و لەناوەوە دروست دەکرا، ئەو کاتەی کە ژنان لەماڵ دەردەچوون، غوڵام و نۆکەرەکانیان لەگەڵ دەهاتنە دەرەوە، لە چینە دواکەوتووەکاندا ژن جگە لە ئامێرێك بۆ دروستکردنی منداڵ بەولاوە هیچ حسابێکی تری بۆ نەدەکراو ئەگەر جیهازی نەبوایە، پلەوپایەی لە پلەوپایەی کەنیزەك زیاتر نەبوو، لە ئاینی عەشتار ڕێزێك هەبوو بۆ ژن و دایکایەتی، هەروەك لە ئاینی مریەمی عەزراش لە سەدەکانی ناوەڕاست هەروا بوو، بەڵام ئەگەر قسەی هیرۆدیت باوەڕ بکەین کە گوتوویەتی: (بابلییەکان لەکاتی گەمارۆدا، ژنەکانی خۆیان دەخنکاند تا خواردن کەمتر بخورێت)، لێرەدایە کە بابلییەکان بێبەش بوون لەو جوامێری و پیاوەتییەی کە ئەوروپاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەیانبوو.

لەو لایەنەوەی کە میسرییەکان، لەوەی کە خەڵکی بابلیان بە شارستانی تەواو نەدەزانی، بیانوێکیان هەبوو. ئەو ناسکی و جوانییەی کە لە ئەخلاق و هەستی میسرییەکان هەبووە و ئەدەبیات و هونەری ئەو گەلە باسی دەکات، لە لایەن بابلییە کۆنەکان نەبینراوە. لەوکاتەی کە ئەو ناسکییە گەیشتە بابل بەشێوەی توانەوە و دارووخانی ئەخلاق بوو، کورە گەنجەکان پرچی خۆیان دەکردە کەزی و ڕەنگیان دەکرد، بۆنیان لەخۆیان دەدا، کوڵمی خۆیان سووردەکرد و بەملوانکە و گوارە و دەستبەند خۆیان دەڕازاندەوە. بەهۆی شالاوی فارسەکان عزەت نەفسی بابلییەکان بە یەکجاری لەناوچوو شەرم لە کارە ناشیرینەکانیش بەگشتی نابووت بوو. خووی فسق و فجور کەوتە هەمووماڵێك، ژنانی بنەماڵە گەورەکانیش دەستیانکرد بەخۆنواندن و ڕازاندنەوەی خۆیان، بۆ ئەوەی خەڵکانی زیاتر سوود لە جوانییەکانیان ببینن و لەزەت وەرگرن. ئەگەر ڕاست بێت کە قسەی هیرودێت لەوبارەیەوە باوەڕ بکەین، ئەو دەڵێت: (هەرپیاوێك کە تووشی هەژاریی دەبوو، کچەکانی خۆی دەختستەبەر خەڵك بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە پارە بەدەستبهێنێت). کوپنتوس کورتیوس (٤٢ ز) واینووسیوە: (هیچ شتێك لە ئەخلاقی خەڵکی ئەمشارە سەرسوڕهێنەرتر نییە، لە هیچ شوێنێکی تر هێندەی ئێرە هۆکار فەراهەم نەکراوە بۆ سوود وەرگرتن بۆ لەزەتی سێکسی).لەوکاتەوەی کە پەرستگاکان بوونە خاوەنی سامانی خۆیان، ئەخلاقی گشتی بەرەو گەندەڵی ڕۆیشت. خەڵکی بابل، کە نغرۆی خۆشگوزەرانییەکان بوون، بە تەواوی ڕەزامەندی خۆیانەوە ملکەچی شاری خۆیان بۆ کاسییەکان و ئاشوورییەکان و ئێرانی و یۆنانییەکان ڕاگەیاند و ملیانکەچ کرد.

## ٢-٣ هاوسەرگیریی و ئەخلاق لەئاشووردا

ململانێ و ڕووداوە مێژوویەکانی کە باسمان کردن، شارستانییەتێکی نوێ لە باکووری بابل و نزیکەی دووری ٥٠٠ کم دروست ببوو، چونکە هۆزە کوێستانییەکانی دراوسێی وڵاتەکانی ئەو شارستانییەتە نوێیە بەردەوام هەڕەشەیان لێ دەکرد، خەڵکی ئەوێ ناچاربوون بۆ پاراستنی وڵات و پێشگرتن لەو هێرشانەی ژیانێکی سەربازیی سەختیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو، لە ئەنجامدا سەرکەوتن بەسەر هێرشبەرەکان و کەم کەم شارەکانی ئیلام و سوومەر و ئەکەد و بابلیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان، دەستەڵاتیان گەیشتە فینیقیە و میسر و ماوەی نزیکەی دووسەد ساڵ بەهێزێکی توندوتیژ فەرمانڕەوایی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان کرد.

دەوڵەتی نوێی ئاشوور لە دەوروبەری چوار شار کە لەسەر دیجلە یان ڕووبارەکانی کە دەڕژانە سەر دیجلە فراوانبوو. ئەو شارانە بریتین لە ئەربیلا کە هەولێری ئێستایە، ئاشوور، کە شوێنی ئێستای قەڵای شەرقاتە و کالح کە ئێستا نەمروودی لێیە و نەینەوا کە قویونجیکی ئێستایە و ڕێك بەرامبەر شاری موسڵ، مەڵبەندی نەوت لەوبەری ڕووباری دیجلە، لەسەر ئەوێیە.

ژیانی ئابووری خەڵکی ئاشوور و بابل جیاوازییەکی زۆری نەبووە، چونکە دانیشتووانی ئەو دوو هەرێمە، دانیشتوانی باکوور و باشووری یەك فەرهەنگ و یەك شارستانییەت بوون، گرنگترین جیاوازییان ئەوە بوو کە بابلییەکان زیاتر خەریکی کاری بازرگانی بوون، بەڵام ئاشوورییەکان پتر خەریکی کاری

کشتوکاڵ بوون، سەرمایەدارەکانی بابلی زیاتر بازرگان بوون، بەڵام زۆربەی سەرمایەدارەکانی ئاشووری خاوەنی زەوی و موڵکی گەورە بوون و هەرخۆیان زەوییە فراوانەکانیان بەڕێوەدەبرد، وەکو ڕۆمییەکان کە دوای ئەوان هاتن، ڕقیان لەو کەسانە بوو کە شتیان بە هەرزان دەکڕی و بەگران دەیانفرۆشتەوە و بەچاوی ناشیرینەوە سەیران دەکردن.

وەکو هەموو وڵاتە سەربازییەکان، لە ئاشووریش گرنگی زۆر دەدرا بە زیادکردنی نەوە و بڕیاری ئەخلاقی و یاسای تایبەتی بۆ هەبوو. سزای لەباربردنی کۆرپەلە لەسێدارەدان بوو، ئەو ژنەی کە سکی لەبار دەبرد، تەنانەت ئەگەر لە کاتی ئەنجامدانی ئەو کارە بمردبوایە، نووکێکی تیژیان لەسەردارێک دادەنا و لە سکی ژنەکەیان ڕۆدەکرد، ئەگەرچی بەشێکی ژنانی ئاشوور، بەهۆی هاوسەرگیریی یان پەنابردنە بەر دەسیسەکان دەگەیشتنە پلەوپایەیەك، بە شێوەیەکی گشتی پلەوپایەی ژن لە ئاشوور دواکەوتووتر بوو لە بابل، هەرکاتێك ژنێك دەستی بۆ مێردەکەی درێژبکردبایە سزای توندی بەدواوەبوو. ژنان مۆڵەتی ئەوەیان هەبوو کە بەبێ لەچك بێنە ناو کوچەو کۆڵان و بازاڕ، لە هەمان کاتدا پیاوان دەیانتوانی هەرچەند کە بیانەوێت بۆ خۆیان دڵبەر بگرن، چاوەڕوانی ئەوەیان لە ژن دەکرد کە زۆر زۆر ئابڕووی خۆیان بپارێزن و تا بتوانن ئەمین و وەفادار بن، لەشفرۆشی لەو سەردەمەدا وەکو مەسەلەیەك دەژمێردرا کە هەڵاتن لێی کارێکی ئاسان نییە. هەر بۆیە بۆ پشتیوانیکردنی ئەم مەسەلەیە یاسای تایبەتەیان هەبوو. پاشا حەرەمێکی تایبەتی هەبوو و ژنەکانی ناچار بوون لە گۆشەیەك بژین و ڕۆژەکانی خۆیان بە سەماکردن و گۆرانی گوتن و ململانێی یەکتر و دەرزی و دوورمان و دەسیسە ڕێکخستن

بەسەربەرن. ئەگەر پیاوێك ژنی خۆی لە كاتی خیانەت بینیبایە، دەیكوشت، ئەوەش بەمافێكی خۆی دادەنرا، هەرئەو نەریتەیە كە لە زۆرێك لە یاساكانی ئێستادا هێشتاش هەرماوە.

جگە لەمەش یاساكانی هاوسەرگیریی لە ئاشووردا، وەكو بابل بوو، بەو جیاوازییەی كە هاوسەرگیریی زۆرجار بە شێوەی كڕین بوو و ژن زیاتر لە ماڵی باوكی خۆی دەژیا و مێردەكەی جارجار دەچووە سەردانی. لە هەموو لایەنەكانی ژیانی خەڵكی ئاشوور، باوكسالاری و دەسەڵاتداریەتی تەواو باوك لە خێزاندا دەبینرێت. هەڵبەتە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆ گەلێك كە لە ڕێگای بوون بە وڵات و لە سنووری وەحشیگەریی دەژیا، شتێكی ئاسایی دێنە بەرچاو.

## ٢-٤ ژن لە ئەخلاقی پارسیاندا

### گەورەیی ـ یاسای پاكیزەیی ـ گوناهە جەستەییەكان ـ كچان و پیاوانی ڕەبەن ـ شووكردنی ژنان، ـ منداڵان

بەپێچەوانەی ئەوەی كە لە خوێندنەوەی مێژووی ئاوێتە لە خوێن و ئاسن، فارسییەكان وادێتە بەرچاو، دەبێ بگوترێ كە ئەخلاق و ڕەفتاری نەتەوەی فارس توندوتیژییەكی وای نەبووە، فارسەكان لە قسەكردندا بێ پەردە و لە هاوڕێیەتیكردندا پایەدار و میوان خۆشەویست و بەخشندە بوون. بۆ پاراستنی نەریتی تێكەڵاوی نزیكەی وەكو خەڵكی چین ئاگاداری بوون. كە دووكەس بە یەكتری دەگەیشتن و لە پلەدا یەكسان بوون، یەكتریان ماچ دەكرد، ئەگەر كەسێك لەوەی تر گەورەتر بوو لە ڕووی پلەوپایەوە خۆی دەنووشتاندەوە بۆ ئەویتر

و ڕێزی لێدەنا. بۆ کەسانی لە خۆیان بچووکتر ڕووی خۆی دەهێنایە پێشەوە بۆ ماچ کردن. بۆ خەڵکی ناسراو، لەخۆبردووییەکی کەم بەس بوو. شت خواردنیان لە تەنیشت ڕێگاکان زۆر بەناشیرین دەزانی، لووت گرتن و تف ڕۆکردنیان لە بەرامبەر خەڵکی تر بەخراپ دەزانی. تا سەردەمی خەشایار شاه، لە خواردن و خواردنەوەدا سادەییەکی زۆریان هەبوو. جگە لە یەك جار لە ڕۆژدا خواردنیان نەدەخوارد و جگە لە ئاوی پاك و پوخت هیچ شتێکی تریان نەدەخواردەوە، پاکوخاوێنی و پاکیزەییان دوای ژیان بەگەورەترین نیعمەت دەزانی، وایان لێکدەدایەوە کە کاری باش ئەگەر لەدەستی پاکەوە ئەنجامنەدرێت، هیچ بەهایەکی نییە (کە مرۆڤ لە بەرانبەر فەسادی "میکرۆبەکان" هەڵنەستێتەوە، فریشتەکان لە لەشی ئەودا نامێننەوە)، ئەو کەسانەی کە دەبوونە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمەکان بەسەختی سزایان دەدان. لە جەژنەکاندا هەموو خەڵك بە جلی سپی پاکەوە ئامادە دەبوون. لە شەریعەتی ئەواندا وەکو دوو شەریعەتی برهمایی و موسوی، داب و نەریتی پاککردنەوە و پێشگری لە پیسبوونی زۆر بووە. لە کتێبی پیرۆزی زەردەشت بەندی درێژ هەن کە هەمووی باسی بنەما تایبەتییەکانی پاکی لەش و ڕۆح و ڕەوان دەکات. لەو کتێبەدا هاتووە کە نینۆك نەکردن و موونەکردن و هەناسەکێشان لەدەمەوە، هەمووی پیسە، ئێرانی زانا دەبێ خۆی لەو شتانە بپارێزێت، مەگەر ئەوەی کەپێشتر ئەوانەی پاك کردبێتەوە.

سزای گوناهە جەستەییەکان لە شەریعەتی زەردەشتیدا، وەکو شەریعەتی یەهودی، زۆر سەخت بوو. ئەو کەسەی دەستپەڕی بکردبوایە بە لێدانی قامچی سزایان دەدا، سزای نێربازی و زینا ئەوەبوو کە ژن یان ئەو پیاوەی ئەو کارەی

کردووە (بیانکوژن) لەگەڵ ئەوەش لە مار و گورگ زیاتر حەقی کوشتنیان هەیە. لەوەی کە ئێستا لە نووسینی هیرۆدێت باسی دەکەین و دیاردەکەوێت کە بەگوێرەی پەیماندار، لە نێوان قسە و کردار جیاوازیی هەبووە، قسەی هیرۆدێت بەمشێوەیەیە: (پارسیان ڕفاندنی ژنان، بەهۆی زۆر و هێزەوە بە کاری ناپاکان و خراپەکاران دەزانی، بەڵام بیری تۆڵەسەندنەوەی دوای ڕفاندنی ژن، کارێکی گێلانەیە، لەبیرکردنیان و فەرامۆشکردنیان کاری زانایانەیە، چونکە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەگەر ژنان خۆیان حەزیان لەو کارە نەبێت هیچ کات کەسێك ناتوانێت بیانڕفێنێت)، لە جێگایەکی تردا دەڵێت: (پارسییەکان نێربازی لە یۆنانییەکان فێربوون.) ئەگەرچی ناکرێت بڕوا بەو شتانە بکەین کە ئەو پەیامنێرە سەیروسەمەرە هێناویەتی، لە سەرزەنشتە سەختەکانی کە ئاڤێستا لەبارەی نێربازییەوە باسی دەکات، تارادەیەك قسەکانی هێرۆدێت پشتیوانی لێدەکرێت.

"ئاڤێستا" لەچەند شوێن دووبارەی دەکاتەوە کە ئەو گوناهە ناشیرینە شایانی ئەوە نییە لێی ببووردرێت و (هیچ شتێك ئەوە پاك ناکاتەوە).

هەڵبەت کە شەریعەتی زەردەشت وانەبوو کە بێمێرد مانەوەی کچان و ژن نەهێنانی کوڕان هان بدات، بەڵام فرەژنی و هەڵبژاردنی کەسێك بۆ سێکس و کەنیزەکان بەشتێکی ئاسایی دەزانرا. ئەویش لەو لایەنەوە بوو کە لە کۆمەڵگەیەکدا کە بنەماکەی لەسەر هێز بنیاتنراوە، پێویستی بەوە هەیە کە هەرچەند دەتوانرێت ژمارەی منداڵەکانی زۆرتر بکرێت. ئاڤێستا لەمبارەوە وادەڵێت: ئەو پیاوەی کە ژنی هەیە لەسەرووی ئەو کەسەوەیە کە ژنی نییە، ئەو پیاوەی سەرپەرشتی خێزان دەکات لەسەرووی ئەو کەسەوەیە کە خێزانی نییە، ئەو پیاوەی کە کوڕی زۆری هەیە لەسەرووی ئەو کەسەوەیە کە کەمتر کوڕی

هەیە، دەوڵەمەند لەسەرووتری ئەوانەیە کە لەو هەژارترن. ئەمانە هەموو ئەو پێوەرانەن کە پلەی کۆمەڵایەتی باو لە نێوان گەلانی جیاواز دیاریی دەکات. خێزان لە ڕوانگەی ئەوانەوە بە پیرۆزترین ڕێکخراوی کۆمەڵە دەژمێردرێت. زەردەشت لە ئەهورای پرسیبوو کە: (ئەی پیرۆزی دانەری گێتی و لەش، ئایا دووەم خۆشترین شوێنی زەوی لە کوێیە؟ پاشان ئەهورامزدا گوتوویەتی: "هەر ئەو شوێنەی کە پیاوی موقەدەس ماڵێك دروست بکات کە ئاگرو مانگا و مەڕو ژن و منداڵ و خەڵکی زۆری لێبێت، دوای ئەوە مانگا و مەڕی زۆر، ئاردی زۆر، ئالیکی زۆر، سەگی زۆر، ژنی زۆر، منداڵی زۆر، ئاگری زۆر و هۆکاری ژیانی باش زۆر بێت" ئاژەڵ و بەتایبەتی سەگ، بە بەشێکی جیانەکراوەی خێزان دەژمێردرا، هەروەك ئەوەی کە لەبەشی کۆتایی دە فەرمانەکەی حەزرەتی موساش وابوو. ئەگەر گیانداریك ئاوس بوو و جێگای نەبوو، لەسەر نزیکترین ماڵ واجب بوو کە ئاگاداری بێت ئەگەر کەسێك خۆراکی خراپ و بەسەرچوویان زۆر گەرمی بدابوایە بەسەگ ئەوا سزایەکی سەخت دەدرا. (هەرکەسێك لە دەڵە سەگێکی بوابایە کە سێ سەگ سواری بوبێتن، بە هەزار و چوارسەد قامچی سزایان دەدا. گا، بەهۆی ئەوەی کە هێزێکی فراوانی هەبوو بۆ بارکردن و کارکردن، ڕێزیان لێدەگرت، بۆ مانگا دوعا و قوربانی تایبەتیان دەکرد.

کە منداڵ دەگەیشتە تەمەنی باڵقبوون، باوکان پێداویستییەکانی هاوسەرگیرییان بۆ فەراهەم دەکردن، دامەنی هەڵبژاردنی هاوسەر فراوان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرگیریی لە نێوان خوشك و براو باوك و کچ و دایك و کوڕ باوی هەبووە و شتێکی ئاسایی بووە. کەنیزەك و هەبوونی هاوڕێی سێکسی وەکو فیزێك ئەنجامدەدرا کە تەنیا سەروەتمەندان و خانەدانەکان، کە بەرێدەکەوتن

بۆ شەڕ، بەردەوام دەستەیەك لەو هاوڕێ سێکسییانەیان لەگەڵ خۆیان دەبردن. ژمارەی کەنیزەکانی حەرەمی پاشا، لە خولەکانی کۆتایی شاهەنشاهیدا، لەنێوان ٣٢٩ تا ٣٦٠ بووە، چونکە لەوکاتەدا نەریت ئەوەبوو کە جگە لە ژنانی زۆر جوان، هیچ ژنێك لە ژنەکانی حەرەم دووجار لەگەڵ پادشا نەدەخەوت.

لە زەمانی زەردەشت پێغەمبەر، ژنان هەروەك ئەوەی کە نەریتی پێشتر بوو، پلەوپایەیەکی بەرزیان هەبوو بە تەواوی ئازادیی، بەڕووی کراوە، هاتوچۆیان دەکرد بۆ ناو خەڵك، دەبوونە خاوەنی موڵك و زەوی، تێیدا ڕەفتاری خاوەندارانەیان هەبوو و دەیانتوانی وەکو زۆربەی ژنانی سەردەمی خۆیان، بەناوی مێرد، یان بەبریکاری مێرد، کارەکانی پەیوەست بەو ئەنجام بدەن، دوای داریوش پلەوپایەی ژن، بەتایبەتی لەنێوان چینی سەروەتمەند دابەزی، ژنانی هەژار، چونکە بۆ کارکردن ناچاربوون بێنە ناو خەڵك، ئازادی خۆیان پاراست، بەڵام لەبارەی ژنانی تر گۆشەنشینی کاتی بێنوێژی، کە بۆیان واجب بوو، کەم کەم درێژەی پەیداکرد و سەرانسەری ژیانی کۆمەڵایەتیانی گرتەوە، ئەو مەسەلەیەش خۆی لەخۆیدا بە بنەمای (پەردە و پێچە) لە نێوان ئیسلامەکاندا دەژمێردرێت. ژنانی چینی بەرزی کۆمەڵ جەسارەتی ئەوەیان نەبوو جگە لەتەختی ڕەوانی ڕووپۆشدار لەماڵ بێنە دەر، هەرگیز مۆڵەتی ئەوەیان پێ نەدەدرا، کە بە ئاشکرا لەگەڵ پیاوان سێکس بکەن، ژنانی خاوەن مێرد، مافی ئەوەیان نەبوو هیچ پیاوێك ببینن ئەگەر براو باوکیشیان بێت. لەو نەخشانەی کە لە ئێرانی کۆنەوە بەجێماوە، هیچ ڕووی ژن نابینرێت و ناوی هیچ کامیان نابینرێت. کەنیزەکان ئازادی زیاتریان هەبوو، چونکە پێویست بوو پێشوازیی و بەخێرهاتنی میوانەکانی خواجەیان بکەن، ژنانی حەرەم شاهی لە سەردەمانی

کۆتاییشدا لە دەرباردا دەسەڵاتی زۆریان هەبوو لە ڕاوێژکاریدا، لەگەڵ خواجە سەراکان و لە ڕاوێژ و تەگبیرکردنی هۆکاری ئەشکەنجەدان لەگەڵ پادشاکان پێشبڕکێیان دەکرد[1].

منداڵ هەبوونیش، وەکو هاوسەرگیریی، یەکێك بوو لە هۆکارە گەورەکانی ئابڕوومەندی، کوڕان بۆ باوکانیان سوودی ئابوورییان هەبوو لە شەڕەکاندا بەکەڵکی شاهەنشا دەهاتن، بەڵام کچان جێگای سەرنج نەبوون، چ لە ماڵێك جگە لە ماڵی خۆی، جگە لە خێزانی خۆی، دەڕۆیشتن و کەسانی جگە لە باوکەکانیان سوودیان لێ وەردەگرتن، لە قسەکانی ئێرانیانی کۆن لەمبارەیەوە یەکێك ئەوەیە کە (باوکان داوا لە خودا ناکەن کە کچیان پێ ببەخشێت، فریشتەکان کچان لەو نیعمەتانە ناژمێرێ کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە)، شاهەنشاه ساڵانە دیاری دەنارد بۆ ئەو پیاوانەی کە کوڕی زۆریان هەبوو، وەك بڵێی خوێنی ئەو کوڕانەی لە سەرەتاوە دەدا، ژنانی خاوەن مێرد یان ئەو کچانەی کە لەڕێگای زیناوە سکیان پڕدەبوو و نەیاندەتوانی کۆرپەکەیان لەبار ببەن، لەوانە بوو ببەخشرێن، چونکە لەباربردنی منداڵ لە ڕوانگەی ئەودا خراپترین گوناه بوو و سزای لەسێدارەدانی هەبوو. لە یەکێك لە تەفسیرەکانی زەردەشتی کۆن بەناوی (بەندهەشەن) هۆیەکانی پێشگرتن لە سکپڕی باسکراوە، بەڵام خەڵکیان لێ ئاگادارکردبووەوە لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگایانە، یەکێك لەو

١. ستاتیرا، ژنی ئەردەشێری دووەم، شاژنێکی چاکەکار بوو، بەڵام دایکی ئەردەشێر، پاروستایس، ئێرەیی پێ برد، بە ژەهر کوشتی و شای هان دا کە ئاتوسا بهێنێت، هەر ئەو دایکە جارێك لەگەڵ کورەکەی خۆیدا یاری تاولەیان کرد لەسەر یەکێك لە کوێخاکان، کە بردیەوە، فەرمانی دا، کوێخایان بە زیندوویی کەورکرد. جارێکتر ئەردەشێر فەرمانی دابوو کە سەربازێکی کاریایی بکوژن، پاروستاتیس، بۆ ئەوەی ئەشکەنجەکەی تەواو بکات، بڕیاری دا کە دە ڕۆژی تەواو سەربازەکە بە بزمار لەدیوار بدەن، چاویان دەرهێنا، هێندە قورقشمیان لە گوێ کرد تا گیانی سپارد.

بابەتانەی لەو کتێبەدا هاتووە ئەمەیە: (لەبارەی مەسەلەی لەدایکبوون لە کتێبی پیرۆزدا بەمشێوەیە باسکراوە کەژن لەبێنوێژی پاك دەبێتەوە، تا دەشەو و رۆژ ئامادەی سکپڕییە ئەگەر لەگەڵ پیاو بخەوێت).

منداڵان تا تەمەنی پێنج ساڵی لەبەردەستی دایك، لە پێنج تا حەوت ساڵی لەبەردەستی باوکدا بوون، لەو تەمەنەوە دەچوونە قوتابخانە. پەروەردە و فێرکردن تەنیا بۆ منداڵە خانەدان و سەروەتمەندەکان بوو. ئەوکارەش بەگشتی بەهۆی کاهینەکانەوە ئەنجام دەدرا.

یەکێك لەبنەما باوەکان ئەوەبوو کە شوێنی قوتابخانە لە نزیك بازاڕ نەبێت تا درۆ و ئەو فڕوفێڵانەی کە لە بازاڕدا هەن کاریگەریی لە سەر منداڵان دروست نەکات، کتێبەکانی خوێندن (ئاڤێستا)و تەفسیری ئەو بوو. مادەکانی دەرس بریتی بوون لە مەسەلە ئاینی و پزیشکی و ماف. وانەکانیان لە ڕێگای لەبەرکردن دەخوێند، بەندی درێژیان لەبەردەکرد و بەردەوام و دووبارە دەیانخوێندەوە.

کوڕانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە دەردەسەری قوتابخانەیان نەبوو و تەنیا سێ شت فێردەبوون، ئەسپسواریی، گوللەهاوێژی، ڕاستگۆیی، خوێندنی بەرز تا تەمەنی بیست یان بیست و چوار ساڵی درێژەی دەکێشا. هەندێ لە کوڕانی خانەدان وانەی تایبەتییان پێ دەگوترایەوە کە بۆ فەرمانڕەوایی پارێزگاکان و کارەکانی حکومەت ئامادە بکرێن. بەڵام ئەوەی بۆ هەموویان هاوبەش بوو، فێربوونی هونەرەکانی شەڕکردن بوو. ژیانی خوێندکاران لە خوێندنی بەرزدا یەکجار زەحمەت بوو، خوێندکاران بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستان، ماوەیەکی باش ڕایاندەکرد، سواری ئەسپی سەرکێش دەبوون و بەخێرایی ڕایاندەکرد. مەلەوانی، ڕاوی گیانداران، بەدوای دز ڕاکردن، کشتوکاڵ و دارچاندن و ڕۆیشتن

بۆ ماوەیەکی درێژ لە گەرمای زۆری هاوین و سەرمای زۆری زستاندا یەکێك لە کارەکانی تری خوێندن بوو. ئەو خوێندکارانەیان وا پەروەردە دەکرد کە بتوانن زۆر باش بەرگەی گۆڕانکاریی و ناخۆشییەکانی هەرێم بگرن، لەگەڵ خواردنی ناخۆش و سادەش ڕابێن، بێئەوەی جلوبەرگیان تەڕ بێت، لە ڕووبارەکان بپەڕنەوە. ئەو جۆرە ڕێنماییانە بووە کە لە چەند ساتێکدا فردریش نیچە دەیتوانی هەمەڕەنگی و درەوشانەوەی فەرهەنگ و شارستانیەتی یۆنانی کۆن فەرامۆش بکات، هۆیەکانی کامەرانی ئەو فەراهەم بکات.

## ٣ ـ ژن لەهیند

### ١–٣ کۆمەڵگای هیندۆك ـ ئاریایی

#### بنەمای ئەخلاقی ـ هاوسەرگیریی ـ ژن

لەگەڵ ئەوەی کە لە نێوان پاشماوەی بەجێماودا پەیوەندی نێوان سەند و مەیسور دیارە، هەست دەکەین کە لە هۆشیاریی ئێمەدا، لە شکۆداری ڕەونەقی موهنجۆ ـ دارۆ تا هاتنی ئارییەکان، کەلێنێکی گەورە هەیە.

کە ئارییە هێرشبەرەکان گەیشتنە هیند پارێزگاکانی باکووریان لە خاوەنداریەتی (ناگە مارپەرستەکان) بینی. ئەو کەسانەی کە نەوەکانیان تا ئێستاش لە ناوچە دووردەستەکانی هیند دەژین. لە خاڵەکانی دوورە دەستی باشووری ئەم وڵاتە، خەڵکێکی ڕەشپێستی لووت پان دەژیان، کە ئێمە پێیان دەڵێین: دراڤیدی. ئەوان، لە کاتی شاڵاوی ئارییەکاندا، خۆیان خەڵکێکی

شارستانی بوون. وا دەزانرێت کە هەر لەو خەڵکە بوو کە ئارییەکان کۆمەڵگەی لادێی و سیستمەکانی خاوەنداریی زەوی و باجیان لێ فێربوون.

هێرش و سەرکەوتنی ئارییەکان بۆ سەر ئەم هۆزە پێشکەوتووانە بەشێك بووە لەو پێکهاتە دێرینەی کە بوو بەهۆی ئەوەی کە هەرچەند ماوەیەك جارێك، باکوور توندوتیژی دەڕژاندە سەر دانیشتووانی باشووری ئارام، باکوور بەردەوام فەرمانڕەوا و جەنگاوەری دروستدەکرد و باشووریش هونەرمەند و قەدیسەکانی بەرهەم دێنا، بەردباران میراتگری بەهەشتی خوداوەند بوون.[1]

زۆر ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەوانە لە ناوچەی دەریای خەزەرەوە هاتبن[2]، کە نەتەوەکانی ئێرانیان بە ئێران وێجە ناوزەد کردبوو، واتە وڵاتی ئارییەکان، ئەم ئارییایانەش وەکو ژێرمەنەکان کە هێرشیان کردە سەر ئیتاڵیا، زیاتر کۆچبەر بوون تا ڕزگارکەر، بەڵام ئەوان لەشێکی بەهێز، ئارەزووی خواردنی زۆر بۆ خواردنی هەر جۆرە خواردن و خواردنەوەیەك، توندوتیژی زۆر، ئازایی و شارەزاییان لە شەڕدا هەبوو، کاتێکی زۆری نەخایاند کە سەروەریی باکووری هیند کەوتە دەست ئەوانەوە. بە تیروکەوان شەڕیان دەکرد، ڕێبەرەکانیان شەڕکەرانێك بوون کە زرێیان لە بەربوو لەسەر عەرەبانەیەکی تایبەت دادەنیشتن و تەورزینی شەڕیان بادەدا و ڕمیان دەوەشاند. ئەوان لەوە سادەتر

١. وەك بڵێی دانەر تێروانینی هەبوە بۆ (ئینجیلی مەتی) کە دەڵێت: ( خۆزگە بە حەلیمەکان چونکە ئەوان دەبنە خاوەنی زەوی.)
٢. ئەمڕۆکە پتر لەو باوەڕەدان کە ئارياييەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە کۆچیان کردوە، بوون بە دوو بەش: ئاريايیە ئێرانییەکان بۆ ئێران ـ وێجە لە کەناری دەریاچەی خوارزەم هاتوون، ئاريايیە هیندیەکانیش چوونە هیندی ئەمڕۆکە.

بوون کە ڕیاکار بن: هیندیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان، بێ ئەوەی وەها نیشان بدەن کە ئاوەدانی دەکەنەوە کەم کەم کە دەستیان لە شەڕو چەك هەڵگرت، بوون بە کشتوکاڵکەری نیشتەجێ، ئەو هێندییە ئارییایانە چۆن دەژیان؟ لە سەرەتادا بە شەڕ و تالآن، دواتر بەشوانکارەیی، کشتوکاڵ، پیشەسازیی بەشێوەی لادێیی، کە لە پیشەسازیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا دەچوو. نەدەکرا زەوی بە بێگانە بفرۆشن، تەنیا دەکرا زەوییەکە وەکو میرات بۆ کوڕانی بنەماڵە بەجێبهێڵێت.

زۆربەی خەڵك خاوەنداری بچووك بوون، لەسەر زەوی خۆیان کاریان دەکرد، ئارییاییەکان جاشایەتییان پێ شەرم بوو. دڵنیاین کە لە نێوانیاندا نە دەوڵەمەندی هەبوو نە سواڵکەریی، نە ملیۆنێریان هەبوو نە زۆر هەژار.

ئارییاییەکانیش وەکو نەتەوەکانی تر لەبارەی هاوسەرگیریی ناوخۆیی نەتەوە و دەرەوەی نەتەوە دیسپلینێکیان هەبوو، پێکهێنانی هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی نەژاد و نەتەوە، یان لە چوارچێوەی خزمانی نزیکیان قەدەغە کردبوو، لەم یاسایانەدا دیارترین دامودەزگای هیندۆکی لێدەرچوو، ئارییاییەکان چونکە بینیان کە ژمارەی خەڵکانی ژێر ڕکێفیان، کە ئەوانیان بە دواکەوتووتریش دەزانی، زۆرتر لە خۆیانن، وەهایان پێشبینی کرد، ئەگەر لە زەمینەی هاوسەرگیریدا لەگەڵ خۆجێیەکان سنووردارییەك لەگۆڕێدا نەبێت، لە ماوەیەکی نزیکدا ناسنامەی نەژادییان لەناودەچێت و یەك دوو سەدە بەسەر ناچێت کە لەناو ئەو خەڵکەدا دەتوێنەوە.

لەم ڕووەوە یەکەمین دابەشکردنی چینەکان لەسەر بنەمای ڕەنگ[1] بوو، نەك لەسەر بنەمای باری کۆمەڵایەتی، ئەم دابەشکردنە، لووت درێژەکانی لە لووت پانەکان واتە ئارياییەکان لە ناگەکان و دراویدەکان جیا دەکردەوە، ئەم شێوە کۆنەی سیستمی کاست بە تەواوی دیسپلینی هاوسەرگیریی گروپێکی ناوخۆیی نەتەوە بوو. سیستمی کاست بەشێوە دواییەکەی کە پڕبووە لە دابەشکردنی میراتی، نەژادی، پیشەیی بوو. زۆر بە کەمی لە سەردەمی مەدایی دەبینرێت. لە نێوان ئارياییەکان خۆیاندا هاوسەرگیریی ئازاد بوو، (مەگەر لە نێوان خزمانی نزیکدا) باری کۆمەڵایەتی بە هونەر بوو نەك بە گەوهەر.

ئەخلاقی بازرگانی ئاستێکی بەرزی هەبوو، پاشاکانی هیندی سەردەمی ودایی، وەکو ئەوەی کە لە یۆنان لە سەردەمی هۆمێر ڕوویدەدا، وەها نەبوون کە مانگای هاوسێیەکانیان نەدزن، بەڵام مێژوونووسی یۆنانی هێرشەکانی ئەسکەندەر، هیندییەکان بەمشێوەیە وەسف دەکەن: (بۆ کارە ڕاستەکانیان زۆر بە سەرنجن، هێندە ماقوڵن کە زۆر کەم کێشەکانیان دەگاتە دادگا، هێندە شەریفن کە نە قوفڵ لە دەرگاکانیان دەدەن و نە لە پەیماننامەکانیشیاندا بەڵێن دەنووسن، بێ کۆتاییش ڕاستگۆن.) لە ڕیگ ـ ودا زینا لەگەڵ مەحرەمەکانی وەکو خوشك و دایك، سەرلێشێواندنی ژنان، لەشفرۆشی، لەباربردنی کۆرپەلەی سك و زینا باس دەکرێت، چەند نیشانەیەك لە هاوڕەگەزبازییش بەرچاو دەکەوێت. بەڵام ئەو وێناکردنە گشتییە کە لە وداکان و داستانەکانەوە بەدەستدێنین یەکێکە لە پێوەرە بەرزەکانی نزیکی دوو ڕەگەز و ژیانی خێزانی نیشان دەدات.

---

١. چەمکی کۆنی هیندۆکی (وژند) بەمانای رەنگ، ئەم چەمکە هێرشبەرە پرتوگالییەکان بە (کاستا) وەریانگێڕاوە کە (کاستۆس) بەلاتینی بەمانای پوخت.

هاوسەرگیریی لەوانەبوو لە ڕێگای ڕفاندنی بووك بەزۆر، یا كڕینی ئەو یان بە ڕازی بوونی هەردوولا، بەئەنجام بگات. بەڵام هاوسەرگیریی بە ڕازیبوونی هەردوولایان بەشەرم دەزانی، ژنان پێیانوابوو كە ئەگەر ئەوان بكڕدرێن و پارەیان لە بەرانبەردا بدرێت شەریفانەترە، ڕفاندنیان بە ستایشێكی گەورە دەزانی. فرەژنی یان چەند هاوسەریی ڕێگەی پێدرابوو، گەورەكان حەزیان لێبوو، چاودێریكردنی چەندین ژن و سوودوەرگرتن لە بەهرەكانیان كارێكی باش و شایستە بوو. بەسەرهاتی درۆپدی[1] كە لە یەك كاتدا شوی بە پێنج برا كردوە نیشان دەدات كە لە سەردەمی حەماسیدا هەندێجار فرەشویی ـ هاوسەرگیری یەك ژن، بە شێوەی هاوكات، لەگەڵ چەند پیاو، بە گشتی چەند برایەك ـ ڕوویداوە، ئەم نەریتە تاساڵی ١٨٥٩ لە سیلان مایەوە. هەندێجار ئێستاش لە هەندێك لە لادێكانی تبت شوێنەواری ماوە و دەبینرێت، بەڵام فرەژنی بە گشتی بەشی پیاو بوو، كە بە دەستەڵاتی باوكسالاریی بەسەر خێزانی ئاریایی حكومەتی دەكرد، مافی خاوەندارییەتیان هەبوو لە بەرانبەر منداڵ و ژنەكانیاندا، لە هەلومەرجی تایبەتدا باوك دەیتوانی بیانفرۆشێت یان لەماڵ دەریانبكات. لە گەڵ ئەو هەمووەشدا ژنی هیندی لە سەردەمی ودایی ئازادییەكەی زۆر زیاتر بوو لە سەردەمەكانی دوایی. لە هەڵبژاردنی مێرددا، لەوە زیاتر چ گرینگی هاوسەرگیریی هەیە، دەیتوانی ڕای خۆی بڵێت. بە ئازادیی لە جەژن و سەماكاندا وەدیاردەكەوتن، لە جەژنە دینییەكاندا لەگەڵ پیاوەكان بوون، دەیانتوانی بخوێنن، وەكو گارگی[2]، لەگفتوگۆی فەلسەفیدا

١. لە(مهاباراتا)دا هاتووە،كە شاژنی دروپدی، بە ڕازیبوونی هەموو داناكان، هاوسەرگیری لەگەڵ پێنج برا كرد.
٢. ژنە باشەكە، كۆنترین فەیلەسوفی هیند.

بەشداریی بکەن. ئەگەر دەبووە بێوەژن، هیچ سنوورێك بۆ شووکردنەوەی لەگۆڕێدا نەبوو. لە سەردەمی قارەمانیدا وەك بڵێی ژن هەندێك لەو ئازادییەی لەدەستدابێت، لە بەدواداگەڕانی مەعنەوی دڵساردیان کردبووەوە. بەڵگەشیان ئەوەبوو خوێندنی ژن، نیشانەی تێکچوونی ماڵ بێت. شووکردنەوەی بێوەژنەکان وەکو نەریت نەما.

حەرەمسەرا و سەرپۆشی ژنان دەستیپێکرد، نەریتی ساتی[١])، کە لە سەردەمی (ودایی)دا تارادەیەك کارێکی نەناسراوبوو، بەرفراوان بوو، ئێستا نموونەی ژنی ئارمانجی پاڵەوان خاتوونی ڕامایان، واتە سیتای وەفادار بوو، کە لە هەر جۆرە ئەزموون و وەفاداری و جەسووری، تا ڕادەی مردن، لەخۆبردوانە ملکەچی مێردەکەی بوو.

کاتێك کە فیرۆز شا، سوڵتانی دەهلی، لەگەڵ کچی پاشا ویجیەنگەر لە پایتەختی ئەودا زەماوەندیان کرد، ڕێگاکەیان بە درێژایی فرسەخ و نیوێك بە مەخمەل و حەریر و پارچەی زێڕین و چەندین شتی تری گرانبەها داپۆشیبوو، بەڵام گێڕانەوە زۆر جار درۆی تێ دەکەوێت.

لەپشت ئەو دەڵەمەندییەدا، کۆمەڵێك لە جوتیاران و کرێکاران لە هەژاری و خورافاتدا دەژیان و سەر بەکۆمەڵێك یاسا بوون کە جۆرێك لە ئەخلاقی کاسبکارانەیان بە سەختی دەپاراست. سزاکان لە بڕینی دەست یان پێ بوو تا خستنە ژێرپێی فیل، سەربڕین، بە زیندوویی لە سکەوە بە بزمارداکوتین یان قولاب خستنە ژێر چەناگەی سزادراو و هەڵواسین تامردن، لاقەکردن و دزی

[١] ئەو نەریتەی کە بەپێی ئەو، ژنی هیندۆك، دوای مەرگی مێردەکەی، خۆی دەخاتە ناو ئەو ئاگرەی کە بۆ سووتاندنی لاشەی مێردەکەی ئامادە کراوە، تا دەمرێت.

گەورەیان بەو سزایانە مەحکوم دەکرد، لەشفرۆشی ڕێگەپێدرابوو، جۆرە ڕێکخستنێکی هەبوو کە دەبووە سەرچاوەی دەرامەت بۆی. عەبدولڕەزاق سەمەرقەندی[1] دەڵێت: بەرانبەر شوێنی لێدانی سکەکان، مەڵبەندی پاسەوانی شارەکە دوازدە هەزار پاسەوانی هەیە، ئەرکی ئەوان لە... داهاتی سۆزانییەکان دابین دەکرا. گەورەیی ئەو ماڵانە، جوانی دڵبەران، ناز و نوزیان، لە ڕادەی وەسفکردن بەدەرە. بارودۆخی ژنانیش سەر بەبارودۆخی پیاوان بوو. چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکردن کە خۆیان بکوژن لە کاتی مردنی مێرددا، هەندێجار ژنان دەیانهێشت زیندە بەگۆڕیان بکەن.

١. مەبەست لە عەبدولرەزاق سەمەرقەندی(٨١٦ –٨٨٧ ی کۆچی) ە، خاوەنێ (مگلع السعدین و مجمع البحرین) ئەو لە لایەن شاخرۆخ تەیموری چووبوە سەفارەتی هیند لە ساڵی ٨٤٥ی کۆچی.

## ٣-٢ بنەمای ئەخلاقی و هاوسەرگیری

**درمە ـ منداڵان ـ هاوسەرگیری لەمنداڵیەوە ـ هونەری عاشق بوون ـ لەشفرۆشی ـ عەشق خەونی ـ هاوسەرگیری ـ خێزان ـ ژن ـ ژیانە مەعنەویەکەی ـ مافی ئەو ـ سەرپۆشی ـ ساتی ـ بێوەژنیی**

کاتێ کە سیستمی چینایەتی لە هیند لەناوبچێت ژیانی ئەخلاقی ئەم وڵاتەش دەبێتە مەسخەرەی ڕستێکی درێژی شەڕ و ناڕێکی، چونکە لەم وڵاتەدا یاسانامەی ئەخلاقی تا ڕادەیەك ناتوانرێت لە سیستمی چینایەتی جیا بکرێتەوە. ڕەفتاری ئاکاری هەمان درمە بوو، واتە ئەو یاسایەی ژیان کە سیستمی چینایەتی بۆ هەر کەسێك دیاری دەکرد. هیندۆکی بوون بە ناچاری بە مانای قەبووڵکردنی بیروبڕوایەك نییە، بەڵکو پتر بەو مانایەیە کە شوێن و پێگەی هەبێت لە سیستمی چینایەتی و درمە یان ئەو ئەرکانەی کە لەسەر بنەمای سونەت و دیسپلینی دێریندا پەیوەستە بەو پلەو پایەوە قەبوڵ بکات. لە بهاگاواد ـ گیتا[١] وەها هاتووە: "کاری خۆکردن، هەرچەند بە کەموکوڕیەوە بکرێت، باشترە لەوەی دەست لە کاری خەڵکی تر بدرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو باشیش ئەنجام بدرێت"درمە بۆ تاك وەکو گەشەیەکی ئاساییە بۆ تۆو، واتە تەکامولی ڕێکوپێکی سروشتی خودی و چارەنووسی ئەوە. ئەم چەمکەی ڕەفتاری ئاکاری هێندە کۆنە تەنانەت ئێستا بۆ هەموو هیندۆکەکان سەختە، بۆ زۆربەشیان

---

١.شیعرە فەلسەفییەکان بە زمانی سانسکریت، کە بەشێکە لە "مهابهاراتا" و پێکهاتووە لە فێرکردنە فەلسەفییەکانی کریشنا ودانت.

هەر ناکرێت کە خۆیان بە ئەندامی چینێکی تایبەت نەزانن، ملکەچ نەبن بۆ یاساکانیان و ئەوان بە رێنیشاندەری خۆیان نەزانن. یەکێك لە مێژوونووسە ئینگلیزەکان دەڵێت:"وێناکردنی کۆمەڵگەی هیندۆکی بێ چین مومکین نییە"

هیندۆکەکان بێجگە لە درمەی هەر چینێك درمەیەکی گشتیشیان هەیە، ئەویش ئەو بەڵێنەیە کە لەناو هەموو چینەکان هەبوە، لە بنەڕەتەوە پێکهاتووە لە ڕێزگرتن لە پێشەوایانی ئاین و مانگاکان. دوای ئەم ئەرکە ئەرکی منداڵ دروستکردنە. یاسانامەی مانۆ دەڵێت: "پیاو ئەو کاتە پیاوی تەواوە کە سێ کەس بێت، خۆی، هاوسەرەکەی، کوڕەکەی" منداڵان نەك تەنیا سەرمایەی ئابووری دایکوباوك و داردەستی رۆژگاری پیرییانن، بەڵکو پەرستنی بنەماڵەی باوباپیرانیشیان ئەنجام دەدەن، و بە گۆڕانی ئەوان خواردن دەدەن، چونکە رۆحەکان بە بێ ئەو خواردنە بە برسیەتی دەمێننەوە. لەم ڕووەوە لە هیند مەسەلەی چاودێری لەسەر لەدایکبوون بوونی نەبوو، لەباربردنی کۆرپەلەیان وەکو کوشتنی پێشەوایەکی ئاینی دادەنا. جارجارە منداڵ کوشتن ڕووی دەدا، بەڵام کارێکی تایبەت و کەم بوو، باوك بە هەبوونی منداڵ خۆشحاڵ و بە هەبوونی منداڵی زۆریش سەربەرز بوو. میهری پیران بۆ گەنجان یەکێکە لە جوانترین درەوشانەوەکانی هیندۆکەکانە. هیشتا شتێك لە لەدایکبوونی منداڵ بەسەرنەدەچوو، کە دایکوباوك بیریان لە ژن هێنان یان بەشوودانی دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سیستمی هیندۆکەکان هاوسەرگیری بەزۆر بوو، پیاوی بێ ژن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یان هیچ تێبینی تر، لە دەرەوەی چین دەژمێردرا و خاوەنی هیچ پلە و پایەیەك نەبوو لەناو کۆمەڵدا، بە کچی مانەوەی درێژخایەنیش هەر مایەی نەنگی بوو. هاوسەرگیری لە

ئەنجامی هەڵبژاردن یان عەشق نەدەکرایە خەون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە لە لایەنی کۆمەڵگا و نەژاد کارێکی چارەنووسسارز بوو، ژیرانە نەبوو کە وازی لێ بێنن بە بڕواپێکردنی کورتبینی شەهوەتی یان بە هۆی هاونشینی و خۆیەتی. دایکوباوك دەبوایە خۆیان ـ پێش ئەوەی تای شەهوەتی منداڵەکانیان گەرم بێت و هاوسەرگیری بەپەلە ئەنجام بدەن ـ دەستبەکار بن، هاوسەرگیریەکی وەها لە تێڕوانینی هیندۆکەکاندا جگە لە سەراب و تاڵی هیچ شتێکی تری بەدواوە نەبوو. مانۆ ئەو بەیەکگەیشتنانەی کە بە ڕازیبوونی هەردولا دروست دەبێت ناوی ناوە(بەیەکگەیشتنی گندروە)، بەم جۆرە هاوسەرگیریانە ڕەنگی (پێنەگەیشتوو) دەدەن. بەیەکگەیشتنی وەها ئاسایی بوو، بەڵام لەناوخەڵکەکەدا زۆر باش و ڕێزی لێ نەدەگیرا.

باڵقبوونی پێشوەختی هیندۆکەکان، کە کچی دوانزە ساڵەیان یەکسان دەکەن بە کچی چواردە یان پانزە ساڵەی ئەمریکی، مەسەلەی سەختی ڕێکخستنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات.[1] ئایا دەبێ هاوسەرگیری هاوکات لەگەڵ تەمەنی پێگەیشتن ئەنجام بدرێت، یان دەبێ وەکو ئەمریکا دوابخرێت تا پیاو دەگاتە پێگەیشتنی ئابووری؟ ڕێگاچارەی یەکەم وا دیارە ژێرخانی میللی لاواز و گەشە و زۆربوونی دانیشتوان لەخۆڕا خێراتر دەکات، کەم تازۆریش ژنان دەکاتە قوربانی زاوزێ، لە ڕێگاچارەی دووەم، مەسەلەکانی وەکو ڕێکەوتنی نائاسایی،

١. دەبێ بڵێین کە گاندی لەوباوەڕەدا نییە کە ئەم پێگەیشتنە پێشوەختە بنەمای جەستەیی هەبێت، دەنووسێت:"من لە هاوسەرگیری لە منداڵێدا بێزارم،کە منداڵێك بە بێوەژنی دەبینم دەلەرزم،هیچ کات خوارافیاتێکی لەوە جنێوترم نەبیستوە کە دەڵێن هەرێمی هیند پێگەیشتنی ڕەگەزی خێراتر دەکات. ئەو شتەی دەبێتەهۆی پێگەیشتنی پێشوەخت، کەشوهەوای زەینی و ئەخلاقییە کە ژیانی خێزانی وێران کردوە.

نەزۆکی، لەشفرۆشی، نەخۆشییەکانی کە لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی سێکسی بڵاو دەبنەوە. هیندۆکەکان لەم دوو ڕێگەیەدا، هاوسەرگیری لە منداڵیەوەیان هەڵبژاردوە و ئەویان کەم زیانتر زانیوە، بۆ ئەوەی ترسناکیەکانی کەم بکەنەوە، بڕیار درا کە لە نێوان هاوسەرگیری و نیکاح نێوانێك هەبێت و لەو ماوەیەدا بووك لە ماڵی باوکی خۆی بمێنێتەوە، تا ئەوەی بگاتە تەمەنی پێگەیشتن. ئەمە دامەزراوەیەکی دێرین بوو، لەم ڕووەوە بە پیرۆز دەزانرا، بنەماکەی لەسەر ئەو تیۆروانینیە بنیات نرابوو کە لە هاوسەرگیری لە نێوان چینە جیاوازەکاندا، کە خۆی بە ڕێکەوت لە سەرنجڕاکێشانی سێکسیەوە سەرچاوەی گرتوەپێشی پێ بگرێت، دواتر ڕاستییەکی تریش ئەم تیۆروانینیەی پشتڕاست کردەوە و هانی دا، ئەویش ئەوەی کە موسڵمانانی ڕزگارکەر و بێ بەزەیی، لەسەر بنەمای حوکمی شەرع، لە کۆیلەکردن و یەخسیر کردنی ژنانی بەمێرد قەدەغە کرابوون. لە کۆتاییدا ئەم کارە، بە بڕیاری دایکوباوك بە پاراستنی کچەکان لە حەساسیەتی شەهوەتی ڕەگەزی پیاو، شێوەیەکی سەخت و وشکی بەخۆوەگرت.

لە ئەدەبیاتە عاشقانەکانی هیندۆکەکاندا ئاشکرا دەبێت کە ئەم ئیحساساتە بە شێوەیەکی ماقووڵ توونداوتۆڵ بوو، پیاو لەوانەبوو بە کەمێك وروژاندن ئاگری خۆی دابمرکێنێت. کامە سوترە یان کامنامە بەناوبانگترین کتێبە لە ڕستێك کتێبی درێژ کە جۆرێك لە سەرنج و کەڵکەڵەی هیندۆکەکان سەبارەت بە هونەرەکانی پەیوەندی سێکسی لە لایەن جەستەیی و ڕۆحییەوە، نیشان دەدات. واتسیاینە دانەری ئەم نامەیە دڵنیامان دەکاتەوە کە"لەو ڕۆژانەی کە ژیانی لێکۆڵینەوەی مەزهەبی خۆی لە بنارس دەگوزەراند، بەردەوام نغرۆی ئەندێشە بوو لە بارەی تیۆلۆژی" ئەم کتێبەی "لە سەر دەستوورەکانی کتێبی

پیرۆز و بۆ خێری جیهانیەکانی نووسیوە" ئەم نووسەرە زاهیدە دەڵێت" ئەوەی کە وا بیر دەکاتەوە کە فلانە کچ زۆر ڕووتەنکە، لەم ڕوەوە لێی غافل دەبێت، کچەکە ئەو بە شێوەی چوارپێیەك تەماشا دەکات کە غافلە لە کاری دڵ و زەینی ژن" واتسیاسنە وێنەیەکی دڵگیر لە کچی عاشق بە دەستەوە دەدات، بەڵام زرنگیەکەی پتر، یەکێك لە بارەی هونەری دایك وباوکە کە کچەکەی بنێرێتە سەر ماڵ و حاڵی خۆی، ئەوەی تریش دەربارەی هونەری مێردە کە لەشی ژن بە ڕەزایبونی تەواوەوە بهێڵێیتەوە.

نابێت وابزانین کە حەساسیەتی سێکسی هیندۆکەکان بەرەو هەرزەیی نائاسایی پەلکێشیان دەکات. هاوسەرگیری لە منداڵیدا گەمارۆیەك بوو لە بەرانبەر پەیوەندیەکانی پێش هاوسەرگیری. حوکمە توندەکانی دینی کە لە نیشاندانی وەفاداری هاوسەر بەکاردەهێنرا، کە زینا زۆر بە سەختتر و کەمتر لە ئەوروپا و ئەمریکا ڕوودەدات. لەشفرۆشی بە شێوەیەکی گشتی پتر تایبەت بوو بە پەرستگاکان. لە باشوور، نیازەکانی پیاوی تینوو دامەزراوەی خودایی دیوەداسی دەینیشێنێتەوە ـ دیوەداسی لە زماندا بە مانای"بەندەکانی خوا"یە، ئەو بەندانەش لەشفرۆشەکان بوون ـ لە هەر پەرستگایەکی تامیلدا گروپێك لە "ژنانی پیرۆز" هەبوون کە کارەکەیان، بە پلەی یەکەم سەماکردن و گۆرانی گوتن بوو لە بەردەم بتەکاندا، لەوانەیە بەشێکیشی سەرگەرم کردنی پێشەوا ئاینیەکانیان بووبێت. هەندێك لەوانە وەك بڵێی خۆیان بەخشی بوو بە پەرستگاکان، ئەوانی تر بۆیان هەبوو سێکسیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەبێت کە دەتوانن پارەیەك بدەن، بە مەرجێ ئەوەی کە بەشێك لەو دەرامەتەیان پێشکەش بە پایەبەرزانی پەرستگا و پێشەوایانی ئاینی بکەن. زۆربەی

لەشفرۆشانی پەرستگاکان، یان کچانی ناچ[1] وەکو گیشاکانی ژاپۆنی، لە کۆڕە گشتی و تایبەتەکاندا خەریکی شایی و سەما و چەپڵەلێدان دەبوون. بەشێك لەوان فێری کتێب خوێندنەوە بوون، وەکو هتایراهای[2] یۆنان، لەناو ئەو ماڵانەی کە لەوێدا ژنانی خاوەن مێرد نە هانیان دەدان بۆ گۆرانی گوتن و نە دەشیانهێشت سێکس لەگەڵ میوانانداا بکەن، گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی زانایانەیان ئامادە دەکرد. بە جۆرێك کە لە توانای نووسراوی پیرۆز بچێت. لە ساڵی ١٠٠٤ ی زایینی، لە پەرستگای "راجە راجەی" شا چولە لە تانجۆر، چوارسەد دیوەداسی هەبوون. ئەم نەریتە بە تێپەڕبوونی ساڵان لایەنێکی پیرۆزی پەیدا کرد، تا ئەو شوێنەی کە زانراوە هیچ کەسێك بە دژی ئەخلاق باسی نەکردوە. جارجار ژنانی دیار، یەکێك لە کچەکانی خۆیان پێشکەش بە پەرستگاکان دەکرد بۆ کاری لەشفرۆشی[3]. ئەویش رێك هەروەك ئەوە وابوو کە کوڕێك پێشکەشی پەرستگا بکەن تا ببێتە پێشەوای ئاینی. دوبوا، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، لە وەسفی پەرستگاکانی باشوور دەڵێت، هەندێ جار، "ببوە لەشفرۆشخانەیەکی تەواو" خەڵك دیوەداسییەکانیان، جگە لە کارە سەرەکیەکانیان، بە ئاشکرا بە لەشفرۆشیان دەزانین، و بەکاریان دەهێنان. قەشە ئابێ تێڕوانینی خۆی لەمبارەیەوە وەها دەردەبڕێت ـ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نییە کە وابزانین ئەو لەوبارەیەوە پێشداوەری کردبێت:

---

[1]. Nautch، وەرگیراو لە وشەی Nach ی هیندۆکە، بە مانای سەما دێت.

[2]. لە زماندا بە مانای(هاورێی کچ) دێت، هەر لە لەشفرۆشەوە بیگرە تا دەگاتە مەعشوقە، بە گشتی ئەوان کۆیلەی زیرەك بوون، بە لام لە یۆنانی کۆندا نە ئەو کارە شەرم بوە و نە لەگەڵ ئەوانیش شەرم بوە، شەرمەزاریشی بەدواوەنەبوە.

[3]. Bhavani، دەستەیەك لە ژنان بوون کە لە هەندێك شوێنی هیند خۆیان پێشکەشی پەرستگاکان دەکرد. لە شارێکی نزیکی مدرس ئەندامانی پیشەوەری چنین کچە گەورەی هەر خێزانێکیان پێشکەشی پەرستگا دەکرد.

***ئەرکی ڕەسمی و سەرەکی ئەوانە ئەمە بوو، کە ڕۆژی دوو جار لە پەرستگا سەما بکەن و گۆرانی بڵێن... لە تەواوی مەراسیمە گشتییەکانیشدا هەر ئەو کارەیان ئەنجام دەدا، یەکەم(واتە،سەما) بە لوتفێکی باشەوە ئەنجام دەدەن، ئەگەرچی جوڵانەوەکانیان ورووژێنەر و ناشایستەیە. بەڵام گۆرانیەکانیان تا ڕاددەیەك لە چەند شیعرێکی هەرزەدا سنووردارە لە وەسفی بەسەرهاتی وروژاندنی مێژووی خوداکانیان.***

لەم هەلومەرجەدا لەشفرۆشی پەرستگاکان و هاوسەرگیری لە منداڵییەوە، بوارێکی وا نامێنێتەوە بۆ ئەو شتەی کە ئێمە وەکو(عەشقی خەونی) باسی دەکەین. ئەم عەشقە و سەرسپاردنی خەیاڵی ڕەگەزێك بە ڕەگەزێکی تر لە ئەدەبیاتی هیند دەبینرێت. ـ بۆ نمونە لە شیعرەکانی چەند داس و جیەدیوە[1] ـ بەڵام بە گشتی سمبۆلێکە لە رۆحی مرۆڤ کە تەسلیمی خوا دەکرێت، ئێستاکە لە ژیانی پراکتیکیدا زۆربەی شێوەی عەشقی تەواوی هاوسەر بە مێردەکەی بەخۆوە دەگرێت. شیعری عاشقانە هەندێ جار بە شێوەیەك ئەو شیعرە مەلەکوتیانەیە کە کەسانی وەکو تنیس و لانگفلۆ لەبارەی ڕاپەڕینی جوانکارییەوە نووسیویانە، هەندێ جار تەواو وەکو شیعرە جوان و وروژێنەرەکانی سەردەمی ئەلیزابێسە. نووسەر، عەشق و دین دەکاتە یەك و سەرنجڕاکێشی و دڵڕفێنی هەریەك لەوانە یەکسان دەبینێت. ئەوانی تر سێسەد و شەست سۆزی جۆراوجۆر دەژمێرێت کە دڵی عاشق لێوانلێو دەکات، نیشانەی ددانەکانی بەسەر جەستەی دڵدارەکەیەوە

---

١. شاعیری هیندی، سەدەی دوانزەهەم، دانەری شیعری گۆرانی"گیتە ـ گوویندە). ئەم شاعیرە کە ناوە ڕاستیەکەی دیار نییە، یەکێ بوو لە دژەکانی سیستمی چینایەتی.

دەژمێرێت، یان مەعشوق نیشانی عاشق دەدات کە چۆن مەمکەکانی بە هەویری گوڵی سەندەڵ و گوڵ و پنجی تر دەڕازێنێتەوە، دانەر بەسەرهاتی نلە و دمینتی، لە مهاباراتا ئاهەکانی سوتێنەر و پەریشانی عاشقەکان  بە باشترین شێوازی ترۆبادۆرەکانی[1] فەڕەنسی وەسف دەکات.

زۆر بەکەمی وا ڕێکدەکەوت کە لە هیند، ئەم جۆرە حەزە شەهوەتیانە لە هاوسەرگیریدا کاریگەریان هەبێت. مانو هەشت شێوەی جیاوازی هاوسەرگیری بە ڕێگەپێدراو دەزانێت، لەو هەشت شێوازانە هاوسەرگیری لە ڕێگای ڕفاندنی کچ و هاوسەرگیری لە ڕێگای"عەشق و عاشقی" بە پێوەری ئەخلاقی، دواکەوتوتر و ناشیرینتر لە هەموان بوو، هاوسەرگیری لە ڕێگای کڕینی بووك بە ڕێگەیەکی ژیرانە دەزانی بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی هاوسەرگیری. داڕێژەری یاسای هیندی بیری لەوە دەکردەوە کە لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، ئەو هاوسەرگیریانە ڕاستترن  کە لەسەر بنەمایەکی ئابووری بێت. لە سەردەمی دوبوا"هاوسەرگیری" و"کڕینی هاوسەر" لە هیند بە یەك مانا بوو[2]. ژیرانەترین هاوسەرگیری ئەوەیە کە دایك و باوك بە پاراستنی تەواوی یاساکانی ناوخۆ و دەرەوەی نەتەوە جێبەجێی بکەن: گەنج دەبێ لەناو چینی خۆیدا، بەڵام لە

---

١. گروپێك شاعیری گۆرانی بوون کە لە سەدەی یازدەهەمی زتینی تا کۆتایی سەدەی سێزدەهەم لە باشووری فەرەنسا، بە تایبەتی لە پرۆڤانس و ئیتالیا پەیدا ببون.

٢. سترابۆن( لە دەوروبەری ساڵی ٢٠ ی زاینی) بە پشت بەستن بە قسەی ئاریستۆبۆلۆس،"هەندێ نەریتی نوێ و سەیر لە تەکسیلە" بەم شێوەیە وەسف دەکات:"ئەوانەی کە بە هۆی هەژاری ناتوانن کچەکانیان بە شوو بدەن، بە هۆی تەمەنیان و بە دەهۆڵ و زورناوە(هەر بەو شتانەی کە بۆ کۆکردنەوەی خەڵك بۆ ئامادەبوون و چوون بۆ شەر بەکاردەهێنرا) کچەکانیان دەبردە بازار، بەم شێ,ەیە چەند کەسێکیان کۆ دەکردەوە، بۆ هەر پیاوێك کە نزیك ببێتەوە لە کچەکە، سەرەتا پشتەوەی کچەکەیان نیشان دەدا تا شانەکانی و دواتریش پێشەوە، ئەگەر پیاوەکە حەزی لیبّبوایە، کچەکەش رازی بوایە، ئەو کاتە پیاوەکە لەسەر مەرجی رێککەوتوو دەبووە هاوسەری کچەکە"

دەرەوەی (گترە)[1] یان گروپی خۆیان هاوسەر دیاری بکەن، ئەو دەتوانێت چەندین ژن بهێنێت کە تەنها یەکێکیان لە چینی خۆیەتی، کە لەسەروی ژنەکانی تریەتی. مانۆ دەڵێت: بەڵام باشترین کار ئەوەیە کە ئەو تەنیا یەك هاوسەری هەبێت[2]. ژن دەبوایە مێردەکەی بە خۆشەویستیەکی تایبەتەوە خۆش بوێت، مێردیش دەبوایە بە تامەزرۆییەوە ژنەکەی بپارێزێت، نەك ئەوی بە عەشقێکی خەونینەوە خۆش بوێت.

خێزانی هیندۆکی لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای باوکسالاری بوو، باوك بەسەر ژنەکەی، منداڵەکان، کۆیلەکانی دەستەڵاتێکی تەواوی هەبوو. ژن بونەوەرێك بوو خۆشەویست، بەڵام دواکەوتوو، بە گوێرەی ئەفسانەیەکی هیندۆکی لە سەرەتادا کە توشتری، سەنعەتکاری ئاسمانی، ویستی خەریکی دروستکردنی ژن بێت، تێگەیشت کە هەرچی مەتەریالی هەبوە لە دروستکردنی پیاودا بەکاری هێناوە، لە ڕەگەزی ڕەق هیچی نەماوە، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی، ژنی بە ئاوێتەیەك لە عەقڵ و ورد و پاشماوەی دروستکردن، دروستکرد، بەم شێوەیە:

---

١. لە زماندا بە مانای(تەویلەی مانگا) یان (گاڕان) دێت، و لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی هیندی کۆن مانایەکی ڕوونی نییە، گترە بە شێویەکی گشتی، لە یەك چیندا، بەم خێزانانە دەگوترێت کە پەرستنێکی هاوبەشیان هەیە، یان ناوی خێزانیان هاوبشە. ئەوە بە مانای (بنەماڵە)،(نەوە)، (خانەدان)یشیان زانیوە. پیاوی هیندۆك لەگەڵ ژنێك هاوسەرگیری دەکات کە تا حەوت پشت خزمایەتی لەگەڵیدا نەبێت نە لە دایکییەوە نا لە باوکییەوە. ئەژدادی دایکی پیاو گرنگ نییە، هەڵبەت کە ئەم یاساییە هەموو کاتێك بەم شێوەیە نییە.

٢. ئەگەر باوەڕ بە قسەی تاد بکەین، لە نێوان ڕاجپوتەکان نەریت وابوو کە پاشا هاوسەری جۆراوجۆری هەبێت، واتە بۆ هەر ڕۆژی هەفتە ژنێك.

*خرپی مانگ وپێچ و لولی گیا شین بوه جوانەکان، خۆپیاهەڵواسینی لاولاو، لەرزینی پووش، باریکی بلوێر، شکۆفەی گوڵەکان، سووکەڵەیی گەڵاکان، نەرمی خەرتوومی فیل، نیگاکانی ئاسك، کۆبوونەوەی دەستەی هەنگەکان، شادی پڕ چالاکی گزنگی خۆر، گریانی هەورەکان، بێ ئارامی بایەکان، هەراسانیی کەروێشك، خۆجوانبینیی تاوس، نەرمی سینگی توتی، رەقی درکەکان، شیرینی هەنگوین، خووی درندەیی پڵنگ، مەشخەڵی گەرمی ئاگر، سەرمای بەفر، چریکەی ناوە ناوەی قەلەرەش، نەغمەی کوکی هیندی، رەنگاڵەیی دورنا، وەفاداری سووره قازی گرت هەموو ئەو شتانەی تێکەڵ کرد و ژنی دروست کرد و پێشکەشی پیاوی کرد.*

لەگەڵ ئەوەش و لەگەڵ ئەم هەموو پێکهاتەیە، ژن لە هیند بارودۆخێکی لەباری نەبوو. ئەو بارودۆخە باشەی کە لە سەردەمی ودایی هەیبوو، لەژێر کاریگەری پێشەوای ئاینیەکان و نمونەی ژنی ئیسلامیش هەمووی بە با چوو. یاسانامەی مانۆ بە هەندێك رستە ناوی ژن دێنێت، کە بیرهێنەرەوەی خولی سەرەتایی ئایینی مەسیحییە: "سەرچاوەی شورەیی ژنە، سەرچاوەی شەڕ ژنە، سەرچاوەی ژێرکەوتن ژنە، کەواتە دەبێ لە ژن خۆمان بپارێزین" لە رستەیەکی تردا هاتوە: "ژن دەتوانێت تەنانەت نەك پیاوی نەزان، بەڵکو پیاوی زاناش لە رێگەی راست لابدات، دەتوانێت پیاو بکاتە کۆیلەی هەوەس یان تەواو تورەی بکات" بە گوێرەی ئەم یاسانامەیە، ژن دەبێت لە تەواوی تەمەنیدا لەژێر چاودێری کەسێك بێت: یەکەم باوك، دواتر مێرد، لە کۆتایشدا کورەکەی.

ژن، مێردەکەی بە لەخۆبردووییەوە بە"ئاغا"، "سەروەر" تەنانەت "خوای من" بانگ دەکرد، لە نێوان خەڵکدا چەند هەنگاوێك لە پشت مێردەکەیەوە دەڕۆیشت، زۆر بەکەمی قسەیەکی لە پیاوەکەی دەبیست. چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا کە عەشقەکەی بە لانی زۆری خزمەتگوزاری ورد و ڕاستگۆیانە نیشان بدات: خواردن ئامادە بکات، دوای ئەوەی کە ئەوانی تر نانیان خوارد ئەویش پاشماوەی مێرد و کوڕەکانی بخوات، لە کاتی نووستن پێیەکانی مێردەکەی لەباوەش بگرێت، بە گوێرەی مانۆ: " ژنی وەفادار دەبێ بە شێوەیەك خزمەتی سەروەرەکەی بکات وەك بڵێی ئەو خوایە، هەرگیز کارێك نەکات کە ئازارێك لەوەوە بە مێردەکەی بگات، باری کۆمەڵایەتی پیاو و هەبوون و نەبوونی باشیی زۆر کاریگەری زۆری لەسەر ئەم مەسەلەیە نییە، هاوسەر ئەگەر لاساری لە ملکەچی مێردەکەی بکات، لە دۆنادۆنی دواتردا دەبێتە چەقەڵ.

ژنانی هیند، وەکو خوشکەکانیان لە ئەوروپا و ئەمریکای پێش سەردەمی ئێمە، تەنیا لە حاڵەتێکدا دەیانتوانی بخوێنن کە دەبوایە یان ژنێکی گەورە و خانەدان و ڕەسەن بن، یانیش لەشفرۆشی پەرستگاکان. ئەوان خوێندەوارییان بە گونجاو نەدەزانی بۆ ژنان، خوێندەواری نەك نەدەبوە هۆی بەهێزکردنی لە بەرانبەر پیاوان بەڵکو سەرنجی پیاویشی کەم دەکردەوە بۆ خۆی. لە شانۆنامەی چیترا، لە نووسنی تاگوور چیترا وەها دەڵێت: "ژن ئەوکاتە ژنە کە بە بزە و فرمێسکەکانی، بە خزمەت کردن و نەوازشە خۆشەویستەکانی خۆی بخاتە دڵی پیاوەوە، لەم کاتەدا ئەو بەختەوەرە، زانست و دەستکەوتە مەزنەکانی بە کەڵکی چی دێن؟" دەرگای زانستی وداي لێ داخرابوو، مهابهاراتا دەڵێت: "فێرکردنی وداکان بۆ ژن وەکو دروستکردنی گێرەشێوێنییە لە قەڵەمڕەوی

ئەودا[1]. "مگاسنتس باس دەکات کە لە سەردەمی چندرە گوپتە "پێشەوا ئاینییەکان ژنەکانی خۆیان ـ کە ژمارەیان زۆرە ـ بێخەبەریان دەکردن لە هەر جۆرە فەلسەفەیەك، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر ژنان ڕوانینیان بۆ ناخۆشی و خۆشی، ژیان و مردن، فەلسەفیانە بێت، لەناو دەچن و ئیتر گوێ بە قسەنادەن."

لە یاسانامەی مانۆدا هاتووە کە سێ کەس خاوەنی ماڵ و سامان نین: هاوسەر، کوڕ و کۆیلە، ئەم سێ کەسە هەرچی بەدەست بێنن دەبێ بیدەن بە سەروەرەکانیان، بەڵام هاوسەر دەیتوانی ئەو پیتەك(جیازی) و چاوڕوونییانەی کە لە کاتی زەماوەندیاندا هاتبوو بۆی، خۆی خاوەنیان بێت، دایکی شازادەیەك کە بە منداڵی بۆتە شازادە دەتوانێت لە جێگای کوڕەکەی پاشایی بکات. مێرد دەتوانێت بە هۆی داوێن پیسییەوە ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام ژن نەیدەتوانی بە هیچ هۆیەك تەڵاق لە مێردەکەی وەربگرێت، ئەگەر ژن شەرابی بخواردبوایە یان نەخۆش بوایە، یان سەرکەش بوایە، یان دەستبڵاو یان توڕە و توند بوایە، لەم کاتەدا پیاو دەیتوانی(بە بێ ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات) ژنێکی تر بێنێت. ڕستەیەك لە مانۆدا هەیە کە بەرگری نەرمونیانی زیرەکانە لە ژنان دەکات: نابێ لێیان بدەن(تەنانەت بە گوڵیش) نابێ زۆر ورد لە کارەکەیان ورد بیتەوە، چونکە لەوانەیە زیرەکیەکەیان ببێتە ڕێگایەکی زیان پێگەیاندن، ئەگەر جلوبەرگێکی باشیان بوێت ژیرانەیە کە بۆیان فەراهەم بکەن، چونکە" ئەگەر هاوسەر جلوبەرگی باشی لەبەردا نەبێت، مێردەکەی دڵشاد ناکات."بەم شێوەیە چونکە

1. نابێ ئەم تێڕوانینە لەگەڵ تێڕوانینە هاوچەرخەکانی ئەوروپایی یان ئەمریکایی بەراورد بکرێت، بەڵکو دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی دژایەتی زانا ئاینییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بکرێتە پێوەر، کە بە شێوەی گشتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، یان بە سەختی مۆڵەتی بە پەروەردەکردنی مەعنەوەی ژنان دەدا.

"هاوسه‌رییه‌ك به‌ شێوه‌یه‌كی شادیبه‌خش ڕازابێته‌وه‌، ته‌واوی ماڵ ڕازاوه‌ و جوانه‌." هه‌روه‌ك چۆن بۆ به‌ساڵاچووان و پیاوان دێن ڕێگا ده‌كه‌نه‌وه‌، بۆ ژنانیش ده‌بێ ڕێگا بكرێته‌وه‌ و "ژنانی سكپڕ، بووكه‌كان، كچه‌كان، پێویسته‌ پێش میوانانی تر نانیان پێ بدرێت." ئه‌گه‌رچی ژن نه‌یده‌توانی له‌ پله‌وپایه‌ی هاوسه‌ر فه‌رمانڕه‌وایی بكات، به‌ڵام وه‌ك دایك ئه‌و مافه‌ی هه‌بوو به‌سه‌ر منداڵه‌كانیه‌وه‌، هه‌رچه‌ند ژماره‌ی منداڵه‌كانی ژنێك پتر بوایه‌، خاوه‌ن نه‌رمیی و ڕێزێكی زۆرتر بوو، ته‌نانه‌ت یاسانامه‌ی مانۆ كه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای باوكسالاری دارژراوه‌ ده‌ڵێت: "هه‌ر دایكێك مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه‌ هێنده‌ی هه‌زار باوك ڕێزی لێ بگیرێت."

بێگومان، دوای ڕۆژگاری ودایی ڕه‌وتی ئه‌ندێشه‌ ئیسلامیه‌كان له‌ داروخانی بارودۆخی ژن له‌ هیند كاریگه‌ر بووه‌. نه‌ریتی په‌چه‌ و حیجاب، واته‌ دانیشتن له‌ پشت په‌رده‌ ودوره‌په‌رێزی ژنانی خاوه‌ن مێرد، له‌گه‌ڵ ئێرانی و موسڵمانه‌كاندا گه‌یشته‌ هیند، له‌م ڕه‌یشه‌وه‌ له‌ باكووری ئه‌م وڵاته‌دا سه‌ختتر و دژوارتر له‌ باشوور بوه‌. مێرده‌ هیندۆكه‌كان بۆ پاراستنی ژنه‌كانیان له‌ ده‌ستی موسڵمانان، سیستمی په‌چه‌یان هێنده‌ توونذ و فراوان كرد كه‌ ژنێكی نه‌جیب و به‌ڕێز ته‌نیا ده‌یتوانی ڕووی خۆی نیشانی مێرد و كوڕه‌كانی بدات، له‌ناو خه‌ڵكیدا ده‌بوایه‌ به‌ په‌چه‌یه‌كی ئه‌ستوور هاتوچۆ بكات، به‌ شێوه‌یه‌ك كه‌ ته‌واوی ده‌مووچاوی داپۆشێت، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر پزیشكی چاره‌سه‌ركه‌ر ویستبای لێدانی ترپه‌ی دڵی نه‌خۆشه‌ ژنه‌كه‌ بگرێت، ده‌بوایه‌ له‌ پشت په‌رده‌ دابنیشێت. له‌ هه‌ندێ له‌ كۆڕوكۆبوونه‌وه‌كاندا ئه‌گه‌ر پیاوێك له‌ ئه‌حواڵی ژنی پیاوێكی تری بپرسیبوایه‌ یان وه‌كو میوان له‌گه‌ڵ ژنه‌كانی خاوه‌ن ماڵ گفتوگۆی بكردبوایه‌، كاره‌كه‌ی به‌ كارێكی بێ ئابڕوانه‌ له‌قه‌ڵه‌م ده‌درا.

(ساتی)کە نەریتی خستنە ئاگری ژنانی مێرد مردووە بۆ ناو ئاگری مێردە مردووەکەی، ئەویش هەر لە دەرەوەی هیندەوە بۆ ناو هیند هاتوە. هرۆدێت ئەو نەریتەی بە هی سکا کۆنەکان و تراکیاییەکان دەزانێت، ئەگەر باوەڕ بە قسەکانی بکەین، هاوسەرانی پیاوی تراکیایی بۆ ئەوەی شانازی خۆکوشتن لەسەر گۆڕی مێردەکەیان ببێتە نسیبیان لەگەڵ یەکتریدا ململانێیان دەکرد. ڕەنگە ئەم نەریتە لە نەریتی سەرەتایی کەسانی ترەوە وەرگیرابێت کە لە سەرتاسەری جیهان ڕەواجی هەبووە، ئەویش ئەوەیە کە ژنێك یان چەند ژنێکی سیغەیی ئەمیرێك یان پیاوێکی بەتوانا، لەگەڵ کۆیلەکانی و هەموو ماڵ و مەنالی، لەگەڵیدا دەیانکردە قوربانی، تا لەو دونیاش ئاگاداری بن و خزمەتی بکەن. ئەسرۆ ـ ودا ئەوە بە نەریتێکی کۆن دەزانێت، بەڵام لە ڕیگ ـ ودا ئاماژەکراوە کە لە رۆژگاری ودایی ئەو نەریتە نەرمتر بوە، گەیشتبوە ئەو ڕادەیەی کە بێوەژنەکە دەبوایە پێش سوتاندنی لاشەی مێردەکەی ساتێك لەسەر ئەو بارە دارە درێژ بووایە کە بۆ سوتاندنی مێردەکەی ئامادەکرابوو. لە مهابهاراتادا دیارە کە ئەم نەریتەیان بۆ شێوەی یەکەم گێڕاوەتەوە، لەمەش هیچ پەشیمانیەك نابینن، چەندین نمونە لە ساتی[1] دێنێت و ئەم یاسایە دادەڕێژێت، کە بێوەژنی داوێنپاك نایەوێت دوای مردنی پیاوەکەی زیندوو بمێنێتەوە، بەڵکو بە غرورەوە پێ دەخاتە ناوئاگر. قوربانی بە سووتانی هاوسەر لە چاڵێك بە ئەنجام دەگەیشت، یان وەکو ئەوەی کە لەناو تلوگوکانی باشوور باو بوو، ئەویان بە زیندووی دەخستە گۆڕەوە.

١.بە ئینگلیزی Suttee پێ دەڵێن کە ڕاستەکەشی Sati یە بە مانای "هاوسەری وەفادار"[1] لە باسکردنی نەریتی بێگانەکان

سترابۆن باس دەکات کە لە سەردەمی ئەسکەندەر نەریتی ساتی لە هیند ڕەواجی هەبووە، هۆزێکی پنجابی، بە ناوی کتایی، ساتییان کردبوە یاسایەك تا هاوسەرەکان لە ژەهراویکردنی مێرد پەشیمان بکەنەوە. لە مانۆدا باسی ئەم نەریتە ناکرێت. لە سەرەتادا پێشەوایانی ئاینی دژی ئەو شتە بوون، دواتر قەبوڵیان کرد، سەرەنجام زامنێکی جێبەجێکردنی ئاینیشیان بۆ هێناکایەوە، بەو مانای کە ئەویان بە پەیوەندی ئەبەدی هاوسەرگیری لێکدایەوە. ژنێك کە یەکجار لەگەڵ پیاوێك زەماوەندی کرد، تا هەتایە هی ئەوە، لە ژیانی دواتریش هەر دەبێ لەگەڵی بێت. لە راجستان خاوەندارییەکی موتلەقی ژن شێوازێکی جەوهەری بەخۆوەگرت، ئەویش بەم شێوەیە بوو چونکە راجپۆتی ڕووبەڕووی دۆڕان دەبوەوە، پێش ئەوەی لە شەڕدا بەرەو مەرگ بڕوات، هاوسەرەکانی خۆی دەکردە قوربانی. ئەم نەریتە لە سەردەمی زنجیرەی تەیمووریانی هیند، لەگەڵ ئەوەی موسڵمانەکان زۆر رقیان لێی بوو، بەڵام ڕەواجی پەیداکرد، تەنانەت ئەکبەر شای بەتواناش نەیتوانی بەرەنگاری ببێتەوە و پەشیمانیان بکاتەوە. جارێك خودی ئەکبەر شا هەوڵی دا ئەو نۆبووکە هیندۆکییەی کە دەیەویست خۆی لەناو ئاگری دەزگیرانەکەیدا بسوتێنێت پەشیمان بکاتەوە، ئەگەرچی پێشەوا ئاینییەکانیش وەکو ئەکبەر شا ویستیان کە ئەو کچە ئەو کارە نەکات، هێشتاش ئەو مکوڕ بوو لەسەر کارەکەی، کە مەشخەڵی ئاگری پێگەیشت، دانیالی کوڕی ئەکبەر، لە وتووێژدا لەگەڵی بەردەوام بوو، بەڵام ئەو وەڵامی دایەوە "ئێوە ئازارم دەدەن، ئێوە ئازارم دەدەن" بێوەژنێکی تر کە داوایەکی لەمجۆرەی رەت کردەوە، ئەنگوستی خۆی خستە سەر گڕی ئاگرەکە تا تەواوی ئەنگوستی هەمووی سوتا، هیچ نیشانەیەکی لە ئازار لەخۆی دیاری نەدا، بەم ڕێگایە ڕقی خۆی بەرانبەر ئەو کەسانەی کە دەیانەویست ئەو نەریتەی پێ تەرك

بکەن نیشان دا، هەندێجار لە ویجیەنگر نەریتی ساتی شێوەیەکی گشتی بەخۆوە دەگرت، نەك یەکێك یان چەندین هاوسەر، بەڵکو تەواوی هاوسەرانی ئەمیر و سەردارەکان لەگەڵ مێردەکانیاندا دەچوونە قورگی مردنەوە. کۆنتی باس دەکات کە راپەیا شا سێ هەزار ژن لە دوانزە هەزار هاوسەرەکەی کردبوونی بە خۆشەویستی خۆی "بە مەرجی ئەوەی کە کاتی مردنی ئەو، ئەوانیش خۆیان پێشدەستی خۆخستنە ناو ئاگرەکە بکەن و خۆیان لەگەڵ ئەو بسوتێنن، ئەوەشیان بۆ ئەو بە سەربەرزییەکی گەورە دەزانی" روونکردنەوەی ئەو خاڵەی کە چۆن بێوەژنی سەدەکانی ناوەڕاستیان تێدەگەیان و باوەڕ و ئومێدی گەیشتنی نوێ بە مێرد لە ژیانێکی تردا.بە ساتی ڕازیان دەکرد، کارێکی سەختە.

کەم کەم کە هیند پەیوەندی پتری لەگەڵ ئەوروپا پەیدا کرد، نەریتی ساتیش کەم کەم باوی نەما، بەڵام بێوەژنەکانی هیندۆك بەردەوام بە دەست بێتوانایی زۆرەوە دەناڵێنن. چونکە هاوسەرگیری، ژنەکە بە شێوەیەکی هەتاهەتایی پەیوەست دەکرد بە مێردەکەیەوە، لەم ڕووەوە شووکردنەوە، بە گوناهی گەورە دەژمێردرا، لە بوونەکانی دواتری مێرددا مێرد گرفتی دروست دەکرد. لەم ڕووەوە یاساکانی پێشەوا ئائینیەکان داوای لە بێوەژنەکان دەکرد کە شوو نەکەنەوە، سەری خۆیان بتاشن، (ئەگەر ساتیان پێ باشتر نەبوو) ژیانیان بخەنە خزمەتی منداڵەکانیان و ئەنجامدانی کاری خێری تاکە کەسی خۆیان. نەیاندەهێشت هەژار بێت، بەڵکە بە پێچەوانەوە بۆ بەخێوکردنی خۆی لە لایەن هەڵسوکەوت بە میراتی مێردەکەی مافی پێشدەستی هەبوو. تەنیا ژنانی زۆر باوەڕدار و دەمارگیری هیندۆکەکانی چینی مامناوەند و بەرز ـ واتە تەنیا لە سنووری سی لە سەدی دانیشتوان ـ پەیڕەوی ئەم یاسایەیان دەکرد، موسڵمانەکان،

سیخه‌كان، چینه‌كانی خواروو گرنگیان به‌م یاسایه‌ نه‌ده‌دا. به‌ باوه‌ڕه‌كانی هیندۆكه‌كان ئه‌و عازه‌بیه‌ و بێ مێردییه‌ی جاری دووه‌م ژنه‌كان له‌ ڕه‌به‌نه‌كانی جیهانی مه‌سیحی ده‌چێت، له‌ هه‌ردوو باره‌كه‌دا، ژماره‌یه‌ك له‌ ژنان ده‌ست له‌ هاوسه‌رگیری هه‌ڵده‌گرن، بۆ خزمه‌تگوزاری خێرخوازی ئاماده‌ ده‌بوون.[١]

## ٣ . ٣ ره‌فتار، نه‌ریته‌كان، سمبۆل

### خۆپاراستنی سێكسی ـ ته‌ندروستی ـ جلوبه‌رگ ـ ڕواڵه‌ت ـ هونه‌ری ناسكی هیندۆكه‌كان ـ كه‌موكوڕی و باشییه‌كانیان ـ یارییه‌كان ـ فیستیڤاڵه‌كان ـ مردن

بۆ كه‌سێكی بیرته‌سك، ئه‌م خاڵه‌ هه‌رس ناكرێت، ئه‌و خه‌ڵكانه‌ی كه‌ به‌رگه‌ی سروشتی هاوسه‌رگیری له‌ منداڵییه‌وه‌، له‌شفرۆشی په‌رستگاكان، ساتییان ده‌گرت له‌ نه‌رمونیانی و هه‌ڵسوكه‌وتی شایسته‌ و ئه‌ده‌بدا، له‌ خه‌ڵكانی تر به‌رزتر بن. جگه‌ له‌ چه‌ند دیوه‌داسی، له‌ بنه‌ڕه‌ته‌وه‌ ژماره‌ی له‌شفرۆشان له‌ هیند كه‌م بوو و به‌پێچه‌وانه‌وه‌، داوێنپاكی و خۆپاراستنی سێكسی زۆر بوو. دوبوا كه‌ هیندۆكه‌كانی خۆش نه‌ده‌ویست ده‌ڵێ "ده‌بێ ئه‌وه‌ قه‌بوڵ بكه‌ین كه‌ یاسای ڕێز و ئه‌ده‌بی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌ هیند زۆر ڕوونتر له‌ ئه‌ورووپا دارێژراوه‌، هه‌موو چینه‌كانی هیندۆك، ته‌نانه‌ت خوارترینیشیان زۆر باشتر له‌ خودی ئه‌ورووپا باری

---

١. له‌باره‌ی نه‌یتی بێگانه‌، به‌رده‌وام ده‌بێ ئه‌و خاله‌مان له‌یاد بێت كه‌ ناتوانین كرده‌وه‌ی خه‌ڵكانی تر به‌ پێوه‌ری یاساكانی ئه‌خلاقی خۆمان دادوه‌ری بكه‌ین. تاد له‌م باره‌وه‌ ده‌ڵێت: "چاودێری روكه‌ش و رواله‌تبینكه‌ بیه‌وێ پێوه‌ری خۆی له‌باره‌ی نه‌ریته‌كانی هه‌موو میلله‌تانبه‌كاربهێنێت، به‌داخه‌وه‌یه‌ بۆ خۆشه‌ویستی جۆری دروستكراوی رۆژگاری ژنی هیندۆك، واش پێشبینی ده‌كات كه‌ ژنی هیندۆك ده‌یه‌وێت هه‌ست بكات كه‌ به‌شداری بكات".

کۆمەڵایەتی خۆیان لەبەرچاو دەگرن." لە گفتوگۆکان و نوکتەکانی خۆرئاوادا مەسەلەی سێکسی بەشێکی بنەڕەتی هەیە، بەڵام ئەم کارە لە ڕەفتاری هیندۆکەکان زۆر بێگانەیە، چونکە ئەوان هەر جۆرە خۆشەویستییەکی ژنان و پیاوان لە ناو خەڵکدا قەدەغە دەکەن، لە کاتی سەماکردندا بەریەککەوتنی لەشی دوو ڕەگەزی دژ، بە کارێکی ناشیرین و دزێو دەزانن. ژنی هیندۆك دەیتوانێ بچێتە هەر کۆبوونەوەیەك لە هەر شوێنێك کە بیەوێت بەبێ ئەوەی لە ئازار و هەڕەشە بترسێت، لەڕاستیدا، لە دیدی خۆرهەڵاتییەکاندا، ترس هەمووی لەولا(واتە پیاو) بوو. مانۆ پیاوان ئاگادار دەکاتەوە کە "سروشتی ژن بەردەوام و بەردەوام دەیەوێت پیاو وەسوەسە بکات، کەواتە پیاو نابێت تەنانەت لەگەڵ نزیکترین خزمی ژنی خۆی لە شوێنی چۆڵ بە تەنیایی دابنیشێت" پیاو هیچکات نابێت سەیری سەروتر لە گوێزنگی پێی ژن بکات.

## ٤. ژن و خێزان لە چین

### ٤-١ دەستەڵاتی ئەخلاق

**پلەوپایەی ئەخلاق لە کۆمەڵگەی چینی ـ خێزان ـ منداڵان ـ داوێنپاکی ـ لەشفرۆشی ـ پەیوەندی پێش هاوسەرگیری ـ هاوسەرگیری و عەشق ـ تاك هاوسەری و فرە هاوسەری ـ لەزەت وەرگرتن ـ تەڵاق ـ شاژنێکی چینی ـ باوکی خێزان ـ رەقیبی ژن ـ کەسایەتی چینی**

ئاینی کۆنفۆسیۆس لەگەڵ رووە جۆراوجۆرەکانی خۆی، بە تایبەتی ئەژدادپەرستی لەماوەی بیست سەدە بەسەر زۆرێك لە ئاینە دژەکانیدا سەرکەوت، لەگەڵ ئەوەش پشتبەستوو بوو بە ئەخلاقی کۆنی کۆمەڵگەی چینی. ئەخلاقی کۆنی چینی، کە ئاینی کۆنفۆسیۆس لە دیندا وردیکردەوە، بەهۆی خێزان، لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی تر گەیشت، تا رادەیك لە جەرگەی هەموو کاتەکاندا، لەگەڵ دەستەڵاتی هەستپێنەکراودا، کۆمەڵگەی چینی رێکخست. ڤۆلتێر گووتویەتی: " شتێ کە چینیەکان باشتر دەیناسن و باشتر پەروەردەی دەکەن و دەیگەیننە بەرزترین ئاست، ئەخلاقە." لە قسەکانی کۆنفۆشیۆسە: "دروستکردنی ماڵ لەسەر بناغەی پتەو مایەی ئاسایشی جیهانە."

چینییەکان لەو باوەڕەدابوون کە مەبەست لە یاسا ئەخلاقییەکان، رێکخستنی پەیوەندی سێکسییە بۆ منداڵ پەروەردەکردن. منداڵ هۆی بوونی خێزانە. لە دیدگای چینییەکانەوە، ژمارەی منداڵەکان هەرچەند بووایە زۆر نەبوو. لەگەڵ ئەوەش گەلی چین بەردەوام هەرەشەی هێرشیان بەسەرەوە بوو و

پارێزەری زۆریشی دەویست، خاکە بەپیتەکەشی بەشی هەزاران هەزاری دەکرد. جگە لەمەش، ململانێی مانەوە لەناو خێزانەکاندا و کۆمەڵگەی زۆر دەبوە هۆی لەناوچوونی بێتواناکان، تەنیا بواری بە کەسانی بەتوانا دەدا کە بژین، زۆر بن، ببنە هۆی ئاسایش و نازداری دایك و باوکە پیرەکانیان، بە دڵسۆزی و بیروباوەڕەوە هەوڵ بدەن بۆ پاراستنی گۆڕی باوباپیرانیان. ئەژدادپەرستی لە دوو لایەندا گرنگی زاوزێی زیاتر دەکرد: پیاو دەبوایە ببێتە خاوەن کوڕی زۆر تا دوای مردنی قوربانی بۆ بکەن و ڕێوڕەسمی باوباپیرانیان بەردوام بێت. منسیۆس گووتویەتی: "سێ شت هەیە کە لە توانای منداڵاندا نییە، گەورەترینی ئەو سێیانەش، وەجاخ کوێرییە"

دایکان ئارەزوویان ئەوە بوو کە کوڕیان ببێت، ئەگەر بێ کوڕ مابانەوە، بەردەوام شەرمن بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کوڕان باشتر لە کچان لە مەزراکان کاریان دەکرد، لە گۆڕەپانەکاندا شەڕیان دەکرد. لە کۆنەوە، ڕێوڕەسمی قوربانییەکان کە بۆ باوەباپیران بەڕێوەدەچوو، لە ئەستۆی کوڕاندا بوو. کچان وەکو سەربار، باری خێزانەکانیان قورستر دەکرد. دەبوایە بەڕێکوپێکی گەورەیان بکەن تا لە خێزانەکانیان دووربکەونەوە و بچنە ماڵەمێرد، لەوێ کار بکەن و کرێکار بەدونیا بێنن و خێزانێکی نوێ دروست بکەن. لە هەندێ بارودۆخی سەختدا، ئەگەر خێزانێکی خاوەن چەندین کچ، کچی تریشیان ببوایە، ئەگەری ئەوەی هەبوو مەلۆتکەی بێگوناه لە سەرمای شەودا بەجێبێڵن تا بمرێت و ببێتە خۆراکی بەراز و سەگی خوێڕی.

ئەو منداڵانەی کە لە مەترسی یەکەمدا بە ساغ و سەلامەت دەردەچوون، بە سۆزێکی تەواوەوە پەروەردە دەکران. دایك و باوك لە منداڵەکانیان نەدەدا،

بەڵكو بە ڕێنمایی ڕاست و نمونەی شایستە تەمێیان دەكردن، جارجارەش منداڵەكانیان لەگەڵ خێزانێكی ناسیاودا دەگۆڕیەوە بۆ ماوەیەكی كاتی، تاوەكو سۆزی هەمیشەیی دایك و باوك لەناویان نەبات. منداڵان لە بەشی ناوەوەی ماڵدا لەگەڵ ژنان دەژیان و پێش تەمەنی حەوتساڵی زۆركەم دەچوونە لای پیاوەكان. لەم تەمەنەدا بەتواناكان كوڕەكانیان دەناردە قوتابخانە و زۆر بە توندی لە كچانیان دوور دەخستنەوە. كوڕەكان لە دە ساڵییەوە، بۆ تێكەڵبوون لەگەڵ پیاوان و لەشفرۆشان، كەم تا زۆر سەربەست بوون. بەڵام زۆریی هاوڕەگەزبازی لە بنەڕەتەوە هەڵبژاردنێكی بۆ كوڕەكان نەدەهێشتەوە!

كچەكان داوێنپاكییان زۆر بە باش دەزانی و بە توندی خۆیان دەپاراست، چەند جار زۆربەی ئەوانەی كە لە ئەنجامی تێكەڵ بوون لەگەڵ پیاوان كچێنیان لەدەست بدابایە، خۆیان دەكوشت، بەڵام داوێنپاكی پیاوی بێ ژن هیچ گرنگ نەبوو، تەنانەت چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەكرا لە لەشفرۆشخانەكان نەتۆرێن. لە جیهانی پیاواندا، هەڵپەی سێكس كردن وەكو هەڵپەی خواردن و سك تێركردن، بە پێویستیەكی ئاسایی دەژمێردرا، ئەگەر لە هاوسەنگی دەرنەچوبایە چاوپۆشی لێ دەكرا. كۆكردنەوەی ژنان بۆ جێبەجێكردنی ئەم پێداویستییە، لە كۆنەوە لەسەر بنەمایەك داڕێژرابوو. كوان چونگ، گەورە وەزیری ویلایەتی چی، فەرمانی دا كە چەند هۆكارێك فەراهەم بكرێت بۆ ئەوەی بازرگانانی ویلایەتەكانی تر بتوانن مەیلەكانی خۆیان جێبەجێ بكەن و لە ئەنجامدا، پێش گەڕانەوەیان، بەرژەوەندی بازرگانی خۆیان لەدەست بدەن!

ماركۆپۆلۆ دەنووسێت، لە پایتەختی هۆزەكانی قائان، لەشفرۆشی زۆر، كە لە جوانیدا تاك بوون، هاتوچۆیان دەكرد، دەوڵەت مۆڵەتی پێ دەدان، كۆی دەكردنەوە،

دەیخستنە ژێر چاودێری خۆیەوە، جوانترینیانی بە خۆڕایی دەنارده لای سەفیرە بێگانەکان. دواتر لە چین جۆرێکی نوێ لەو جۆرە ژنانە وەدیار کەوتن و ناویان لێنرا "کچانی گۆرانیبێژ". ئەوان کە لاوانی بێ ژن و مێردە بە ئابڕووەکانیان دەهێنایە ناو باسی تایبەت و هەڵبژێردراو و سەرگەرمیان دەکردن، بە گشتی شتێکیان لە ئەدەب و فەلسەفەوە دەزانی و دەستیان لە مۆسیقاو سەمادا هەبوو.

پێش هاوسەرگیری، پیاوان هێندە سەربەست بوون، ژنانیش هێندە خۆپارێز بون، کە بوار نەدەڕەخسا بۆ بە ئەنجامگەیشتنی عەشقی ڕاستەقینە. بۆیە زۆر بەکەمی دەنگدانەوەی عەشقی ڕۆمانتیکی دەبینرێت لە ئەدەبیاتی چینیدا. لە سەردەمی دودمان تانگ چەند عەشقنامەیەکمان بەرچاو دەکەوێت، لە سەدەی شەشەمی پ.ز، لە ئەفسانەی ئۆ شینگ، گەنجێك دەبینین کە لەژێر پردێکدا هێندە چاوەڕوانی مەعشوقەکەی دەبێت تا ئاو بەرز دەبێتەوە و دەیخنکێنێت. بێگومان ئۆ شینگ لەوە ژیرتر بووە کە کارێکی وا بکات، بەڵام سەیرە: هونەرمەندان وایان پێ باشترە کە وەها نەبێت! بە گشتی عەشق، بە شێوەی دڵگیری و پەیوەندی نەرمونیانی، لە نێوان ژن و پیاوی چینی کەمتر بینراوە، بەڵام لە نێوان پیاوانی بوفۆردا دەبینرا، دەبێ بگوترێت کە لەو لایەنەوە چینییەکان لە یۆنانیەکان دەچوون!

هاوسەرگیری بە عەشقەوە هێندە باوی نەبوو، جگە لەمەش ئامانجێکی تری نەبوو جگە لە هاودەمکردنی ژن و پیاوی ساغ و پێکهێنانی خێزان بە مەبەستی منداڵبوون. لەم ڕووەوە چینییەکان خێزانیان بەدەر لە ئاشووبی سۆزداری دەویست. هەربەم هۆیەوە دایك و باوك کوڕەکانیان دوور لە کچەکان بەخێو دەکرد و خۆیان هاوسەریان بۆ هەڵدەبژاردن. بە ڕەبەنی مانەوە بۆ پیاوان،

تەنانەت بۆ پێشەوا ئاینییەکان، بە ناپەسندی وەکو تاوانێك سەیریان دەکرد کە بەرانبەر باوباپیران و گەل و وڵات کرابێت. لە سەردەمی کۆندا، حکومەت، کەسانی تایبەتی دادەمەزراند، بۆ هاندانی لاوان بۆ زەماوەند کردن، بۆ ئەوەی کوڕان پێش تەمەنی سی ساڵی و کچانیش پێش تەمەنی بیست ساڵی زەماوەند بکەن. دایك و باوکان، یان بە تەنیایی یان بە یارمەتی دەلاڵەکان فێری کارێك دەکران، بە پەلە دوای باڵق بوون، هەندێ جار پێش باڵق بوون و تەنانەت زۆر جار پێش لە دایکبوونی منداڵەکانیشیان دەزگیرانیان بۆ کوڕەکانیان دیاری دەکرد. کۆتوبەندی پەیوەست بە خزمایەتی لە لایەن دایك و باوکەوە بەدوور نەبوو، هاوسەر دەبوایە لە خێزانێکی تەواو ناسیاو بێت، بەڵام لە خزمانی زۆر نزیك نەبێت، لە کاتی هەڵبژاردنی دەزگیران، باوکی زاوا دیارییەکی شایستەی بۆ باوکی بووك دەنارد، بووکیش لە جیاتی ئەوە بارگەیەکی باش و بەهاداری لەگەڵ خۆی دەهێنا بۆ ماڵی زاوا. خێزانەکانی بووك و زاواش چەندین دیاریان دەگۆڕیەوە. بووك پێش گواستنەوە پەیوەندی لەگەڵ زاوا نەدەبوو، زاواش ئەگەر بە فێڵێکەوە بیتوانیبوایە ڕەنگوڕووی بووك ببینێت، ئەگەرنا تا ڕۆژی زەماوەند بووکی نەدەبینی. لە ڕۆژی زەماوەندەکە شەرابێکی زۆریان دەرخواردی زاوا دەدا بۆ ئەوەی شەرم نەکات، دوای زەماوەند، بووك دەبوایە شەرمن و گوێڕایەل بوایە، لەگەڵ مێردەکەی لە ماڵی خەزووری یان شوێنێکی نزیك ئەوان نیشتەجێ دەبوو، لەوە بەدوا لەسەری بوو کە لە بەرەبەیانەوە تا ئێوارە لە خزمەتی خەسوو و خەزوورەی دابێت. کار و ئەرکەکانی بووکی نوێ کاتێك تەواو دەبوو کە خۆی ببێتە خاوەن کوڕ و بووك، تۆڵەی زەحمەت و ناخۆشییەکانی خۆی دەکردەوە.

کەم دەرامەتەکان لە ژنێك پتریان نەدەهێنا، بەڵام چینییەکان، کە گرنگییەکی فراوانیان بە زۆربوونی منداڵ دەدا، بە گوێرەی نەریتی خۆیان، مافی ئەوەیان هەبوو جگە لە هاوسەری سەرەکی، "موتعە" یان هاوسەری لاوەکیشیان هەبێت. کۆمەڵگا بە چاوێکی متمانەوە سەیری ئەو پیاوانەی دەکرد کە چەندین ژنی هەبێت. ژن ئەگەر منداڵی نەبوایە، زۆر لەوانەبوو هەرخۆی داوای لە مێردی بکردبایە کە ژنێکی تر بهێنێت، بە گشتی منداڵی هاوسەرە لاوەکیەکەشیان بە منداڵی خۆیان دەزانی. لە زۆر حاڵەتدا، ژنان بۆ ئەوەی مێردەکانیان پابەندی ماڵەکانیان بکەن، داوایان لە مێردەکانیان دەکرد کە خۆشەویستەکانیان بە ناونیشانی هاوسەری لاوەکی بێننە ماڵەوە. چینییەکان هاوسەری "فەغفور چوانگ چو" یان زۆر بە باشە باس دەکرد، چونکە گوتبووی:"بەردەوام ژنانی جوانم لە شارەکانی دەوروبەرەوە هێناوە تا بە ناوی ـ موتعە ـ نیشانی خوای خۆمی بدەم" خێزانەکان پێشبڕکێیان دەکرد بۆ ناردنی کچەکانیان بۆ حەرەمسەرای فەغفور. فەغفور بۆ پاراستنی حەرەمسەرا و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، سێ هەزار خواجەسەرای ڕاگرتبوو بۆ کارکردن، زۆربەی ئەو خواجەسەرایانە پێش تەمەنی باڵق بوون لە لایەن کەسانی خۆیانەوە، بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیان، خەسێنرا بوون.

لە خێزانی چینیدا، کە بە بەهەشتی پیاوان دەژمێردرا، "موتعەکان" لە بنەڕەتەوە جیاوازییەکیان نەبوو لەگەڵ کۆیلەدا، ژنی سەرەکیش جگە لە بەرهەمهێنەری منداڵ شتێکی تر نەبوو، پلەوپایەکەی پەیوەندی بە ژمارە و ڕەگەزەکانی منداڵەکانیەوە هەبوو. بەم شێوەیە، چونکە لە منداڵییەوە بۆ خزمەتی مێرد پەروەردە دەکرا، بە ئاسانی لەگەڵ دەروبەرەکەی ڕادەهات

و دڵخۆش و شادمان دەبوو. ژیانی هاوبەشی ژن و پیاوی چینی، لەگەڵ ئەوەی بە ویستی هەردوکیان دروست نەدەبوون وەکو ژیانی هاوبەشی ژن و پیاوی خۆرئاوایی کە زۆرجار دوای عەشقێکی ڕۆمانتیکی دەستیپێدەکرد، ئارام و بەردەوام بوو. مێرد دەیتوانی ژنەکەی تەڵاق بدات بە هەر بیانوویەك هەر لە نەزۆکیەوە بگرە تا زۆرڕەوی. ژن مافی داواکردنی تەڵاقی نەبوو، تەنیا دەیتوانی لە مێردەکەی بتۆرێت و بچێتەوە ماڵە باوانی ـ بەڵام ئەم مەسەلەیەش زۆر کەم ڕووی دەدا. بە گشتی تەڵاقدان بە فراوانی ڕووی نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ژن دوای تەڵاقدان تووشی بارێکی نالەبار دەبوو، لە لایەکی تریشەوە چینییەکان، کە خەڵکانێکی بیرفەلسەفین، بەرگەی ناخۆشییەکانی هاوسەرگیری بە پێویست دەزانن.

ڕەنگە لە سەردەمی پێش کۆنفۆشیۆسدا، دایك بە مەڵبەندی دەسەڵات و توانای ماڵ دەژمێردرا. هەروەك کە بینیومانە، خەڵکی کۆن"دایکی خۆیان دەناسی و کاریان بە باوکیانەوە نەبوو". ئێستاشی لەگەڵ بێت، لە ڕێنووسی چینیدا، نیشانەی بنەڕەتی وشەی "ژن" بوەتە ناوی خێزانیی، وشەی "هاوسەری ژن"لە بنەڕەتدا بە مانای "یەکسان" بوو، ژن دوای هاوسەرگیری نەدەچوە سەر ناوی مێرد. ژنان تەنانەت تا سەدەی سێیەمی زاینی سەرپەرشتی کارە مەزنەکانیان دەکرد کە کارە دەوڵەتییەکان یەکێك بوون لەوان. شاژنی لو کە پاشتر بوە سەرمەشقی شاژنی تزوشی، لە ١٩٥ تا ١٨٠ی پ.ز بە سەرکەوتنێکی تەواوەوە حکومەتی بەڕیوەبرد. ئەو، وەکو کاترین دومدیسی، ڕەقیب و دوژمنەکانی خۆی زۆر بە ئازایی ژەهرخوارد کرد و لەناوی بردن، پاشاکانی لەسەر تەخت دانیشاند و سەرنگومی کردن، دڵبەرە نازدارەکەی مێردی گرت و گوێی بڕی و چاوی دەرهێنا و فڕێی دایە چاڵە ئاوێکی بۆگەنەوە. لەگەڵ ئەوەی

کە لە سەردەمی بنەماڵەی (منچۆ)دا لە هەر دە هەزار چینی، ڕەنگە یەك کەس خوێندەواری هەبوبێت، لە ڕۆژگاری کۆندا، ژنانی چینی بەرز، ڕۆشنبیر بوون و زۆربەیان شیعریان دەگووت. دوای مردنی مێژوونووس پان کو(دەوروبەری ۱۰۰ی زاینی) خوشکەکەی پان چائۆ کە ژنێکی هەرە باش بوو، کتێبی مێژوویی براکەی تەواو کرد، لە لای فەغفووریش پێگەیەکی باشی وەرگرت.

دەتوانرێت بگوترێت کە سەقامگیری حکومەتی پاشاگەردانی لە چین بوەهۆی دابەزینی پایەی سیاسی و ئابووری ژن و باوکان بونە مەڵبەندی دەستەڵات لە خێزاندا. بە گشتی هەموو کوڕانی خێزان و هاوسەران و منداڵەکانیان لە ماڵی باوك یان پیرترین پیاو دەژیان. دارایی خێزان، هەرچەندە کە موڵکی هەموو ئەندامانی خێزان بوو، لە هەموو لایەنێکەوە لەژێر کۆنترۆڵی باوك یان بە تەمەنترین پیاودا بوو. لە سەردەمی کۆنفۆشیۆسدا، تارادەیەك باوکان خاوەن هێزێکی ڕەها بوون، دەیانتوانی ژن و منداڵەکانیان بە ناونیشانی کۆیلە بفرۆشن. بەڵام ئەم کارە، جگە لەو کاتانەی کە پێویستی خێزان دەگەیشتە لوتکە، ڕووی نەدەدا. هەروەها باوکان مافی کوشتنی منداڵەکانی خۆیانیان هەبوو، لەم بارەیەوەش تەنیا ڕای گشتی باوکانی پەشیمان دەکردەوە. باوکی هەر بنەماڵەیەك بە تەنیایی نانی دەخوارد زۆر بە کەمی مۆڵەتی دەدا ژن و منداڵەکانی لەسەر یەك سفرە لەگەڵی نان بخۆن. دوای مردنی ئەو، شووکردنەوەی هاوسەرەکەی بە پەسەند نەدەزانرا، لە کۆنەوە نەریت وەهابوە کە مێردمردووەکان، بۆ سەلماندنی وەفاداری بۆ مێردەکانیان، خۆیان دەکوشت. ئەم جۆرە خۆکوژیانە تا کۆتایی سەدەی بیستەمیش ڕوی دەدا. مێردەکە لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆیدا و هەموو کەسانی تر بەڕێزەوە

ڕەفتاری دەکرد، بەڵام زۆر لە هاوسەرەکەی دوور دەکەوتەوە و لە دەروونەوە ژن و منداڵەکانی بە هاوتای خۆی نەدەزانی. ژنان لە بەشێکی دیاریکراوی ماڵدا دەژیان و کەمتر تێکەڵی پیاو دەبوون. ئەگەر چاوپۆشی لە هاونشینی پیاوان لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکانە بکەین، ژیانی کۆمەڵایەتی چینییەکان، بەرێژەیەکی تەواو، ژیانێکی پیاوانە بوو. مێرد، تەنیا لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی دایکی منداڵەکانیەتی ڕووی دەدایە، گەشەی بە ملکەچی و سەرقاڵی و زۆرزانیی دەدا ـ نەك جوانی و ڕۆشنبیریی ئەو ـ. خاتونی بویژ، پان هوپان، لە نامەیەکی بەناوبانگدا، بە لەخۆبردووییەوە، بەم شێوەیە لەبارەی پێگەی ژن دەنووسێت: لە نێوان مرۆڤی جۆراوجۆردا، لەخۆبردووترین پێگە شوێنی ئێمەیە. ئێمە بەشی لاوازی مرۆڤایەتین. ناخۆشترینی کارەکان لە ئەستۆی ئێمەدایە، دەبێ وەهاش بێت. ... کتێبی یاساکانی ژن و پیاو، بە ماف و ڕاستگۆیی، ڕایدەگەیەنێت: "ئەگەر ژنێك مێردێکی هەبێت بەدڵی خۆی، بۆ سەرتاسەری تەمەنە، ئەگەریش ژن مێردێکی هەبێت کە بە دڵیشی نەبێت، هەر بۆ سەرتاسەری تەمەنە."

فوشوان لە شیعرێکدا دەڵێ:

**چەند خەمناکە ژن بوون!**
**لە زەویدا هیچ شتێك لەمە بێ بەهاتر نییە**
**کوڕان پشتیان بە دەرکەوە ناوە،**
**وەکو ئەو خوایانە کە لە ئاسمان بەربوونەتەوە،**
**دڵیان دەخەنەوە کێشە و**
**چوار ئۆقیانووس و تۆزوبای هەزار فرسەخی**
**کاتێ کچێك لەدایك دەبێت، هیچ کەسێ دڵخۆش نابێت،**

**بنەماڵە گرنگی پێ نادەن**

**کە ئاوس دەبێت، هەرواش دەمێنێتەوە لە خەڵوەتدا**

**دەترسێت کە چاوی بە پیاو دەکەوێت.**

**کە ئەو ماڵ بەجێدێڵێت هیچ کەسێ ناگری،**

**وەکو هەورەکان کە دوای باران لە هیکەوە دوور دەکەونەوە.**

**سەرشۆڕ بکات و خۆی بڕازێنێتەوە،**

**ددانەکانی لێوە سوورەکانی بگەزێت:**

**چەندین جار، لە گەورەییەوە، ملکەچ بکات و چۆك دابدات.**

ڕەنگە وەسفێکی وا لەبارەی خێزانی چینی بێ ویژدانانە نەبێت. لەگەڵ ئەوەی کە خێزانی چینی لەگەڵ یەکتر وەکوبڕیاردەر و جێبەجێکار بوون، پیاوان شەڕیان لەگەڵ ژن و منداڵدا دەکرد، خێزانەکان پڕ بوون لە دۆستایەتی و میهرەبانی و هاوکاری. ژن، لە لایەن ئابوورییەوە، ژێردەستەی پیاو بوو، بەڵام بوارێکی فراوانی هەبوو لە ڕادەربڕیندا و دەیتوانی، وەکوژنانی خۆرئاوا، بە جوێندان بە مێردەکەی لەچاوی دەربێنێت، یان لە ماڵ ئاوارەی بکات. هەڵبەت کە خێزانی چینی بە دەستی باوکان بەڕێوە دەچوو، خاوەن یەکسانی ماف و دیموکراسی بوو، دەوڵەتیش پاراستنی سیستمی کۆمەڵایەتی خستبوە سەرشانی خێزان. لەم ڕووەوە خێزان لە یەك کاتدا، بە مەڵبەندی پەروەردەکردنی منداڵ، قوتابخانە، کارگە و جۆرێك لە حکومەت دەژمێردرا و نەیدەیتوانی چاوپۆشی بکات لە پراکتیزە کردنی سەختییەکان و دیسپلین. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خێزانی شارنشین کاتێك دیسپلینی کەم کردەوە کە گرنگی ئابووری لەدەستدا، ئەرکەکانی پێشتری ئەو خرانە ئەستۆی قوتابخانە و کارخانە و دەوڵەتەوە.

## ٥. ژاپۆن

## ٥.١ خێزان

**دەستەڵاتی باوك ـ بارودۆخی ژن ـ منداڵان ـ ئاكاری سێكسی ـ سەماكەر ـ عەشق.**

لە خۆرهەڵاتدا، پێش خۆرئاوا، دەبێ بەدوای سەرچاوەی ڕاستەقینەی سیستمی كۆمەڵایەتی بگەڕێین لە خێزاندا. توانای لەرادەبەدەری باوك لە ژاپۆن و وڵاتە خۆرهەڵاتیەكانی تر نیشانەی دواكەوتوویی كۆمەڵ نەبوو، بەڵكو نیشانەی ئەوە بوو كە حكومەتی خێزان لەسەروی حكومەتی سیاسی بوو. خۆرهەڵات كەمتر لە خۆرئاوا پشتی بە تاك دەبەست. حكومەت خاوەن دەزگایەكی ڕێكخراو نەبوو، لەم ڕووەوە خێزان دەستەڵاتی تەواوی بەسەر ئەندامانی خۆیدا هەبوو، ئەوەی جێگەی سەرنجی گرمەڵگە بوو، ئازادی خێزان بوو، نەك ئازادی تاك. خێزان بە یەكەی ئابووری بەرهەمهێنان و یەكەی كۆمەڵایەتی ڕێكخستن دەژمێردرا، ئەوەی گرنگی هەبوو پاشماوەی پەرەپێدانی خێزان بوو، نەك سەركەوتن و پێشكەوتنی تاك. باوك خاوەنی دەستەڵاتێكی تەواو بوو، بەڵام دەستەڵاتەكەی ڕەنگێكی سروشتی و مرۆڤانەی هەبوو. دەیتوانی بووك یان زاواكەی خۆی لە ماڵ دەربكات و نەوەكان بهێڵێتەوە، دەیتوانی بە تۆمەتی ناپاكی یان هەر تۆمەتێكی گەورەی تر منداڵەكانی خۆی بكوژێت، منداڵە وردەكان بفرۆشێتە لەشفرۆشەكان یان كۆیلەدارەكان[1]. بەدەربڕینی یەك وشە

---

١.تەنیا چینەكانی خوارەوە، ئەویش لە ترۆپكی پێویستیدا كارێكی لەم جۆرەیان دەكرد.

هاوسەرەکانیان تەڵاق بدەن، پیاوانی ئاسایی یەك ژنیان هەڵدەبژارد، بەڵام پیاوانی چینی بەرزتر، ژنی کاتیی زۆریان دەهێنا، گرنگی بە خیانەتی مێرد نەدەدرا. کاتێ کە مەسیحییەت هاتەناو ژاپۆن، نووسەرانی ژاپۆنی سکاڵایان دەکرد لەوەی کە ئەم ئایینە ژنی کاتیی و زیناکاری قەدەغە دەکات و ئاسایشی خێزان دەشێوێنێت.

لە ژاپۆنیش وەکو چین، ژنانی سەردەمەکانی سەرەتایی، بارودۆخیان باشتر بوو لە ژنانی سەردەمەکانی دوای خۆیان. لە نێوان ئیمپراتۆریە کۆنەکاندا، شەش ژن دەبینرێن. لە سەردەمی گەورەیی کیۆتۆدا، ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ولاتدا ئەرکی گەورە و ڕەنگە پلە یەکیشیان لە ئەستۆ بووبێت، ڕەنگە بتوانرێت بگوترێت کە لە زیناکاریدا پێشی مێردەکانیان دەدایەوە و پاکی خۆیان بە پێداهەڵگوتنێك دەفرۆشت. بانوسی شونوگان دەنووسێت کە گەنجێك دەیەویست، بە تەتەرێك نامەیەك بۆ دڵبەرەکەی خۆی بنێرێت. بەڵام لە ڕێگادا کچێکی ڕێبواری بینی و بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەودا عیشقبازی بکات ناردنی نامەکەی بیرچوو. ئەم نووسەرە هەست ناسکە بەم شێوەیە درێژە دەدات بە نووسینەکەی: "نازانم کە تەتەر نامە بۆندارەکەی عاشقی بردە لای دڵبەر، ئایا بە بینینی پیاوە میوانەکە بەردەمی، لە پێدانی نامەکە کەوتە دودڵی یان نا" لە ژاپۆن، دوای سەقامگیری دەستەڵاتی فیۆداڵە شەڕانییەکان لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی ئارامیی و قەیرانە سروشتیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، سەرکەوتنی پیاو بەسەر ژندا چەسپا، پیاوان ژنانیان ناچار کرد بە سێ جۆر ملکەچی بۆ(باوك، مێرد، کوڕ!) لەوەبەدوا پیاوان زۆر بە کەمی جگە لە نەریتی بەخێوکردنی خێزان، شتی تریان فێرکردن، خیانەتی ئەوانیان بە کوشتن سزا دا. ئەگەر مێردێك، ژنەکەی

خۆی بە خیانەتکردنەوە ببینیایە، دەیتوانی یەکسەر ژنەکەی و دۆستی ژنەکەش یەکسەر بکوژێت. ئەی یاسووی زیرەك بڕیاری دابوو کە ئەگەر ژنێك خیانەت بکات، ئەو مێردەی کە ژنەکەی خۆی بکوژێت و دۆستی ژنەکەی نەکوژێ، مێردەکە خۆی هەقی کوشتنی هەیە. ئاك کن ی فەیلەسوف، پەند فێری مێرد دەکات کە ژنی زۆربڵێ و بە قیژە تەڵاق بدەن، بەڵام ئەمەش فێری ژنان دەکات کە لە بەرانبەر مێردە هەرزە و دڕندەکانیاندا نەرمی و میهرەبانیەکانیان دوو هێندە بکەن. لە ئەنجامی ئەو پەروەردە توندەتیژەدا، ژنی ژاپۆنی، بوو بە چالاکترین و گوێڕایەڵترین و بەوەفاترین ژنی جیهان. چەندین جار گەیشتونەتە ئەو پرسیارە کە ئایا نابێت خۆرئاوا سود لەو سیستمە کۆمەڵایەتییە ببینێت کە ئەم ژنە مەزنانەی پەروەردە کردوە؟

ژاپۆن، لە سەردەمی درەوشانەوەی ساموراییەکاندا، بە پێچەوانەی نەریتی پیرۆز و دێرینەی زۆربەی وڵاتە خۆرهەڵاتییەکان، خەڵکیان هان نەدەدا بۆ منداڵبوون و زۆرکردنی منداڵ. چونکە ژمارەی دانیشتوان بەرز ببوەوە و ژمارەیەکی زۆری خەڵك زیاتر ببون، تاکەکانی چینی سامورایی بەر لە تەمەنی سیساڵی زەماوەندیان نەدەکرد و زیاتر لە دوو منداڵیشیان نەدەبوو. بەم وەسفە، خەڵك بە گشتی لە هەڵبژاردنی هاوسەر و منداڵ هێنان بێ پەروا بوون. ئەگەر ژنێك گرفتی هەبوایە لە منداڵبوون، مێرد دەیتوانی لەخۆی دوور بخاتەوە. ئەگەر خێزانێك تەنیا منداڵی مێیینەیان هەبوایە، باوك بۆ پاراستن و ناو و سەروەتەکەی خۆی منداڵێکی قەبوڵ دەکرد وەکو کوڕی خۆی. کچان بێبەش بوون لە میراتگری. خێزان دەبوایە ئەخلاقی چینی فێری منداڵەکان بکات، کە لەسەر بنەمای ملکەچی منداڵ بۆ باوك بنیات نرابوو. لەگەڵ

ئەوەشدا سیستمی دەوڵەت پەیوەست بوو بە سیستمی خێزان، سیستمی خێزانیش زادەی ملکەچی منداڵان بوو. لە سەدەی هەشتەمدا، شاژنی کوکن فەرمانی دا کە هەر خێزانێك دانەیەك لە کتێبی "تەقوای منداڵیی" دەستەبەر بکات و خوێندکارانی خوێندنگا ئیالەتییەکان یان زانکۆکان بابەتەکانی ئەو کتێبە بە چاکی فێر بن. هەموو ژاپۆنییەکان، مەگەر کەسێکی سامورایی کە پاراستنی خواوەندەکەی بە گەورەترین ئەرکی خۆی دەزانی، ئەگەرنا هەموویان کتێبی تەقوایی منداڵیان بە بەرزترینی باشترینەکان دەزانی. تەنانەت ئەو پەیوەندیەی کە تاکەکانی بە ئیمپراتۆرەوە گرێ دەدا، بە جۆرێك لە پەیوەندی منداڵ و ملکەچی دەژمێردرا. پێش ئەوەی کە خۆرئاوا لە ژاپۆن ڕەخنە بکات و بە چەمکی ئازادی تاکەکەسی، نەریتەکانی ژاپۆن تێکبشکێنێت، بنەمای ئەخلاقی خەڵکی سادە شتێك نەبوو جگە لەو گەورەییە باشترینە مەزنە. مەسیحییەت نەیتوانی لەم دوورگانەدا پێشبکەوێت، چونکە ئینجیل، بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ژاپۆنییەکان، مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ دەبێ لە دایکوباوکی خۆی جیا ببێتەوە و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بژیێ.

جگە لە ملکەچی و وەفاداری، باشترینەکانی ئەخلاقی کەمتر لەوەی کە لە ئەوروپای ئێستادا جێگای ڕێزە لەبەرچاو دەگیرا. داوای پاکیزەیی دەکرا، هەندێ لە کچانی چینە بەرزەکان هەرکاتێك کچێنی خۆیان لە مەترسیدا دەبینی، خۆیان دەکوشت. بەڵام خێزانێك هاوتای ڕۆژی ڕەش نەبوو. بەناوبانگترین چیرۆکی ژاپۆنی، گەنجی مۆنۆگاتاری، وەکو حەماسەیەکی ناپاکی خانەدانانە، بەناوبانگترین نووسینی ژاپۆنی، واتە یاداشتە سەرینییەکان، بەرهەمی بانوسی شوناگۆن، هەندێك شوێنی، وانەی ئەدەبی یاخیبوون و سەرکێشی فێری خوێنەر

دەکات. شەهوەتی سێکسی وەکو خواردن و خواردنەوە بە شتێکی ئاسایی و سروشتی دەژمێرێت، شەوان هەزاران پیاو، کە مێردی زۆر بەرێزیشیان تێدا دەبینرا، دەچوونە یوشیوارا یان "گەڕەکی گوڵ" ی تۆکیۆ. لە ماڵە شێواو و ڕازاوەکانی ئەم گەڕەکەدا، پانزدە هەزار لەشفرۆش، کە بە تایبەتی پەروەردە کرابوون و مۆڵەتی کاریان هەبوو، بە ڕوخساری ئارایشت کراو و جلی جوانەوە لە پشت پەنجەرەوە دانیشتوون و چاوەڕێ بوون کە پێشوازی لە پیاوانی ناشاد بکەن، گۆرانی بڵێن و سەما بکەن و لەگەڵیان بخەون.

لەنێوانیاندا، (گیشاکان) بەهای پتریان هەبوو، وشەی گیشا پێکهاتوە لە "شا" بە مانای "کەس"و "گی"بە مانای "شارەزا لە سەماکردن". گیشاکان، وەکو ژنانی هتایرای لە یۆنانی کۆندا، هونەری عەشقبازی و ئەدەبدا دەستیان هەبوو و وروژاندنی سێکسیان لەگەڵ شیعر تێکەڵ دەکرد. شوگۆن ئیەناری (١٧٨٧ ـ ١٨٣٦) لە ساڵی (١٧٩١)، گەرماوە تێکەڵەکانی بە مایەی فەساد زانی و دەرگای ئەو گەرماوانەی کلۆم دا و پاشان، لە ١٨٢٢ بڕیارێکی توندوتیژی لە دژی ژنانی گیشا دەرکرد. لەم بڕیارەدا، گیشا بەم شێوەیەی وەسف کراوە "ژنێکی گۆرانیبێژ کە بە ڕوخساری ڕازاوە لە میوانخانەکاندا، بە ناونیشانی سەرگەرمکردنی میوانەکان، خەریکی کارێکی تر دەبێت!" لەمڕۆ بەدواوە ئەم ژنانە، وەکو "کچۆڵە بێژمارەکان" کە لە سەردەمی کەمپفەر، چایخانەکانی لادێیەکان و مەیخانەکانی سەرشەقامیان تەنی بوو، بە لەشفرۆش ژمێردران. لەگەڵ ئەو هەموەشدا، خێزانەکان بۆ برەودانی ئاهەنگەکانیان گیشایان بانگهێشت دەکرد. بۆ پەروەردەکردنی گیشا چەند خوێندنگایەك بە ناوی کابورنجۆ هەبوون، ئەرکی پەروەردەکردنیش لە ئەستۆی پیرەگیشاکاندا

بوو. هەندێ جار، لە خوێندنگاکاندا، کۆڕی چایی خواردنەوە دەگێڕدرا و مامۆستا و خوێندکارەکان هونەرە سەرنجڕاکێشەکانی خۆیانیان پێشکەشی جەماوەر دەکرد. ئەو خێزانە هەژارانەی کە نەیاندەتوانی کچەکانیان بەخێو بکەن، دەیانناردنە لای گیشاکان و بڕە پارەیەکیان وەردەگرت. لە ژاپۆن، سەدان چیرۆك نووسراوە لەبارەی ئەو کچانەی کە تەنیا بۆ ڕزگارکردنی خێزانەکانیان خۆیان بەهۆی برسێتییان کاری گیشاییان هەڵبژاردوە.

پەروەردەی گیشای ژاپۆنی، لەگەڵ ئەوانەی کە چاودێرە بێگانەکان رادەچڵەکێنێت، لە بنەڕەتەوە لە خۆرئاوادا هەبووە، بەڵام هەڵبەت کە جوانی و ڕاستگۆیی و خۆشییەکی زۆرتری هەیە. بە دڵنیاییەوە زۆربەی کچانی ژاپۆنی، لە زەمینەی پاکیدا، لە دوای کچانی خۆرئاواوە نین. ژاپۆنییەکان، لەگەڵ بوونی ئەو مەراسیمە ئاشکرایەدا، بە ڕێکی و پاکیی دەژین، ئەگەرچی بە گشتی هاوسەرایەتی لە ژاپۆندا لەسەر بنەمای عەشق و خۆشەویستی نییە، هێشتاش ناسکترین عەشق لەناو ئەواندا وەدیار دەکەوێت. هەم لە ئەدەب و خەیاڵپەروەری، هەم لە مێژووی ئێستای ژاپۆنیشدا، بەردەوام کوڕ و کچانێك دەبینین کە لە ئەنجامی نارازی بوونی دایك و باوکیان ناتوانن بەیەك بگەن، بە هیوای بەیەکگەیشتنی ئەبەدی لەو دونیادا، خۆیان دەکوژن. عەشق، بە بابەتی سەرەکی شیعری ژاپۆنی ناژمێردرێت،بەڵام شیعری عاشقیی زۆر سادە، قووڵ و ناسك، هێندەش کەم نییە:

**ئای! خۆزگە شەپۆلە سپی و دوورەکانی**

**دەریای ئایسە**

**گوڵ بووایەن،**

**تا من کۆم بکردبانەیەوە و**

**پێشکەشی عەشقەکەمم بکردبایە.**

شاعیری مەزن، تسورایۆکی، بەردەوام وەك خۆی، بە ئاوێتەکردنی خود و سروشت، چیرۆکی عەشقە ئاوارتەکەی خۆی بە چوارینەیەك دەگێڕێتەوە:

**دەڵێی کە هیچ شتێك وەکو گوڵی گێلاس زوو ڕانابورێ ...**

**بەڵام من سەعاتێکم لەبیرە**

**کە گوڵی ژیان بە یەك وشە سیس بوو.**

**هیچ بایەکیش نەدەهات.**

## ٦. یۆنان

### ٦-١ پیاوان و ژنانی کرتی

کە ئۆقیانووسی ئەتلەسی و کێوی تارق تێپەڕێنین و پێ بخەینە ئارامترینی دەریاکان، ناوەڕاست، یەکسەر دەگەینە دیمەنی مێژووی یۆنان. ئەفلاتون گوتوویەتی: "ئێمە، وەك قورباقەی دەوری گۆماو، لە کەنارەکانی ئەم دەریایە نیشتەجێ بووین." یۆنانییەکان، چەندین سەدە پێش زایین، لە کەنارەکانی ئەم دەریایە، تەنانەت لە دوورترین کەنارەکانیدا، کۆچەری و ڕەوەند بوون لە نێوان ئەو ناوچانەی کە بەربەریەکانی تێدا کۆببونەوە.

"لە نێوان دەریای وەك لەعلی ڕەوان، وڵاتێك هەیە بە ناوی کرت، وڵاتێکە خۆش و بە پیت، بە ئاو دەورەدراوە، بە خەڵکێك لە ژمارە بەدەر و نودی شار."
ئەمە وەسفێکە کە هومێر ٩ سەدە پێش زایین باسی دوورگەی کرت دەکات.

کرتییەکان وەکو ئەوەی لە وێناکردنی ئەو دیارکەوتوە، بە تەوری دوو دەم، کە لە نیشانە ئایینە بەرجەستەکەی ئەوانە، لێکچوونێکی سەیریان هەیە، لەشی ژنان و پیاوانیان، بێ جیاوازی، بە کەمەرێکی باریك، کە لە مۆدەی سەردەمی ئێمەش زیاترە، کۆتایی دێت. هەموویان کورتەباڵان. هەڵسوکەوتیان زۆر بە جوانی و ناسکییە. لەشولاریان لاواز و نەرم وەك وەرزشکارەکان گونجاوە، ئەندامەکانیان زۆر جوان و گونجاون لەگەڵ یەکتریدا. پێستیان لەکاتی لەدایکبوون سپییە، ژنان کە لە سێبەر دەچن، بەگوێرەی نەریتەکان،

سیمای کراوە و ڕەنگپەڕیویان هەیە. بەڵام پیاوەکانیان، کە لە ژێر خۆردا خەریکی نان پەیدا کردنن، هێندە سووتاو و ڕوخسار سورن کە یۆنانیەکان ناویان ناون (وەکو خەڵکی فینیقیە)، فوینیکس، واتە "خەڵکی ئەرخەوانی" یان "سورپێستەکان". درێژی سەری مرۆڤی کرتی لە پانابیەکەی زیاترە و، بەشەکانی دەموچاویان دیارو ناسکن. وەکو ئیتالیاییەکانی ئێستا، مورەش و خاوەن چاوێکی ڕەشی درەوشاوەن. کرتییەکان، بێ دوودڵی، لقێکی "نەژادی دەریای ناوەڕاستن[١]". پیاوەکان و، ژنانیش بەشێکی قژیان، وەکو پرچ لە دەورەی سەریان یان ملیان کۆ دەکەنەوە. بەشێکی بە شێوەی پەرچەم لەسەر نێوچەواندا بڵاو دەکەنەوە، و بەشێکیشی دەچنن، لەسەر شان یان سینگ بەردەدەنەوە. ژنان کەزییەکانیان بە قردێلە دەڕازێننەوەو پیاوان بۆ ئەوەی ڕوخساریان بە پاکی بهێڵنەوە، تیغی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن و تەنانەت لەگۆڕیشدا تیغ لەخۆیان جودا ناکەنەوە. جلوبەرگەکانیشیان وەکو سەروسەکوتیان سەیرە. پیاوان زۆربەی کات سەرکۆتن، بەڵام هەندێ جار سەریان بە دەسماڵێك یان کڵاوێکی خڕی ژێرپان دادەپۆشن، ژنان کڵاوێکی جوان لە شێوەی کڵاوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر دەکەن، بە گشتی پێیان داناپۆشرێن. بەڵام کەسانی خانەدان، لە هەندێ جاردا پێڵاوی چەرمی سپی لەپێ دەکەن. ژنان کەناری پێڵاوەکانیان بە گوێرەی زەوق و سەلیقەیان دەڕازێننەوە و ئاوزینەی پێڵاوەکانیان بە مووروی

---

١. ئەنترۆپۆلۆژی ئەمڕۆکە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دوای چەرخی بەردینی نوێ، لە نێوان ئەوروپییەکان سێ جۆر مرۆڤیان دیاری بکات: (مرۆڤی نوردی) کە سەردرێژە و باڵا بەرز، پێست و چاو و قژیان کاڵە، لە ئەوروپای باکوردا. (مرۆڤی ئالپی)، کە سەرپان و باڵا ناوەند و چاو خۆڵەمێشی و قژ قاوەییە، لە ئەوروپای ناوەڕاستدا. (مرۆڤی دەریای ناوەڕاست) کە سەردرێژ و کورتە باڵا و تۆخە، لە ئەروپای باشووردا. هیچ کام لە نەتەوە ئەوروپاییەکان لەگەڵ ئەم باسانەدا ناگونجێن.

ڕەنگاوڕەنگ جوان دەکرد. پیاوان بە گشتی بەشی سەرەوەی لەشیان داناپۆشن، تەنیا تەنوورەیەك یان قوماشێك بە کەمەریانەوە دەبەستن بۆ داپۆشینیان، تەنوورەی پیاوانی کرێکار لە خوارەوەدا شەقێکی کراوەی هەیە، تەنوورەی گەوەرەکان و ئەو پیاو و ژنانەی کە لە مەراسیمەکاندا ئامادە دەبن، تا سەر زەوی درێژە. پیاوان، جارجار، لە زستاندا لە ژێرەوە جلێك لەبەر دەکەن کە لە خووری یان پێست دروستکراوە بۆ پاراستنیان لە سەرما، کەمەرەکەی بە توندی دەبەستن، لەگەڵ ئەوەش هەم پیاوان و هەم ژنان سوورن لەسەر ئەوەی دەبێ لاواز بن و وەکو سێگۆشەیەکیان لێبێت، یان وا دیاربکەوێت. ژنانی سەردەمی دواتر، بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە پێشبڕکێ لەگەڵ پیاواندا بکەن، پشتێنی توند بەکار دەهێنن و لەم ڕێگەوە، تەنوورەی خۆیان بە ناسکی بە دەورەی بەشی سەرەوەی ڕانیان دەپێچن و سینگە ڕوتەکانیان بەرەو خۆر بەرز دەکەنەوە. یەکێك لە نەریتە خۆشەکانی کرتیەکان ئەمەیە کە سینگی ژنان یا دەبێ ڕووت بێت یانیش بە قوماشێکی زۆر تەنك داپۆشرێت کە لەشی تێدا دیار بێت ـ ئەم نەریتەش بۆ هەر کەسێك نائاسایی نییە! ستیانەکانیان لەژێرەوەی سینگیان بە توندی دەبەستن و بەشی سەرەوەی بە شێوەیەکی خڕ بە کراوەیی دەهێڵنەوە. هەندێك جار بۆ ئەوەی خۆیان سەرنجڕاکێشتر بکەن، ستیانەکیان دەگەیننە ملیان و یەخەیەکی بە شێوەی مەدیسی[1] دروست دەکەن. قۆڵەکان کورت و هەندێ جار ئەستوور بوون. تەنوورە چینچین بە ڕەنگی شاد و لە سەرەوە تا خوارەوە کەم کەم بەرین دەبێ و بە چاکی خۆی دەگرێت ـ وەك

---

١.ئاماژیە بۆ کاترین دۆمیسی (کاترینا د مدیچی) شاژنی فەڕەنسا لە سەدەی شانزەهەمی زاینی.

بڵێی پەڕەی کانزایی یان کەوانەی ئاسۆییان لە ژێرەوە دانابێت. هاوئاهەنگی دڵرفێنی ڕەنگەکان و ناسکی نەخشاندن و نیگارەکان نیشانەی جوانی سەلیقەی ژنانی کرتییە. نیشانی دەدات کە کرت خاوەنی شارستانیەتێکی دەوڵەمەند و شانازیی بوە، لە زەمینەی هونەر و جوانیدا ڕابردوویەکی زۆری هەبووە. کرتییەکان لەم لایەنەوە دزەیان نەکردۆتە ناو یۆنانییەکان، بەڵام مۆدەکانیان دواتر لە پایتەختی ئەوروپای نوێدا برەوی پەیدا کرد، بە شێوەیەك کە تەنانەت دێرینەناسانی وشك ژنێکی کرتیان کە لەسەر تاشەبەردێکی کۆن هەڵکۆڵدرابوو بە پاریسییان زانیوە. ئەم ژنە بە سینگی درەوشاوە و گەردنێکی جوانەوە، دەمی وروژێنەر و لووتی جەسوورانەوە سەرنجڕاکێشییەکی لەڕادەبەدەر، بە شێوەیەکی زۆر جوان دانیشتوە، ئەو گەورانەی کە لە تەنیشتییەوەن، چاویان بڕیوەتە چەند دیمەنێك ـ کە ئێمە هیچ کات نایانبینین ـ.

ئاشکرایە کە پیاوانی کرت، قەدری ئەو دڵخۆشییە و سەرنجڕاکێشانەی ژیانیان زانیوە کە ژنەکان دروستیان کردوە و لەم ڕووەوەش بۆ جوانتر کردنی ئەوان کەلوپەلی گرانبەهایان بۆ دەستەبەر دەکردن. لە نێوان پاشماوەی بەجێماوی کرتیەکان، خشڵ زۆرە ـ تۆقەی قژی کانزایی و زێڕ، تۆقەی ئارایشتی ڕازاوە بە وێنەی ئاژەڵ، گوڵە زێڕینەکان یان ڕازاوە بە نووك بلووری یان ئاوریشم، کەوانە یان سپرینگی وا کە لە زێڕ دروستکراوە بۆ ڕازاندنەوەی کەزی بەکار هاتوە، سەربەند یان نیوەتاجێکی لە کانزای گرانبەها کە قژ پێکەوە دەبەستێتەوە، حەڵقە و خشڵی وا کە بە گوێدا شۆڕ دەکرێتەوە، تابلۆ و مۆر و زنجیری سنگ، دەستبەند و قۆڵبەند، ئەنگوستیلەی زیوی زێڕین و بەردی جۆراوجۆری گرانبەها. پیاوانیش بە هەندێك لەو خشڵانە خۆیان دەڕازێننەوە: ئەوانەی کە هەژارن، ملوانکە و دەستبەند لە بەردی ئاسایی بەکار دێنن،

ئەوانەی کە دەوڵەمەندن، حەلقەی گەورەی نەخشێنراو بە دیمەنی جوان و ڕاو و شەڕ بەکار دێنن. پەیکەری بەناوبانگی "ساقی" قۆڵبەندێکی پان کە لە بەردی گرانبەها دروستکراوە لە دەستی چەپ و، دەستبەندێکی نیشانەی عەقیقی بە مەچەکەوەیە. لە تەواوی کاروباری ژیانی کرتیدا، پیاوان خۆبینتر و بەرزترین دڵخۆشی خۆیان، واتە شەوق بۆ جوانسازییان دەرخستوە.

سودوەرگرتن لە وشەی"پیاوان"بۆ دیارکردنی تەواوی جۆری بەشەر، بریتییە لە دەمارگرژی سەردەمی باوکسالاری، زۆر بە زەحمەت دەتوانین ئەوە بە شایانی ژیانی کۆمەڵایەتی کرت بزانین، کە هەمووی لە دەوری دایکسالاریدا دەخولایەوە. ژنی مینوسی هیچ جۆرە نێوانێکی خۆرهەلاتی وەکو پەردە و حەرەم پەسەند ناکات. نیشانەی سنووردارکردنی ژن لە بەشێکی ماڵدا، یان تەنیا کاری ماڵەوە، بەدەست نەهاتوە. بە دڵنیاییەوە، ژنی کرتی، وەکو زۆربەی ژنانی ئێستا، لە ماڵدا کار دەکات: قوماش و سەبەتە دەچنێت، گەنم دەهاڕێت و نان دروست دەکات. بەڵام لە دەرەوەی ماڵدا، لە مەزرا و گۆزەکەرییەکاندا لەگەڵ پیاودا خۆی دەخاتە بەر کار، لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بە ئازادی لەگەڵ پیاوان تێکەڵ دەبن، لە تەماشاخانە و گۆڕەپانەکانی پێشبڕکێدا لە ڕیزی یەکەمدا دادەنیشن و وەکو ژنێك کە حەز بە پێداهەڵگوتن نەکات، لە کۆمەڵگای کرتیدا ئامادە دەبێت. لەم ڕووەوە کاتێك کە پیاوانی کرت، بە دروستکردنی خودایان خۆیان دەستپێدەکەن، زۆربەیان لەسەر شێوەی ژنانی خۆیان خوداکان دروست دەکەن.

لێکۆڵەرە مەتینەکان، کە دڵەکانیان شاراوە و لێبوردنخوازانەی ڕۆڵی دایکە، لە بەرانبەر یادگارییەکانی ژنی کرتی سەر دادەنوێنن و سەریان سوڕ دەمێنێت لە دەستەڵاتی ئەودا.

## ٢.٦ خێزان لە شارستانیەتی سەردەمی هۆمێری[١]

چۆن دەبێ لە گێڕاوە ڕێکخراوەکانی پاشماوە، ژیانی یۆنانی سەردەمی نەتەوەی ئاخایی (١٣٠٠ ـ ١١٠٠ پ.ز) بناسینەوە، دەبێت پاڵپشتی سەرەکیمان هۆمێر بێت، هەرچەندە کە بوونی خودی ئەو دڵنیا نییە، حەماسەکانیشی لانی کەم سێ سەدە پێش سەردەمی نەتەوەی ئاخایی هاتنەکایەوە. دێرینەناسانی تروا، موکنای، تیرۆنس، کنوسوس و، هەموو شارە ناوبراوەکانی حەماسەی ئیلیاد بە واقیعی باسکردوە و شارستانیەتێك کە لێکچونێکی سەیری لەگەڵ ئەو شارستانیەتەی کە لە کتێبەکەی هۆمێردا ڕەنگیداوەتەوە، لە ناخی خاکی موکنای هێناوەتە دەرەوە.

پیاو و ژنی کۆمەڵگەی ئاخایی لە کۆمەڵگە باوکسالارییەکانە، بەڵام چەوساندنەوەی باوکان بە هۆی جوانی و تورەیی ژنان و ناسکی سۆزی باوکایەتی نەرم بوە[٢]. بە گشتی باوك دەستەڵاتی بەسەر هەموو ئەندامەکانی خێزاندا هەیە، دەتوانێت هەرچیەکی بوێت لەززەتی لێ وەرگرێت[٣]، لەززەتەکانی بداتە مێوانەکانیشی. دەتوانێت منداڵەکانی خۆی لە لوتکەکان بداتە دەست مردن، یان لە پەرستگای خودا تینووەکاندا، بیانکوژێت. ئەو"هەموو توانایە" باوکایەتی نیشاندەری دڕندایەتی نییە، بەڵکو تەنیا باسی کۆمەڵگەیەك دەکات

١. مەبەست تێیدا ئەو سەردەمەیە کە لە حەماسەکانی هۆمێردا وەسف کراوە.
٢. لە یۆنان پاشماوەی هەبونی دایکسالاری کۆن بەجێماوە. بەگوێرەی گێڕانەوە یۆنانیەکان، پێش ککروپس، (منداڵان باوکی خۆیان نەدەناسی). تەنانەت لە سەرڎەمی هۆمێریشدا، زۆربەی ئەو خودایانەی کە بە تایبەتی لە شارە یۆنانیەکان دەپەرستران ژن بوون. لەوانەش هرا لە ئارگۆس، ئاتنە لە ئەسینا، دمتر و پرسفونە لە ئەلئۆسیس. هیچ کام لەوانە بە ئاشکرایی ژێردەستەی خودایانی نێر نەبوون.
٣. تسئۆس چەندین ژنی هەبوو، مێژوونووسێك پێڕستێکی لەو ناوانە نووسیوە.

کە دامەزراوەی دەوڵەتییەکەی هێشتا بەو رادەیەی پەرەپێدان نەگەیشتوە کە بتوانێت دیسپلین بپارێزێت، کۆمەڵگایەك کە تێیدا خێزان بۆ دابیکردنی دیسپلینێکی لەم شێوەیە، پێویستی بە توانایەك هەیە کە دواتر دەوڵەت، لە کاتی خۆماڵی بوونی مافی کوشتن، ئەوە دەسەپێنێت. هەروەها چونکە دامەزراوی کۆمەڵایەتیی بەرەو پێش دەچێت، دەستەڵاتی باوك و یەکیەتی خێزان کەم دەکاتەوە و تاکرەوی ئازادی تاك پتر دەکات. لە ئەنجامدا، پیاوی ئاخایی دەبێتە مرۆڤێکی خاوەن لۆژیك، بە ئارامیی گوێ دەداتە زۆربلێیی ئەندامانی خێزان، قوربانی بۆ منداڵەکانی دەدات.

لە سەردەمی هۆمێریدا، پلەوپایەی ژن لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵگەیە باوکسالارییەدا باشتربوو لە بارودۆخی ژن لە سەردەمی پریکسلدا. ژن لە داستان و حەماسەکاندا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە موعاشەقەی هیپودامیا لەگەڵ پلوپس تا دەگاتە نەجیبی ئیفیگنیا و نەفرەتی ئەلکترا. ژن لە ماڵدا یان بەشی ناوەوەی ماڵدا بەند نییە، ئازادانە، لە نێوان پیاوان و ژنان هاتوچۆ دەکات و جارجاریش لە باسە جیددییەکان بەشداری دەکرد، وەکو ئەوەی کە هلنە دێتە ناو بیرەوەرییەکانی منلائوس و تلماخۆس. رێبەرانی ئاخایی کاتێ کە دەیانەوێت نەتەوەی خۆیان لە دژی تروا هان بدەن، هەستی دینی یان سیاسی یان نەژادی خەڵك ناجولێنن، بەڵکو بە پێشنیاری ژنێکی جوان هەستیان دەجولێنن.

ئەو شەڕەی کە لەسەر خاك و بازرگانی روودەدات، دەبێ بە هۆی جوانی هلنە رواڵەتێکی دڵخۆشانە لەخۆوە بگرێت. پاڵەوانانی هۆمێری، بەبێ ژن، مرۆڤێکی بێ دەستەڵات و نەزانن، بۆ ژیان یان مردن بزوێنەرێك ناناسن. ئەوە ژنە کە لە نەریتەکان و ئیدیالیسم و نەرمی ئەخلاقی بەهرەیەك فێری پیاو دەکات.

هاوسەرگیری بە هۆی کڕین دروست دەبێت. داخوازیکەر بە گشتی، گا یان شتێکی هاوتای گا، دەداتە باوکی بووك. لەم ڕووەوە هۆمێر باسی (کچانی گاهێنەر) دەکات. مامەڵەکردن بەرانبەرە، چونکە باوکی بووکیش زۆرجار جیازییەکی باشی دەداتێ. ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لایەنی خێزانی و ئایینی هەیە و تێکەڵە لەگەڵ خواردنی زۆر و سەما و قسەی قۆڕ و گاڵتە. "لەژێر بلێسەی مەشخەڵەکان، بووك و زاوایان لە حوجرەی خۆیانەوە بەرەو شار برد و گێڕایان و گۆرانی بووکیان گووت. پیاوە لاوەکان، بە سورانەوە سەمایان دەکرد، ئاوازی شمشاڵ و چەنگ لە نێوانیاندا بەرز دەبووەوە."بەڵێ، بنیاتەکانی ژیانی ئێمەی مرۆڤ چەند بێ گۆڕانە. ژن، دوای هاوسەرگیری، دەبێتە کابانی ماڵ بە زۆربوونی منداڵانی، بە ئازیز دەژمێردرێت" . یۆنانیەکان، وەکو فەرەنسییەکان، بە گشتی دوای هاوسەرگیری تووشی عەشقی ڕاستەقینە دەبن، کە ئاوێتەیە لە سۆز و خۆشەویستییەکی قووڵ و دوو لایەنەیە. عەشق بڵێسەیەك نییە کە لە لێکخشانی لەشی دوو کەس دروست ببێت، بەڵکو حاڵەتێکە لە دەرەنجامی هاوبەشی درێژی ژن و پیاو لە ئەندێشە و کاروباری خێزانیی دێتەکایەوە. وەفاداری ژنی هۆمێری هێندەی بێ وەفایی مێردەکەیەتی. لە سەردەمی هۆمێردا، تەنیا سێ ژنی خیانەتکار بوونیان هەیە: کلوتایمنسترا، هلنە، و ئافرۆدێتە. بەڵام ئەوان، ئەگەر نەڵێین بەرانبەر مافی خودایان ناحەقیان نەکردوە، بەرانبەر ژنانی ناوبراوی فانی زاڵم بوون.

خێزانی هۆمێری، کە لەم زەمینەوە سەرچاوە دەگرێت، دامەزراوەیەکی پاك و دڵگیرە(بەمەرجێك کە لەو سەرزەنشتانەی کە لە ریوایەتە کۆنەکانی یۆناندا لەبارەی خێزانەوە باس کراوە، بەڵام لە نووسینە هۆمێریەکاندا ڕەخنەیان

نەکردوە، چاوپۆشی بکەین). ئەم خێزانە پێکهاتوە لە ژنانی نازەنین و منداڵانی گوێڕایەڵ. ژنان نەك تەنیا دایکن، بەڵکو بە کرێکاریش دەژمێردرێن: دانەوێڵە لە ئاش دەکەن، خوری ئاژەڵەکان دەبڕنەوە، دەیڕێسن، دەیچنن، خەریکی دوورینەوە و نەخشونیگاری سەر جلەکان دەبن. بەڵام چونکە جلوبەرگەکان زۆر سادەن، کاتێکی زۆری پێویست نییە بۆ دوورینیان. دروستکردنی خواردن بە گشتی لە ئەستۆی پیاوانە. ژنان منداڵیان دەبێت و پەروەردەیان دەکەن، نەخۆشییەکانی منداڵان چارەسەر دەکەن، دادوەری لە نێوان منداڵەکاندا دەکەن، دابونەریت و ئەخلاقەکانی هۆزیان فێر دەکەن. فێرکردنی ڕەسمی بوونی نییە و وادیارە شتێك نییە بە ناوی کتێب و ڕێزمان و ئەلفبا و خوێندنەوە. ئەوێ وڵاتە خۆشەکەی منداڵانە! تەنیا هونەرەکانیماڵداری فێری کچان و هونەرەکانی ڕاوشکار و شەڕ فێری کوڕان دەکەن. کوڕ فێر دەبێت کە ماسی بگرێت و مەلەوانی بکات و مەزرا بکێڵێت، ئاژەڵ بلەوەڕێنێ، خوو بداتە ئاژەڵداری، بە تیر و نێزە نیشانە بپێکێت، لە بەرانبەر هەمو ئەو ژیانە بێ سەروسامانە، پاسەوانێتی خۆی بکات. کوڕە گەورە کە دەبێتە پیاو، لەو کاتانەی کە باوك لەماڵ نییە، بە سەرۆك و لێپرسراوی خێزان دەژمێردرێت و دوای زەماوەندیش، بووکەکەی خۆی دەهێنێـە ماڵی باوك. بەم شێوەیە، بەردەوام نەوەکان نوێ دەبنەوە. ئەندامانی خێزان، لە تێپەڕبوونی کاتدا، یەك یەك دێن و دەڕۆن. بەڵام خێزانێك بنەڕەتەکەی پتەوە، نەخاسمە کە سەدان ساڵ بەردەوام دەبێت و لە کوورەی ترسناکی ماڵدا، سیستم و نەریتێك وەدیدەهێنێت کە بەبێ ئەو هیچ حکومەتێك مەیسەر نابێت.

## ٣-٦ پەیوەندی پێش هاوسەرگیری لە ئەسینادا

ئەسینای کۆن لە ئەخلاقدا پتر بەرەو خۆرهەڵات دەشکێتەوە تا خۆرئاوا، وەکو ئەوەی لە ئەلفبا و کێش و پێوەرەکان، پارەی ئاسن، جلوبەرگ، مۆسیقا، ئەستێرە، لە بیروباوەڕە نهێنیەکانیشدا هەروایە. بنەڕەتی سێکسی و جەستەیی عەشقیان بۆ ژن و پیاو بە ڕاشکاوی قەبوڵ کردوە. ئەو شەرابە عەشقەی ژنانی تامەزرۆ بۆ پیاوانی بێباك لە کۆزەی دەکەن، تەنیا بۆ مەبەستی ئەفلاتوونی نییە. پاکی پێش هاوسەرگیری بۆ ژنانی بەڕێز ئەرکی سەرشانە، بەڵام پیاوە بێ ژنەکان، دوای تەمەنی پێگەیشتن، هیچ کۆتوبەندێکی ئەخلاقی ناچاریان ناکات بە ئەنجامنەدانی تێرکردنی شەهوەت. ئاهەنگە مەزنەکان، ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە لایەنی مەزهەبیان هەیە، لە ڕاستیدا وەکو دەریچەیەیکی دڵنیایە کە سێکسە سروشتیەکانی مرۆڤ هاوسەنگ دەکات. ئازادی سێکسی لەم کاتانەدا لەو ڕووەوە مۆڵەتی پێدەدرێت کە پیاوان بتوانن پاشماوەی کاتی ساڵ لەگەڵ یەك هاوسەردا بەسەر ببەن! لە ئەسینا ئەگەر لاوان هەندێ جار لەگەڵ لەشفرۆشەکان سێکس بکەن، نەنگی نییە بۆیان. تەنانەت ئەگەر پیاوێکی خاوەن ژنیش پشتیوانی لە ژنێکی لەشفرۆش بکات، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی ئەخلاقی نابێتەوە، جگەلەوەی کە لە ماڵەوە ژنەکەی زۆر بە توندی سەرزەنشتی دەکات، لە شاریشدا ناوبانگەکەی کەمێك لەکەدار دەبێت. ئەسینا کاری لەشفرۆشیی بە ڕەسمیەت دەناسێ، هەرکەسێك خەریکی ئەم کارە بێت دەبێ باج بدات بە دەوڵەت.

لە ئەسینا، وەکو زۆربەی شارەکانی یۆنان، لەشفرۆشیی، کە بزوێنەری ئامادەگیەکانە، بازاڕی گەرمەو پسپۆرییەکی زۆری هەیە. دواکەوتوترین چینیان پتر لە پیرایئۆس دەژین، بۆ ئەوەی خەڵك ماڵەکانیان بە ئاسانی بدۆزنەوە، پەیکەری ئەندامی نێرینەی پریاپوس لەسەردەری ماڵەکانیان شۆڕ دەکەنەوە، بۆ چوونەناو ئەو ماڵانە دەبێ ئوبولوسێك بدەن. ئەو کچانەی کە لەوێن، جلێکی ئەوەندە ناسکیان لەبەرە کە بە (ڕووت) دەژمێردرێن، مۆڵەت بە کڕیارەکانیان دەدەن کە وەکو سەگی ناو کولانە تاقییان بکەنەوە. پیاو دەتوانێت مامەڵەی خۆی بۆ هەر ماوەیەك بیەوێت ئەنجام بدات، هەروەها دەتوانێت لەگەڵ سەرۆکی ئەو ماڵە بۆندێك ئیمزا بکات کە بیەوێت کچێك بۆ ماوەی یەك هەفتە یان یەك مانگ یان یەك ساڵ بباتە لای خۆی. هەندێك جار بەم شێوەیە کچێك بەکرێ دەچێت بۆ دوو یان چەند کەسێك و کاتەکانی خۆی بەگوێرەی پێویستی ئەوان ڕێکدەخات. بەرزتر لەم چینە لە ڕوانگەی ئەسیناییەکاندا (کچانی نەیژەن)ن، کە وەکو گیشاکانی ژاپۆن، لە کۆڕەکانی خواردنەوە و ڕابواردنی پیاواندا، سەمای سەرنجڕاکێش و دڵڕفێن دەکەن، لەگەڵ میوانەکان سێکس دەکەن و شەو لەگەڵ ئەوان رایدەبوێرن. چەند لەشفرۆشێکی پیر، چەند قوتابخانەیەك دەکەنەوە بۆ پەروەردەکردنی ئەم جۆرە کچانە، هونەری خۆنواندن و خۆڕازاندنەوە و ڕێگاکانی نەهێشتنی کەموکوڕی خۆیانیان فێر دەکەن، هونەری مۆسیقاژەنین و گۆرانی گوتن و شێوەکانی دڵڕفێنیان فێر دەکەن، بەم شێوەیە خۆیان لە برسێتی و هەژاری ڕزگار دەکەن. لە نێوان لەشفرۆشەکاندا نهێنیەکانی دڵبەری و نەریتی خۆنیشاندانی هۆشیارانە، هونەری نەهێشتنی شەرمنی و سود وەرگرتن لێی، وەکو میراتێکی گرانبەها، بە وردی لە نەوەیەکی دیکەوە بۆ نەوەی نوێ دەگوێزرایەوە. لەگەڵ ئەو هەموەشدا، ئەگەر ئەو قسەیەش لوکیانۆس کە

چەندین ساڵ دوای ئەو سەردەمە گوتویەتی قەبوڵ بکەین، دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە هەندێك لەو کچۆڵانە(نەیژەنەکان) دڵێکی هەستیاریان هەیە، مانای میهرو خۆشەویستی دەزانن، وەکو کامی[1]، بۆ کامەرانی دڵدارەکەی، خۆی لەناو دەبات. چیرۆکی لەشفرۆشانی بەشەرەف چیرۆکێکە کە تێپەڕبوونی کات شکۆ و جوانییەکی تایبەتی پێ بەخشیوە.

بەرزترین چینی لەشفرۆشانی یۆنانی، زۆرباشەکانن کە بە (هتایرای) ناودەنرێن، ئەم وشەیە لە زمانی یۆنانی بە مانای دۆست و هاوڕێیە. ئەم چینە، بە پێچەوانەی نزمترین چینی لەشفرۆشەکان کە زۆربەیان نەژادی خۆرهەڵاتیان هەیە، بە گشتی بەشێکن لە چینی شارنشین، بەڵام پێگە و ڕێزی خۆیان لەدەست داوە، یان لە دەست دوورەپەرێزییەك هەڵاتوون کە تایبەتە بە کچانی یۆنانی. ئەم لەشفرۆشە زۆرباشانە، لە ماڵی خۆیان بە سەربەستی دەژین، پێشوازی لە خۆشەویستەکانیان دەکەن لە ماڵەکەی خۆیاندا، وەك بڵێی یاسا ئەوانی بەم کارە ناچار کردوە. هەندێکیان جارجار کتێب دەخوێننەوە، لە کۆڕەکان ئامادە دەبن، بەم شێوەیە زانیاری و هۆشیارییەکی مامناوەندیان

١.لە سەردەمی تولوس هوستیلیکوس، پاشای چیرۆکی ڕۆما، لە نێوان سێ برای ڕۆمی(هوراس نام) و سێ برای قارەمانی شاری ئالبە بوو بە مشتومر، بڕیار درا، کە هەر کام گروپ سەربکەوێت، قەلەمرەوی ئەوەی تر بگرێتە دەست. لە یەکەمین شەڕدا، دوو کەس لە هوراسەکان کوژران، سێ کەسەکەس بەرانبەریان بریندار بوون. ئەو کاتە هوراسی سێیەم بۆ ئوەی جیاوازی بخاتە نێوان سێ کەسە دوژمنەکەی، وای نیشان دا کە دەیەوێت ڕا بکات. هەریەکیان لە لایەکەوە بەدوای کەوتن و لەسەر سنگ بۆی چوون، هوراسی سێیەم توانی هەرسێکیان یەك یەك بکوژێت. لەگەڵ ئەوەش خوشکەکەی خۆی کە ناوی کامی بوو و دەزگیرانی یەکێ لە دوژمنەکانی بوو، کاتێ کە لەسەر لاشەی دەزگیرانە کوژراوەکەی دەگریا کوشتی. ناوی کامی لە ئەدەبیاتی ڕۆمدا بە ژنێك دەگوترێت کە لە ڕێگەی مەعشوقەکەی سەری خۆی دابنێ.

هەیە، داواکارە بڕوانامەدارەکان بە قسەی زانایانە سەرگەرم دەکەن. دیۆتیما، هەروەها تارگلیا، لئۆنتیۆن، ئاسپاسیا بە گوتوبێژی فەیلەسوفانە و شێوەی ئاراستەکردنی تێڕوانینەکانیان بەناوبانگن. زۆربەیان بە خۆشمەشەربی و نوکتەگێڕانەوە بەناوبانگن، لە ئەدەبیاتی زمانی یۆنانیدا کۆمەڵێك قسەی نەستەقیان کۆکراونەتەوە. ئەگەرچی ئەم لەشفرۆشانە لە مافی شارستانی بێبەشن، جگە لە پەرستگای خۆیان واتە ئەفرۆدێتە، مافی ئەوەیان نییە کە بچنە هیچ پەرستگایەکی تر، ژمارەیەك لەو لەشفرۆشانە، لە کۆمەڵگەی پیاوانی ئەسینا پێگەی بەرزیان هەیە. هیچ پیاوێك شەرم ناکات لەوەی لەگەڵ ئەو جۆرە ژنانە بێت، فەیلەسوفەکان بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەوان پێشبڕکێیان دەکرد، یەکێك لە مێژوونووسان، بە ئەمانەت و ڕاستییەوە پلوتارك وار، کورتەمێژوویەکی ئەوانی نووسیوەتەوە.

لەم ڕێگایانەوە، ژمارەیەك لە لەشفرۆشان ناوی خۆیان لە مێژووی یۆنانی کۆندا بە نەمری تۆمار کردوە. "کلپسودرا"(بە مانای کاتژمێری ئاوی) ناوی لەشفرۆشێکە کە داواکارەکانی خۆی بە گوێرەی کاتژمێرێکی دیاریکراوی ئاوی قەبول دەکرد یان ڕەتی دەکردنەوە. تارگلیا، کە ماتاهاری[1] سەردەمی خۆیەتی، بۆ ئێرانییەکان سیخوڕی دەکات و هەموو شەوێك لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدار و سەرکردەی یۆنانی دەخەوێت. تۆریس ژنێکە کە خەمڕەوێنی سەردەمی پیری (سوفکل)ە، دوای ئەویش ئارخیپە ئەو پلەوپایەیە لە لای مامۆستای نەوەت ساڵە بەدەستدەهێنێت. ئەرخیاناسا ئەفلاتوونی بە خۆیەو

١. ژنە سیخوڕی ئەلمانی شەڕی جیهانی یەکەم.

خەریك كردبوو و دانای لیۆنتیۆسیش فەلسەفەی چێژبەخشینیان فێری ئەپیكۆر دەكرد. تمیستۆنەوە لەشفرۆشێکە کە تا دواپین ددانی لە دەم و دواین چەپکە مووی بەسەرەوە مابوو، دەست لە کار ناکێشێتەوە. گناتائنا، کە تەمەنی خۆی لە پێناو پەروەردەکردنی کچەکەی خۆی خەرج کرد، هەربۆیە لە کۆتایی مامەڵەدا، لە بەرانبەر گەیشتن بەو بۆ یەك شەو داوای هەزار درهەم دەکات. جوانی فرۆنە لە ئەسینای سەدەی چوارەمدا لە هەموو شوێنێك لەسەر زاران بوو. لەگەڵ ئەوەش ئەو هیچ كات بە بێ سەرپۆش نەدەهاتە ناو خەڵك، بەڵام لە فیستیڤالی ئەلۆسی و، لە جەژنی پوسیۆن، لەنێوان ئاپۆرەی خەڵکدا، بەرووتی گەراوە و کەزیەکانی خۆی بەرەڵا کردوە و بۆ خۆشوشوتن دەچێتە سەر دەریا. فرۆنە ماوەیەك دڵ بە پراکسیتلس دەسپێرێت، ئەم پەیکەرتاشە، لەشی ئەو دەکاتە مۆدێل بۆ دروستکردنی پەیکەرەکانی ئەفرۆدێتەی خۆی، ئاپلس ی شێوەکاریش وێنەی (ئەفرۆدێتە ئانادومنە) ی لەسەر ئەوەوە دروستکردوە. فرۆنە، لە بەرەکەتەکانی عەشقەکانی خۆی، بە شێوەیەك دەوڵەمەند بوە کە بە خەڵکی تیب بڵێت ئەگەر ناوی من لە سەر دیواری شارەکەتان بنووسن من پارەی نوێکردنەوەی دیوارەکە دەگرمە ئەستۆ، بەڵام خەڵکی تیب بە توندی ئەو داوایە ڕەت دەکەنەوە. دەڵێن ئەو بڕە پارەیەی کە لە بەرانبەر سێکس لە ئۆتیاس وەریدەگرێت کارێکی یەکسانانە نییە، لەو ڕووەوە ئۆتیاس بە بێ ئابڕوویی تاوانباری دەکات. بەڵام یەكێك لە ئەندامانی دادگا مشتەری فرۆنەیە، هوپریدسی وتارخوێنیش بە یەكێك لە دڵدەرەکانی ئەو دەژمێردرێت. هۆپی سەرۆك نەك تەنیا بە زمانە پاراوەکەی بەرگری لەو ژنە جوانە دەکات، بەڵکو نیوەی بەرۆکی دەکاتەوە، سینگی لەبەردەم دادگا ڕووت دەکات. دادوەرەکانیش واقیان وڕ دەمێنێت لە جوانی ئەو ژنە و پشتیوانی لە پاکیزەیی و ئابڕووداری ئەو ژنە دەکەن!

ئاتنایۆس دەڵێت کە "لائیس کورنتی جوانترین ژنێك بوە کە مرۆڤ بینیویانە" هەموو ئەو شارانەی کە هۆمێر بە هی خۆی زانیوە شانازی بەوە دەکەن کە لەدایکبوونی ئەو ژنەشیان بینیوە، پەیکەرتاشان و شێوەکاران داوای لێ دەکەن کە ببێتە مۆدێلی کارەکانیان بەڵام ئەو شەرمنە.

موورونی مەزن، لە سەردەمی پیری خۆیدا، دەیباتە شوێنی کارەکەی خۆی. ئەو کاتەی کە کچۆلە جلی خۆی دادەکەنێت، پیرەپەیکەرتاش، موی سپی خۆی بیر دەچێتەوە و هەموو دارایی خۆی لەبەرانبەر یەك شەو پێشکەشی ئەو دەکات، بەڵام کچۆڵە بزەیەکی بۆ کردوە، شانە خڕەکانی هەڵتەکاند و پیرە پەیکەرتاش بێ پەیکەر بەجێ دەهێڵێت، دەڕوا، بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، مۆرون کە لە ئاگری دووبارە نەجەوانی خۆیدا دەسوتێت، قژی ڕێکدەخات و ڕیش دەتاشێ و جلوبەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشێت و پشتێنێکی ئاڵتوونی لەپشت دەبەستێت، زنجیرێکی زێر لەمل دەکات، ئەموستیلە لە هەموو ئەنگوستەکانی دەکات، ئارایشێکی خۆشی دەکات و بە جلوبەرگ و دەموچاوی بۆندارەوە دەچێتە لای لائیس عەشقی خۆی بۆ دەخاتەڕوو. کچۆڵە کە لەڕوی گۆڕانکارییەو هێشتا دەیناسێت، وای پێدەڵێت: "ئەی هاوڕێی بێنەوا، تۆ شتێکت لەمن دەوێت کە دوێنی نەمدا بە باوکت." لائیس سەروەتێکی زۆر کۆدەکاتەوە، بەڵام دریغی ناکات لە گەیشتن بە جوانانی هەژار، دموستنی ناشیرین داوای لێدەکات کە لەگەڵی بێت، بەڵام کچۆڵە بۆ هەر شەوێك داوای دە هەزار درەخما دەکات، دموستن هەر لەوێ دەگێڕێتەوە بۆ ئیمانداری! هێندە پارە لە ئاریستیپۆسی دەوڵەمەند دەستێنێت کە خزمەتکارەکەی دەترسێت، بەڵام چونکە حەز دەکات فەیلەسوفەکان لەسەر چۆك ببینێت لەبەر پێی خۆیدا، لەبەرانبەر پارەیەکی زۆر

کە خۆی دەخاتە بەر دەستی دیوجانسی هەژار. ئەو هەموو پارەکانی خۆی بۆ دروستکردنی پەرستگا و هاوڕێکانی خەرج دەکرد، دوارۆژ دەگاتە چارەنووسی خۆی و دەگەڕێتەوە سەردەمی لاوی و هەژاری خۆی، بەڵام تا کۆتایی تەمەنی، بە سەختی درێژە بە کارەکەی خۆی دەدات. کە دەمرێت، هێندە بە شکۆوە دەینێژن وەك بڵێی گەورەترین فریادرەس بوە کە لە یۆنان لەدایك بووە.

## ٤-٦ دۆستایەتی یۆنانی

سازگاری لەشفرۆشی و فەلسەفە شتێکی سەیرە، بەڵام ئەو دانپێنانانەی کە لە بارەی لادانە سێکسیەکان باس دەکرێت سەیرترە. ململانێکەری گشتی لەشفرۆشی هەرەباش، کوڕە جوانەکانی ئەسینان. ئەو لەشفرۆشانەی کە لەو بارودۆخەدا تا قوڵایی بونی خۆیان دڵیان ڕەنجاوە، بەردەوام ئاگادار دەکەنەوە کە عەشق لەگەڵ هاوڕەگەز کارێکە قێزەون و دژی ئەخلاقە. بازرگانان کوڕی جوانیان دەهێنا و دەیانفرۆشتن بەو کەسانەی کە پارەی زیاتریان بدابایە. کاری ئەو منداڵانە، تا ئەو کاتەی کە تەڕ و تازەن، تێرکردنی شەهوەتی کڕیارەکانە، پاشان دەبنە نۆکەریان. خانەدانە کرمدارەکانی شار، شەهوەتی پیرەمێردەکان دەجوڵێنن و تێریان دەکەن، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پیاوانی ئەسینا ئەم کارە بە ناشیرین دەزانن. بۆ ئەو جۆرە مەسەلە سێکسیانە لە سپارتیش وەکو ئەسینا هیچ کۆتوبەندێك نییە، ئالکمان، لە کاتی بەخێرهاتنی چەند کچێك، ئەوان بە(کوڕە جوانە مێیینەکان) ناوزەد دەکات. یاساکانی ئەسینا ئەو کەسانەی کە پەیوەندی سێکسیان لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا هەیە لە مافی سیاسی

بێبەشیان دەکات. بەڵام ڕای گشتی ئەو مەسەلەیە بە خۆشمەشرەبیەکی تایبەت قەبوڵ دەکات، خەڵکی سپارت و کرت ئەو بە شتێکی ناشیرین و نەنگ ناژمێرن. لە تیب، ئەم کارە یەکێکە لە بنەماکانی پێکهاتە سەربازیەکان و بە ئازایی دەژمێردرێت. هارمۆدیۆس و ئاریستۆگیتۆس، بکوژانی پاشای چەوسێنەر، کە یادیان هەمیشە لە یادگای خەڵکی یۆنان زیندوە، عاشق و مەعشوقەی یەکترن، ئەلیکبیسارس، کە خۆشەویستترین پیاوی سەردەمی خۆیەتی لە ئەسینا، شانازی بە هەبوونی خۆشەویستی پیاو دەکات. تەنانەت لە سەردەمی ئەرستۆشدا (عاشقی یۆنانی) لەسەر گۆڕی یۆلائۆس، دۆستی هراکلس، سوێندی عەشق دەخۆن. گەزنەفۆن، سەرداری لەشکرەکان و پیاوە سەختەکەی جیهان، بەگوێرەی گووتەی ئاریستیپۆس، لەخشتەبەری کلینیاسی گەنجە، دڵبەستنی پیاوان بە کوڕان، کوڕان بە کوڕان، لە یۆناندا، هەموو ڕواڵەتەکانی عەشقی ئاسمانی و شاعیرانەی گرتۆتەوە، شەوق، ڕاستگۆیی، سەرنجڕاکێشی، ئێرەیی، گۆرانی گوتن، گریان، بیرکردنەوە و، بێ خەوی هەیە. کاتێ کە ئەفلاتون لە نامەیەکیدا بە ناوی (فدروس) باسی عەشق دەکات، مەبەستی عەشقی هاوڕەگەز بۆ هاوڕەگەزە، ئەو کەسانەی کە لە نامەی(مێوانی) خەریکی قسەوباسن، لە ئەنجامدا لەسەر خاڵێك كۆك دەبن: عەشقی نێوان دوو پیاو شەریفانەتر و ڕۆحیانەترە تا عەشقی نێوان ژن و پیاو. ئەم جۆرە لادانە سێکسیانە لە نێوان ژنانیشدا بڵاوە، کەیبانوەکانی چینە بەرزەکانی وەکو ساپفۆ کەمتر و، لەشفرۆشان زۆرتر ئەو کارە دەکەن. "کچۆڵەکانی نەی ژەن" پتر عەشق لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە تا لەگەڵ پیاوەکانی خۆیان. لەشفرۆشانی دواکەوتوو تەوەری چیرۆکەکانی زۆرن لەبارەی عەشقی ژنان لەگەڵ یەکتر.

چۆن دەتوانرێت بڵاوبوونەوەی لادانی سێکسی لە یۆنان شیبکرێتەوە. ئەرستۆ ترسی لە زیادبوونی دانیشتوان بە سەرچاوەی ئەوە دەزانێت. ئەمەش ڕەنگە یەکێك بێت لە هۆیەکانی دروستبوونی ئەم دیاردەیە، بەڵام بێگومان بڵاوبوونەوەی لەشفرۆشی و لادانە سێکسییەکان لە ئەسینا پەیوەندی بە جیابوونەوەی ژن لە کۆمەڵگا هەیە. لە ئەسینای سەردەمی پریکلسدا، کوڕان تەمەن شەش ساڵ بەدواوە لە حەرەمسەرایەك کە ژنانی بەڕێز لەوێدا تەمەن و ژیانی خۆیان بەسەر دەبەن دوور دەخرانەوە، لە نێوان کوڕان یان پیاوانی تر پەروەردە دەکران. ئەم کوڕانە، لە سەردەمی پێکهاتنی کەسایەتیدا و ئەو کاتەی هێشتا نەگەیشتونەتە تەمەنی باڵق بوون، هەلیان بۆ نارەخسێت کە سەرنجڕاکێشی و دڵبەری ڕەگەزی بەرانبەر هەست پێ بکەن و بناسن. لە کۆرە گشتییەکانی سپارتدا، لە نێوان شار و وەرزشگای ئەسینادا، هەروەها لە سەردەمی خزمەتی سەربازیشدا، کوڕان تەنیا ڕەگەزی نێر دەبینن. تەنانەت هونەریش لە پێش سەردەمی پراکسیتلسدا باسی نمایشی جوانی ژنان ناکات. پیاوان لە ژیانی هاوسەرگیریدا، زۆربەیان بێبەشن لە هاوبیری هاوسەرانی خۆیان. ئەو کەموکوڕیەیە کە لە پەروەردە و فێرکردنی ژناندا هەیە، کەلێنێکی قوڵە کە ئەوانی لە پیاوان جودا کردۆتەوە، پیاوان بەدوای ئەو باشییانەی کە ژنەکانی خۆیانیان لێ بێبەش کردوە، لە شوێنەکانی تردا بەدوایدادەگەڕێن. لە ڕوانگەی پیاوانی ئەسیناوە، ماڵ حەسار و پەناگا نییە، بەڵکو شوێنی خەوتنە! وەڵاتی ئەسینایی، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، بۆ زۆربەی کارەکانی لەشار دەمێنێتەوە، لەگەڵ ژنان و کچانی خۆیدا نەبێت، لەگەڵ هیچ ژنێکی بەڕێزی تر پەیوەندی کۆمەڵایەتی نییە. کۆمەڵگەی یۆنان، کۆمەڵگەیەکی (تاك ڕەگەز)یە، بێبەشە لەو سەرسوڕمان و نەرمی و بزاوتەی کە دواتر ڕۆح و جوانی ژن بە ئیتالیای سەردەمی ڕێنسانس و فەرەنسای سەردەمی ڕۆشنگەری بەخشی.

## ٥-٦ عەشق و هاوسەرگیری یۆنانی

عەشقی شاعیرانە، وەك دەڵێن ڕۆمانسی، لە نێوان خەڵکی یۆناندا زۆرە، بەڵام زۆر کەم بە هاوسەرگیری کۆتایی پێدێت. لە نووسینەکانی هۆمێردا، نمونەی ئەوە زۆر زۆر کەمە، کاتێ کە ئاگامەمنون و ئەخیلس لە بلارەی خرۆسئیس و بریسئیس تەنانەت کاساندرای بێهیوایانە بیر دەکەنەوە، خۆشەویستییەکیان تەواو جەستەیی و شەهوەتیانەیە، بەڵام چیرۆکی ناوسیکائا پەشیمانمان دەکاتەوە لە گشتاندی ئەو بڕیارە. لەو ئوستورانەی کە وەکو هۆمێر دێرینن، باسی هراکلس و یۆلا و ئۆرفۆس و ئۆرودیکە کراوە. شاعیرانی غەزەلوێژیش باسی عەشقی شەهوەتی زۆریان کردوە، چیرۆکانێك وەکو ئەو چیرۆکەی کە ستسیخوروس ی هێناوە و تێیدا کچێك خەریکە لە ئازاری عەشقەوە دەمرێت، زۆر کەموێنەیە، بەڵام کاتێ کە تئانۆ ژنەکەی فیساگۆرس، عەشق بە (نەخۆشی رۆحێکی ئارەزوومەند) دەخوێنێتەوە، نەغمەی ڕەسەنی عەشق (ڕۆمانسیەت) مان دێتەبەر گوێ و دەیبیستین. بەڵام دوای ئەوەی کە سۆزەکان ناسك دەکرێنەوە و شعر زاڵ دەبێت بەسەر شەهوەتدا، هەستی ناسکی شاعیرانە بڵاو دەبێتەوە، ئەو دواکەوتنەی کە رۆژبەرۆژ پتر دەبێت کە بە دەستی شارستانیەتەکان، لە نێوان خواستەکانی مرۆڤ و هێنانەدیان وەدیاردەکەوێت، بە خەیاڵ و وێناکردن بواری ئەوە دەدات کە بابەتی باسکراو بە دڵی خۆی برازێننەوە. تێڕوانینی ئەشیل لەبارەی مەسەلە سێکسییەکانەوە هێشتاش وەکو تێڕوانینی هۆمێرە، بەڵام سوفکل عەشق بە شتێك دەزانێت کە (بە دڵی خۆی

فەرمانڕەوایی بەسەر خواکاندا دەکات)[1] لە نووسینەکانی ئۆرۆپید و شیعری زۆر لەبارەی توانای ئۆرۆس[2] گوتراوە، دراما نووسانی دواتر زۆربەیان باسی گەنجێك دەکەن کە بێهیوایانە گیان و دڵی خۆی داوە لە بەرانبەر سۆزی کچێك. ئەرستۆ کاتێك کە دەڵێت (دڵدەران سەیری چاوی دڵبەران دەکەن کەماڵی شەرم و حەیایە)چۆنییەتی عەشق و ستایشی ڕۆمانسی دەردەبڕێت.

لە یۆنانی کۆندا، ئەم جۆرە مەسەلانە پتر پەیوەستن بە پێش هاوسەرگیری تا دوای هاوسەرگیری. یۆنانیەکان عەشقی ڕۆمانسی بە جۆرێك (دەستلێوەشاندنی جن) یان جۆرێك شێتیی لەقەڵەم دەدەن، گاڵتە بەو کەسانە دەکەن کە عاشقە ڕۆمانسیەکانیان بە شایستە بزانن بۆ هاوسەرایەتی. بە گشتی پێشەکی هاوسەرگیری هەروەك کە تائێستاش لە فەرەنسا باوە، دایك و باوك ئامادەی دەکەن، یانیش دەلاڵی پیشەیی ئەو کارە دەکات، لەم جۆرە کاتانەدا، ئەوەی کە جێگای سەرنجە پیتەك(جیازی) و بارگەی بووك و دارایی هەردوو لایە، نەك خۆشەویستیان. باوك دەبێ، لە کاتی بەشوودانی کچەکەی خۆیدا، بڕێك پارە، بڕێك جلوبەرگ و خشڵ، هەندێ جار چەند نۆکەرێك لەگەڵ بووك بنێرێت.

---

١. لە تراژیدیای (ئەنتیگۆنە) دەڵێت:
عەشق، کە بەشەر بێت سەردەکەوێت.
عەشق ماڵی دەوڵەمەندەکان بە تالان دەبات.
لەسەر گۆنای ناسکی کچێك سەری لەسەر سەرین داناوە،
سەتاسەری شەو پاسەوانی دەکات.
لە دەریا و لە دەشتەکاندا، بەدوای نێچیری خۆیدا دەگەڕێت.
خوا نەمرەکان، بەڵام لە وەسەوەسەی ئەو ناتوانن هەڵبێن،
لە نێوان ئێمەشدا، کە تەمەنێکی یەك ڕۆژیمان هەیە،
دڵێك کە بیر لە عەشق بکاتەوە شێتە.
٢. خوای عەشق لە ئوستورەکانی یۆناندا.

ئەم داراییە تا هەتایە هی بووکە، ئەگەر مێردەکە ژنەکە تەڵاق بدات، دەبێ جیهازەکەشی بۆ بگێڕێتەوە، ئەم مەسەلەیە خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاوان زۆرتر بیر بکەنەوە ئەگەر بیانەوێت ژن تەڵاق بدەن. ئەو کچەی کە جیهازی نەبێت ئەگەری شووکردنی زۆر کەمە، لەم ڕووەوە هەرکات باوك نەتوانێت بۆی دابین بکات، خزموکەسی بووك گەلەکۆمەك دەکەن بۆ دابینکردنی جیهازی بووك. ژنهێنان کە وەکو کڕین و فرۆشتنە لە سەردەمی هۆمێردا شتێکی ئاسایی بووە، بەم شێوەیە لە سەردەمی پریکلس پێچەوانە دەبێتەوە، ژنان پیاوەکانی خۆیان دەکڕن، وەکو ئەوەی مدیا لەو شانۆنامەیەی کە ئۆریپید نووسیویەتی، ئەویش سکاڵا لەو بارودۆخە دەکات. لەم ڕووەوە هۆکاری هاوسەرگیری بۆ یۆنانییەکان نە عەشقە و نە چێژی هاوسەرگیری(هەربۆیە بەردەوام باسی ناخۆشییەکانی دەکەن)، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوە هاوسەرایەتی ئەنجام دەدەن کە لە ڕێگەی هاوسەری خاوەن جیهاز، مانەوەی خۆیان لە وڵاتدا دابین بکەن، منداڵیان ببێت تا ڕۆحی خۆیان بپارێزن لەو ئازارانەی کە بە ڕۆحی لەبیرکراو دەگات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پیاوانی یۆنان تا بتوانن خۆیان لە هاوسەرگیری دەپارێزن. دەقی یاسا بە ڕەبەنێتی مانەوەی قەدەغە کردوە، بەڵام، لە سەردەمی پریکلس، یاسا بەردەوام لەبەرچاوناگیرێت، دوای ئەویش بەردەوام ژمارەی پیاوانی ڕەبەن لە زۆربووندایە، تا ئەوەی کە سەرەنجام ئەم مەسەلەیە دەبێتە یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی ئەسینا. لە یۆنان، دڵخۆشی زۆر هەیە: ئەو پیاوانەی کە بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، زۆر درەنگ و لە تەمەنی سی ساڵی ئەو بڕیارە دەدن و زۆریش مکوڕن لەسەر ئەوەی کە هاوسەرەکەیان تەمەنی لە پانزدە ساڵ پتر نەبێت. یەکێك لە قارەمانانی شانۆنامەی ئۆریپید دەڵێت: "کچی گەنج لە کوڕی گەنج مارە کردن گوناهە، چونکە هێزی پیاو

پتەوە، بەڵام شکۆفەی جوانی ژن زوو دەوەرێت." دوای بەئەنجامگەیشتن لە هەڵبژاردن و ڕێککەوتن لەسەر جیهاز، مەراسیمی دەزگیرانێتی لەماڵی باوکی بووک بەڕێوەدەچێت. ئامادەبوونی چەند شاهیدێك پێویستە، بەڵام ئامادەبوونی بووك زۆر پێویست نییە! لە ڕوانگەی یاسای ئەسینادا، هیچ پەیوەندێك بەبێ ئەنجامدانی ئەم مەراسیمە ڕەسمی نییە، ئەمەش بە یەکەمین تەشریفای ئاڵۆزی هاوسەرگیری دەژمێردرێت. قۆناغی دووەم، کە دەبێ دوای چەند ڕۆژێکی تر بەڕێوە بچێت، میواندارییەکە، دەبێ لە ماڵی باوکی بووك ئەنجام بدرێت. بووك و زاوا پێش ئامادەبوونیان لەم دەعوەتە، بۆ پاك بوونەوەیان هەریەکەو لە ماڵی خۆی، خۆی دەشوات. لە کۆڕی دەعەوەتەکەدا، پیاوانی هەردوو بنەماڵە لە لایەك و ژنانیش لە لایەکی تر دادەنیشن، نانێکی وەکو کێك کە تایبەتە بەو مەراسیمە دەخورێت و ئیتر دەکەونە مەی خواردنەوە. دواتر زاوا (کە ڕەنگە تا ئێستا ڕووی هاوسەرەکەی خۆشی نەبینوە) بووك، کە سەری داپۆشراوە و جلی سپی لەبەرە، دەیخاتە سەر عەرەبانەیەك و دەیباتە ماڵی باوکی خۆی. کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێیانی زاوا دەوروبەری عەرەبانەکە دەگرن، کچانی نەیژەن بە مەشخەڵی زۆرەوە ڕێگا ڕووناك دەکەنەوە و سروودی تایبەتی ئەو مەراسیمە دەچڕن. کە گەیشتنە شوێنی مەبەست، زاوا بووك دەباتە ناوەوە لە دەرگای دەرەوە، وەکو ئەوەی کە لاسایی نەریتی یەخسیرگرتن بکاتەوە. دایك و باوك، پیرۆزبایی لە بووك دەکەن و لە مەراسیمێکی تایبەتی ئاینی، دەیکەن بە ئەندامێکی خێزانی خۆیان، ئەویش بەشداری دەکات لە پەرستنی خودایانی ئەو بنەماڵەیە، بەڵام کاهینەکان هیچ پەیوەندیان بەو مەراسیمەوە نییە. دوای ئەوە، میوانان، بووك و زاوا دەبەنە پەردە و بە ڕێگەوە سروودی شەوی پەردە دەڵێنەوە، ئەوکاتە هێندە لەبەر دەرگای پەردە شایی و هەڵپەرکێ دەکەن تا زاوا دێتە دەرەوە و ئەنجامی کارەکەی ڕادەگەیەنێت.

پیاوێك دەتوانێت جگە لە هاوسەری خۆی لەگەڵ ژنەکانی تریش سێکس بکات. دموستن دەڵێت: "چێژ لە لەشفرۆشەکان وەردەگرین، لەگەڵ کەنیزەکان و دۆستەکانمان، لە کاتەکانی ڕۆژدا تەندروستی جەستەیی خۆمان دابین دەکەین، ژنەکانمان منداڵی باشمان بۆ دێنن بە وەفاوەماڵەکانمان دەپارێزن." لێرەدا، لە ڕستەیەکی سەرسوڕهێنەردا، بیروڕای ئەو کاتەی یۆنانیەکان کورت کراوەتەوە. یاساکانی دراکۆن[1]، چێژ وەرگرتن لە کەنیز و ژنانی دۆست بە ئاسایی دەزانێت. دوای هێرش بۆ سیسیل لەساڵی ٤١٥، کە ژمارەی وەڵاتیان بە هۆی شەڕەوە کەم بۆتەوە، کچان بێ مێرد مانەوە، یاسا بە ڕاشکاوی دوو ژنی بۆ هەر پیاوێك بە یاسایی مۆڵەت دا. سوقرات و ئۆریپید لەو کەسانەن کە ملکەچ دەبن بۆ ئەو ئەرکە نیشتیمانییە و جێبەجێ دەکەن.

ژنان، بە گشتی بە لەخۆبردوویی و بەرگەگرتنی خۆرهەڵاتیانەوە، خۆیان لەگەڵ بوونی کەنیزەك لەناوماڵدا ڕادێنن، هەربۆیە دەزانن کە ئەم(ژنی دووەم)، دوای ئەوەی کە سەردەمی جوانییەکەی بەسەرچوو، لە ڕاستیدا دەبێتە یەکێك لە خزمەتکارانی خێزان، تەنیا منداڵانی ژنی یەکەم بە ڕەسمیەت دەناسرێن و بە منداڵی پیاوەکە دەژمێردرێن. زینا، تەنیا کاتێك دەبێتە هۆ بۆ تەڵاقدان، ئەگەر ژن ئەو کارەی کردبێت! لەناو خەڵك بە مێردی ژنێکی وەها دەگوترێت "قۆچی لێ ڕواوە"، نەریت وایە کە ئەو پیاوە هاوسەرەکەی خۆی تەڵاق بدات و لەماڵ دەریبکات. لە لایەنی یاساییەوە سزای زینا بۆ ژنان، هەروەها بۆ ئەو پیاوانەی کە سێکس لەگەڵ ژنی بە مێرد دەکەن، کوشتنە. بەڵام خەڵکی یۆنان لەبارەی مەسەلەی سێکسی هێندە بە ئاسانی لێبووردنیان هەیە کە ئەم یاسایە هیچ کات جێبەجێکردن بەخۆیەوە نابینێت. ئەو پیاوەی کە ژنەکەی خیانەتی

---

١. یاسادانەری یۆنانی، سەدەی حەوتەمی پ.ز.

لێکردوە، بە گشتی دەبێ خۆی، بە هەر ڕێگەیەك کە بتوانێت تۆڵە لەو پیاوە بکاتەوە کە سێکسی لەگەڵ ژنەکەی ئەو کردوە، بۆ ئەم کارە، یان یەکسەر دەیکوژێت یانیش کەسێك ڕادەسپێرێت کە بیکوژێت، یانیش بە وەرگرتنی بڕێك پارە لێی خۆش دەبێت.

تەڵاقدانی ژن بۆ پیاوان کارێکی زەحمەت نییە، پیاو دەتوانێت بەبێ دیاریکردنی هیچ هۆیەك ژنەکەی خۆی لەماڵ دەربکات. نەزۆکی ژن لەم ڕووەوە هۆیەکی کافی و قەبوڵکراوە، هەربۆیە مەبەست لە هاوسەرگیری، منداڵبوونە، بەڵام ئەگەر پیاوێك نەزۆك بێت، یاسا و نەریت مۆڵەتی پێ دەدات کە خزم و کەس بە هانایەوە بێن، ئەو منداڵەی کە لەو دەرەنجامەش دروست دەبێت، هی مێردی ژنەکەیە و پیاوەکە خۆی بە باوکی منداڵەکە دەزانێ، دوای مردنیشی دەبێ ببێتە پاسەوانی ڕۆحی ئەو.

ژن ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی ماڵی مێرد بەجێبهێڵێت، بەڵام ئەگەر مێرد زوڵمی لێبکات و لە ئاستی ئاسایی تێپەڕێت، ئەو دەتوانێت داوای تەڵاق لە ئارخون بکات. هەندێ جاریش تەڵاق بە ڕێککەوتنی هەردولا بە ئەنجام دەگات، بەڵام دەبێ ژن و پیاو لە بەرانبەر ئارخۆندا بە ڕەسمی ڕازی بوونی خۆیان ڕابگەینن. دوای تەڵاق، تەنانەت لەو کاتەی کە پیاو زیناش بکات، منداڵ هی پیاوە و لە لای باوك دەمێنێتەوە. لە ئەسینا هەموو یاسا و نەریتەکانی پەیوەست بە مەسەلەی سێکسی دروستکراو و پێکهێنراوی پیاو و نوێنەری جورێك لە ڕەوتی بەرەو دواوەیە، لە کۆمەڵگەکانی میسر و کرت و یۆنانی سەردەمی هۆمێر، بەرەو خۆرهەڵات.

## ٦-٦ ژن لە پەراوێزدا

ئەو شتەی کە لەو شارستانیەتەدا وەکو لایەنەکانی تری ئەو سەرسوڕهێنەر دیارە، ئەوەیە کە بە بێ دەستێوەردان، ئارمانجی ژنان گەیشتونەتە ترۆپکی گەورەیی. سەردەمی پاڵەوانانی یۆنان بە یارمەتی ژنان شکۆدار بوو، لە سەردەمی پاشا چەوسێنەرەکاندا لە بەرەکەتی بوونی ئەوانەوە درەوشانەوەی شاعیرانە دەوڵەمەند بوو، بەڵام دوای ئەوە، یەکشەوە، ژنانی خاوەن مێرد لە گۆڕەپانی مێژووی یۆنان دەردەکرێن، وەك بڵێی تەنیا بۆ لەناوبردنی ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان پلەوپایەی ژن و ئاستی شارستانیەت سەپێنراوە. لە مێژووی هرۆدۆت ژنان لە هەموو جێگەیەك ئامادەن، بەڵام لە مێژووی توسیدید هیچ شوێنەوارێکیان نییە. لە ئەدەبیاتی یۆناندا، لە شیعرەکانی سمۆنیدس ئامۆرگۆسی تا نوسینەکانی لوکیانۆس، لە هەموو شوێنێك بەدوای یەکدا باسی گوناه و کارە ناشیرینەکانی ژنان دەکرێت، لە کۆتایی ئەو خولەدا، تەنانەت پلوتارکی میهرەبانیش قسەکانی توسیدید دوبارە دەکاتەوە: "ناوی ژنێکی داوێنپاکیش پێویستە وەکو خودی ژنەکە لەناو ماڵدا بشاردرێتەوە." ژنانی دوریایی، بەم شێوەیە لە کۆمەڵگە جودا نیین. ئەم خاسیەتە ڕەنگە لە خۆرهەڵاتی نزیکەوە هاتبێتە ناو یۆنان، لەوێوە هاتبێتە ئاتیك، چونکە ئەمە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە نەریتە ئاسیاییەکان. لەناوچوونی نەریتی میراتگری لە ڕێگەی دایکەوە، بەرزبوونەوەی چینە ناوەڕاستەکان، زاڵبوونی تێڕوانینی بازرگانانە بۆ ژیان، ڕەنگە کاریگەریان هەبووبێت بۆ سەر پەیدابوونی ئەم

وەرچەرخانە: پیاوان لەسەر بنەمای پێوەری سوود و زیان ژنەکانیان دەپێوا و ئەوانیان تەنیا بۆ ماڵ بەسوود دەزانی. ڕۆحی خۆرهەڵاتی هاوسەرگیری یۆنانی لەگەڵ ئەو پەردەنشینییە ئاتیکییە سازگارە. بووك لە خزمەکانی خۆی دادەبڕێت، تا ڕادەیەك وەکو نۆکەر دەچێتە ماڵێکی تر، خوای تر دەپەرستێت. ژنی یۆنانی مافی بەستنی گرێبەستی نییە ـ ناتوانێت جگە لە بڕێکی زۆر کەم نەبێت قەرز وەربگرێت، مافی تۆمارکردنی سکاڵاشی لە دادگادا نییە. لە یاساکانی سۆلۆندا، ئەو کارانەی لەژێر کاریگەری ژنان ئەنجام درابن متمانەی یاساییان نییە. ژنان دوای مردنی مێرد بێبەشن لە میراتەکەی. تەنانەت کەموکوڕی جەستەیی و سروشتی ژنانیش یەکێکە لەو هۆیانەی کە ئەوان بە گوێرەی یاسا بە گوێڕایەڵ و ملکەچی پیاوان ناچار دەکات، چونکە هێشتا نەزانی خەڵکی لادێیی لەبارەی ئەو بەشەی کە پیاوان هەیانە لە زاوزێدا ببوە هۆی بەرزبوونەوەی پلەوپایەی ژن، بیروبڕوای بەردەوام لە یۆنانی سەردەمی زێڕینیش، لەسەر بنەمای ئەوەی کە هێزی زاوزێ تەنیا لە پیاوەوەیە و ژن جگە لە هەڵگرتنی منداڵ و بەخێوکردنی هیچ ئەرکێکی نییە، کەسایەتی پیاوی بەرز کردۆتەوە. لەو هۆیانەی کە ژنی ژێردەستە کردوە، تەمەنی پیاو هەمیشە پترە لە تەمەنی ژن. تەمەنی پیاو بە زۆری دوو هێندەی تەمەنی ژنە، لەم ڕووەوە تا ڕادەیەك دەتوانێت بیروڕاکانی ئەو لەگەڵ بیروباوەڕەکانی خۆی سازگار بکات. بێگومان، پیاوانی ئەسینایی هێندە هۆشیارن لەبارەی ئەو ئازادییە سێکسیەی کە هەیانە، هەرگیز ژن و کچی خۆیان ئازاد ناکەن، بە گۆشەگیری ئەوان ئازادی خۆیان دابین دەکەن. ژنان تەنیا لە حاڵەتێك دەتوانن خزمان و دۆستانی خۆیان ببینن و بەشداری جەژنە ئاینییەکان بکەن کە بە تەواوی سەرپۆشیان لەسەر بێت و بە توندی لەژێر چاودێریدا بن. لە کاتەکانی تر دەبێ لەماڵدا بمێننەوە و

نەهێڵن کەس لە پەنجەرەوە سەیریان بکات. زۆربەی تەمەنیان لە حەرەمسەرایەك دەگوزەرێت کە لە بەشی دواوەی ماڵەکەدایە. هیچ پیاوێك مافی ئەوەی نییە بچێتە ئەوێ. کاتێ کە مێرد میوانی هەیە، نابێ ژنان بێنە دەرەوە.

ژنان لەماڵەوە جێگای ڕێزن، لە هەر مەسەلەیەکدا کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستەڵاتی باوکاسالاری مێردیان، کارەکەیان ڕەوایە. یان خودی ماڵەکە بەڕێوە دەبەن یانیش چاودێری بەڕیوەبردنی ماڵ دەکەن، خواردن دروست دەکەن، خووری دەڕێسن، بۆ ئەندامانی ماڵەکە جل و پێخەف دابین دەکەن. ڕێنمایی ئەوان پەیوەستە بە کاروباری ماڵداری، هەروەها ئەسینابییەکان لەگەڵ ئۆرپیید هاوڕان لەوەی کە هۆشمەندی، ژنەکە پەشیمان دەکاتەوە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکان. لەم ڕووەوە ژنانی بەڕێزی ئەسینایی، لە ڕوانگەی پیاوان خانومانتر و دڵگیرترن لە ژنە بەڕێزەکانی ئسپارتی، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو لوتف و پێگەیشتنەیان نییە و ناتوانن لەگەڵ مێردەکانیان هاوڕابن لەو دەرەنجامانەی کە لە ئەنجامی ئازادی پڕ جۆراوجۆر و، زیرەکی و ئەو زانستە تایبەتیەی کە پیاو دۆزیوەتەوە. ژنانی یۆنانی سەدەی شەشەم کاریگەرییەکی مەزنیان هەبوە لەسەر ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیان، بەڵام ژنانی ئەسینای سەردەمی پریکلس لەو لایەنەوە هیچ بەرهەمێکیان نەبووە.

لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا، بۆ ئازادکردنی ژنان ڕاپەڕینێك وەدیاردەکەوێت. ئۆرپیید، لە وتارە دلێرانەکانیادا، لەگەڵ ئاماژەی میانڕەو بەرگری لە ژنان دەکات، ئاریستۆفان بە گاڵتەپێکردنێکی بە دەنگەدەنگەوە گاڵتەیان پێدەکات. ژنان خۆیان دێنە ناو شەڕەکە و تێدەکۆشن، تا ئەو شوێنەی کە پێشکەوتنی زانستی کیمیا پێویستیەتی، لە جوانکردنی خۆیان دەکەونە پێشبڕکی لەگەڵ

لەشفرۆشە باشەکاندا. لە شانۆنامەی لوسیسترانا، کە لە نووسینی ئاریستۆفانە، کۆلینیکا دەڵێت: " ئێمە ژنان چ کارێکی ماقوڵمان لەدەست دێت؟ تەنیا کارێك کە لە دەستمان دێت ئەوەیە کە بەو ڕەنگە زەیتیانەی کە لە ڕومەت و لێوانمان هەڵسویوە، بە جلوبەرگی تەنك و هەموو پێداویستیەکانی لە دەوری یەکتر کۆببینەوە." لە ساڵی ٤١١ بەدواوە، بەشی ژنان لە شانۆنامەکانی ئەسینادا پتر دەبێت، ئەمەش خۆی نیشانەی ئەوەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ پتر هەڵدێن لەو تەنیایی و دورەپەرێزییەی کە یەخەی پێ گرتوون.

لە ماوەی ئەو گۆڕانکارییەدا، کاریگەری ڕاستەقینەی ژنان، هێشتا لەسەر پیاوان هەر ماوە، ژنان تا ڕادەیەکی بەرفراوان واقیعیەتی ملکەچی و گوێڕایەلی خۆیان کەم دەکەنەوە. تامەزرۆیی پیاوان بۆ ژنان زۆرتر بووە، ئەمەش خۆی لە ئەسینادا، وەکو هەر شوێنێکی تر، دەستکەوتێکی مەزنە بۆ ژنان. سمیۆل جانسن دەڵێت: "کاکە، سروشت توانایەکی وەهای بە ژنان بەخشیوە، کە یاسا هیچ کات ناتوانێت شتێکی بۆ زیاتر بکات." هەندێ جار زاڵبوونی سروشتی ژنان بەسەر ماڵ و جیازی(پیتەك) یان زمانهێنانی ئەوان، یان بەهۆی خاسیەتی ژندۆستی پیاوان، توندتر دەبێت. دەستەڵاتی ژنان زۆربەی لە جوانیانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەندێ جاریش زان و پەروەردەکردنی منداڵانی باش، یان وابەستەیی ڕۆحی پایەداری کە لە بۆتەی ئەزمونەکانی ژیانی هاوبەشەوە وەدەستهاتووە، دەبێتە هۆی دەستەڵاتی ژن. ئەو سەردەمەی کە چەهرەی شەریف و درەوشاوەی وەکو ئانتیگۆنە، ئالکستیس، ئیفیگینا، ئادرۆماخە، قارەمانە ژنەکانی وەکو هکابە، کاساندرا و مدیا وەدەرخستووە هەرگیز نەیدەتوانی لە قوڵایی لوتکەکانی ڕۆحی ژن غافل بێت. پیاوانی

ئاسایی ئەسینا، ژنانی خۆیان خۆشدەویت، بە گشتی خۆشەویستی خۆیانیان بۆ دەردەبڕن. کێلی گۆڕەکان نیشاندەری سەرسوڕهێنەری خۆشەویستییەکە کە ژن و پیاو بۆ یەکتر و منداڵەکانی خۆیان هەیانبوە. کۆمەڵە شیعرێکی یۆنانی، کە بریتییە لە چەند شیعرێکی عاشقانە، پارچەی کاریگەری زۆری تێدایە کە باسی ئەو خۆشەویستییە دەکات. لەسەر کێلی گۆڕێك وەها نووسراوە: "ماراتۆنیس، نیکۆپولیسی خستە ئەم گۆڕەوە، بەسەر ئەم سەندوقە مەرمەڕەوە فرمێسکی ڕشت. بەڵام بێسوود بوو. پیاوێك کە ژنی مردوە و لەسەر زەوی بە تەنیا ماوەتەوە، بەکەڵکی چی دێت."

## ٧. ڕۆم

### ٧-١ خێزان لە ڕۆمی ڕواقیدا

لەدایکبوون لە ڕۆمدا خۆی لەخۆیدا ڕوداوێکی ترسناك بوو، ئەگەر منداڵ خواروخێچ یان کچ بوایە، بەپێی نەریت باوك دەیتوانی بیکوژێت، ئەگەرنا هاتنی بەرێز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی ڕۆمیانی ئەو سەردەمە لە بەرفراوانی خێزان پشتگیریان دەکرد، زۆر حەزیان لەوە بوو کە بننە خاوەنی کوڕ. ژیانی لادێیی بەها و گرینگی دەدا بە منداڵان، بێ منداڵی لە تێڕوانینی خەڵکەوە زۆر ناڕەوا بوو، دینیش، لەسەر ئەو بڕوایەی کە ئەگەر ڕۆمییەك کوڕێك لە دوای خۆی بەجێ نەهێڵێت بۆ ئەوەی خزمەتی گۆڕەکەی بکات،

تا هەتایە گیانی لە ئازاردا دەمێنێتەوە، هانی منداڵبوونیان دەدا. هەر منداڵێك هەشت ڕۆژ دوای لەدایکبوون، لە ڕێورەسمێکی شکۆداردا لە تەنیشت ئاگردانیماڵدا، دەبووە ئەندامی خێزان یان هۆزەکە. گنس[1] گروپێك بوو لە خێزانەکانی ئازادیخواز کە خوایەکی هاوبەشیان هەبوو، ناوی ئەویان لەخۆیان دەنا، لە نەریتی پەرستندا پێکەوە لە شەڕ و ئاشتیدا ئەرکی سەرشانیان بوو کە هاوکاری یەکتر بکەن. ناوی هەر منداڵێکی کوڕ، ناوێکی ئاوێتە بوو، سەرەتا لە ناوی بچوك ـ وەکو پۆبیلۆس، مارکۆس، کایۆس، دواتر ناوی تایەفە وەکو ـ کۆرنلیۆس، تۆلیۆس، لە کۆتاییشدا ناوی بنەماڵە ـ وەکو سیکیپۆ، کیکرۆ، کایسار. ژنەکان تەنیا ناوی تایەفەیان بەسبوو ـ وەکو کۆرنلیا، کلاودیا، یولیا، چونکە لە ڕۆژگاری کۆندا تەنیا پەنجا ناو بۆ پیاو ئاسایی بوو، کە لە زۆر نەوەی یەك بنەماڵەدا بەکار دەهات و تووشی هەڵە دەبوون، زۆرجار تەنیا پیتی یەکەمی ئەم ناوانە بەس بوو، لە جیاتیدا ناوی ـ چوارەم تەنانەت ناوی پێنجەمیش ـ بۆ ناسینەوەی، بەدوای یەکدا دەهاتن. بەمجۆرە پ.کۆرنلیۆس سکیپۆ ئەفریکانۆس مایور (مهین)، شکستدەری هانیپال، لە پ.کۆرنلیۆس سکیپیۆ ئایمیلیانۆس مینور(کەهین) وێرانکەری کارتاژ، دیسان دەناسرایەوە.

منداڵ خۆی لە قوڵایی بنەماڵەی باوکسالاریدا، واتە بنەڕەتیترین و تایبەتمەندترین دامەزراوەی کۆمەڵگای ڕۆمی دەدۆزییەوە. دەسەڵاتی باوك کەم تا زۆر ڕەها بوو، وەك بڵێی خێزان یەکەیەك بوو لە سوپایەکی هەمیشە ئامادە بۆ شەڕ، لە هەموو ئەندامانی خێزاندا، باوك تەنیا کەسێك بوو کە لە

---

١.لە ڕۆمی کۆندا، هۆز یان خێڵ یان گروپێك لە خێزانەکان کە ناوێکی هاوبەشیان هەبوو (بە بڕوای خۆیان) خوایەکی هاوبەشیشیان هەبوو، هەروەها هەندێ ئیتیاز و یاسای هاوبەشیشیان هەبوو.

سەردەمە سەرەتاکانی کۆماریدا لە بەرانبەر یاسا دەبوە خاوەنی هەندێ ماف. هەر بەتەنیا ئەو بوو کە دەیتوانی شتومەك بکڕێت و بفرۆشێتەوە و بیهێڵێتەوە لە بۆندەکاندا بەشداری بکات. لەو سەردەمەدا تەنانەت ئەو خاوەنی جیهازی ژنەکەی خۆشی بوو. ئەگەر ژنەکەی بە کارێکی خراپ تاوانبار بکرابایە، ئەو مافی دادگایی کردن و سزادانی ژنەکەی هەبوو و دەیتوانی هاوسەرەکەی خۆی بە مەرگ سزا بدات، بە تاوانی زینا یان دزینی کلیلی عەمباری شەرابەکەی. لە مافی منداڵەکانیشدا، هەڵبژاردنی مردن و ژیان، فرۆشتن و یەخسیرکردنیش هەر مافی باوك بوو. هەرشتێك کوڕ بەدەستی دەهێنا، بە گوێرەی یاسا دەبوە هی باوك. بەبێ ڕازیبوونی باوك، هاوسەرگیری منداڵ مەحاڵ بوو. کچی بەشوودراویش هەر لەژێر دەستەڵاتی باوك دەمایەوە، مەگەر ئەوەی کە باوك مۆڵەتی کۆم مانۆی بداتە کچەکەی ـ واتە کچەکە بخاتە ژێر دەستەڵاتی مێردەکەی. بەڵام بۆ کۆیلەکانی خۆی دەستەڵاتی لەرادەبەدەری هەبوو. ئەوان ژن و منداڵەکانشیان لەژێر دەستی ئەو بوون، بەلەبەرچاوگرتنی تەمەن و بارودۆخیان، هێندە لە ژێر دەستەڵاتیدا دەمانەوە، تا ئەوە بە ئازادکردن یان دەستهەڵگرتنی خۆی بڕیاری بدابایە. ئەم مافەش (باوکی خێزان) تا ڕادەیەك بەهۆی نەریت و ڕای گشتی و شورای تایفەیی و یاسای پرایتۆری سنووردار دەکرا. ئەگەرنا تا کاتی مردنی باوك درێژەی هەبوو تەنانەت بە شێتبوون و لەسەر داوای خۆشی کۆتایی نەدەهات. کاریگەری ئەم مافەی پتەوکردنی تاکرەوی خێزان، وەکو بنەمای ئەخلاقیات و دەوڵەتی ڕۆم، بە گوێرەی ڕێکخستنێك بوو کە سروشتی ڕۆمی ڕواقی بەرز ڕادەگرت. ئەم مافانە لە ڕواڵەتدا توندوتیژ بوون نەك لە پراکتیك، چونکە زۆر بە کەمی دەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوانەی تریش کەمتر بە خراپی سوودی لێ دەبینرا. بوونی ئەوانە لە دروستبوونی (میهری

بەرێزانە)ی قووڵ و خۆشەویستانەی نێوان سەرپەرشتیاران و منداڵان دەبووە رێگر. دەستەواژەکانی کێلەبەردی گۆڕی رۆمییەکان هەر هێندە میهرئامێزە کە کێلەبەردی یۆنانییەکان یان هی سەردەمی خۆمان هەیەتی.

پلەوپایەی ژن لە رۆمدا نابێت لەرووی بێبەشییە یاساییەکاندا دادوەری بکرێت، بۆیە پێویستی پیاو بە ژن، بەردەوام ژن بە سیحری زۆر بەهێزتر لە یاسا پرچەك دەکات. ژن مافی ئەوەی نەبوو لە دادگا ئامادە بێت، تەنانەت وەکو شاهیدیش. کە دەبوە بێوەژن، مافی هیچ جۆرە بانگەشەیەك یان داواکارییەکی نەبوو بۆ ماڵ و دارایی هاوسەرەکەی. ئەگەر مێرد بیویستبایە، دەیتوانی هیچی بۆ نەهێڵێتەوە. ژن لە هەر تەمەنێکدا لەژێر کۆنترۆڵی پیاوێك بووە، چ مێرد یان باوك یان برا، یان کورەکەی خۆی یانیش سەرپەرشتەکەی، کە بێ مۆڵەتی ئەو مافی هاوسەرگیری یان سوود وەرگرتن لە ماڵ و داراییەکەی نەبوو. بەڵام دەیتوانی میرات وەربگرێت، ئەگەرچی نەدەگەیشتە پتر لە سەد هەزار سسترس(یان ١٥٠٠٠ دۆلار). بۆ مافە داراییەکانیش هەر سنوورێکی نەبوو. لە زۆر کاتدا، کاتی تێپەربوونی کۆماری لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی، بە هۆی ئەوەی کە پیاوان بۆ هەڵاتن و خۆ شاردنەوە لە پێدانی باج و مەترسیەکانی تری دارایی و میرات، دارایی خۆیان بە ناوی ژنەکانانیانەوە دەکرد، ژنان بوونە خاوەن سامانی زۆر. لە ئایندا، پلەوپایەی ژن (یاوەری کاهین) بوو، هەر کاهینێك دەبوایە هاوسەرێکی هەبێت، کە کاهینەکە دەمرد، ژن شوێنەکەی خۆی لەدەست دەدا. لە ماڵ، ژن (کەیبانووی بەرێز) بوو. بە پێچەوانەی ژنی یۆنانی، ژنی رۆمی ناچار نەبوو کە لە نێوان (چوار دیوارییەکی ژنان) گەمارۆدراو بێت. نانخواردنەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆی

دەخوارد، ئەگەرچی کاتێ کە مێردەکە پاڵ دەکەوت ئەو دادەنیشت. لە کارە ناخۆشەکانی ماڵ تارادەیەك بەخشرابوو، چونکە کەم تازۆر هەر شارنشینێك کۆیلەیەکی هەبوو. وەکو کەیبانوویەك کاری ڕستن و چنینی دەکرد، بەڵام ئەرکی تایبەتی ئەو لە بەڕێوەبردنی ماڵدا چاودێریکردن بوو بەسەر کاری کۆیلەکاندا، ئەگەرچی هەوڵی دەدا جگە لەخۆی هیچ کەسێکی تر منداڵەکانی پەروەردە نەکات. منداڵان لە پاداشتی سەختییەکانی دایکدا، میهر و خۆشەویستییەکی بێسنووریان لەبەرانبەردا دەنواند، مێردیش بە ڕەوای نەدەزانی زیانێك بە سەروەری یاسایی ئەو ببەخشێت کە دڵی پێخۆشە.

دایك و باوك و زەوی و دارایی، منداڵان، زاواکان، نەوەکانی بووکەکان، کۆیلەکان، پەنابەرەکانی ئەوان خێزانی (فامیلیا)ی ڕۆمیان پێکدەهێنا. ئەم فامیلیایە، پتر دامەزراوەیەکی خێزانی بوو تا خێزان خۆی، نەك گروپێکی خزموکوس، بەڵکو کۆمەڵگەیەك بوو لە کەسان و شتانێك کە هەمووی لەوان پیرترین پیاوی خێزان بوون. لە داوێنی ئەم کۆمەڵگەیە بچوکەدا، کە ئەرکەکانی خێزان و دامەزراوە ئاینی و قوتابخانە سەرەتایی و پیشەسازی دەگرتەوە، منداڵی ڕۆمی، پاك و ملکەچ، پەروەردە دەبوو تا وەکو هاوڵاتییەکی بەجەرگی

## ٢-٧ ئاکاری سێکسی لە ڕۆمدا

لەم ژیانەی لە داوێن خێزاندا و لە پەنای خواکانەوە، کام بنەمای ئاکاری دروست بوو؟ ئەدەبیاتی ڕۆمی، لە سەردەمی ئەنیۆس یان یوونالیس، ئەم نەوە سەرەتاییانە بە نمونەی کەماڵ دەژمێرێت و لە نەمانی سادەیی و مەزنی کۆن بەداخەوەیە. لاپەڕەکانی ئەم ئەدەبیاتە هەروەك ڕۆمی ئارام و بە حەوسەلەی

فابیۆی و ڕۆمی چێژخواز نێرۆنی ڕێك لە بەرانبەر یەکتر نیشان دەدات. بەڵام بە پشتبەستنی یەك لایەنە بە شاهێدەکان نابێت لە بواری ئەو ڕوبەڕووبونەوەیەدا زۆربلێیی بکەین.

لە ڕۆژگاری فابیۆسیشدا خەڵکێکی چێژخواز بوون، لە سەردەمی نێرۆنیش خەڵکێکی ئارام ـ بە حەوسەلە.

لە سەرەتای مێژووی ڕۆم، نەریتی ئەخلاقی سێکسی لە نێوان خەڵکی ئاسایی ڕۆم لە حاڵەتێکدا مایەوە، واتە نارێك و بەرەڵا، بەڵام سازگار لەگەڵ کامەرانی ژیانی خێزانی. لە هەموو چینەکانی ئازاددا، چاوەڕوانی کچێنی لە ژنەکان دەکرا، چیرۆکی زۆرباش لەستایشی ئەوانەوە دەنووسرا، چونکە هەستی خاوەنداریەتی لە پیاوی ڕۆمیدا بەهێز بوو، دەیەویست هاوسەرەکەی خاوەنی ئەو سروشتە نەگۆڕە بێت کە ئەو لە مەترسی گوێزانەوەی داراییەکەی بۆ زۆڵێکی دوژمن بپارێزێت. بەڵام لە ڕۆمیشدا، وەکو یۆنان، داوێن تەڕی پێش هاوسەرگیری لە نێوان پیاواندا، بە مەرجی پاراستنی دووروری وردی مرۆڤەکان، نەنگی نەدەبوو. لە سەردەمی کاتوی مهین تا سەردەمی سیسرۆن، بەڵگەی ئاشکرا لە ئاراستەکردنی ئەم خاڵە دەدۆزینەوە. ئەوەی کە لەگەڵ شارستانیەت زۆر دەبێت، زیاتر ئەگەری وەها نیشاندانی داوێن پیسییە تا نیازی داوێن پیسی کردن. لە سەرەتای مێژووی ڕۆمدا، لەشفرۆشەکان زۆر نەبوون و مافیان نەبوو کە جلوبەرگی تایبەتی کەیبانوەکان، کە نیشانەی ژنانی ناوخۆش بوو، لەبەر بکەن، ئەوان بە ڕەوایان دەزانی کە سنووری گۆشە تاریکەکانی شاری ڕۆم و کۆمەڵگەی ڕۆمی نەبەزێنن. تا ئەو کاتە هێشتا لەشفرۆشانی نەریتزان، وەکو هتایرای ئەسینا یان لەشفرۆشەکانی خۆشڕوو کە لە شیعرەکانی ئۆوید باسیان کراوە دەرنەکەوتبوون.

پیاوان به گشتی زووـ له تەمەنی بیستساڵیدا ـ ژنیان دەهێنا، بەڵام نەك له ئەنجامی عەشقی هەرزەکارانه. بەڵکو بەو نیازه خێرەی که هاوسەرێکی یارمەتیدەر و منداڵانی بەسوود و ژیانێکی سێکسی تەندروستی هەبێت. له زمانی هاوسەرگیری له ڕۆم وشەکانی لەمبارەوه به مانای (هاوسەرگیری بۆ منداڵبوون) بوو، له مەزراکاندا، منداڵان، وەکو ژنان، یەکێك بوون له بەشەکانی دارایی، نەك لەیستۆکێکی گیاندار، هاوسەرگیری به گشتی به هاوکاری دایك و باوکان به ئەنجام دەگەیشت، هەندێ جار هەندێ کەس له منداڵییەوه دەبوونه دەزگیرانی یەکتری. له هەر حاڵەتێکدا تێڕوانینەکانی باوك و دایکی ژن و مێرد پێویست بوو. دەزگیرانی لایەنێکی ڕەسمی هەبوو، به مارەکردنێکی یاسایی دەژمێردرا. خزموکەس به بەزمەوه دەهاتن تا شاهێدی مارەبڕین بن، له دەستەکەدا وەکو نیشانەی سەرکەوتن لقێکیان دەشکاند، هەلومەرجەکانی گرێبەستەکه به تایبەت ئەوەی که پەیوەست بو به جیازی(پیتەك) دەنووسران، پیاو ئەڵقەیەکی ئاسنینی دەخستە ئەنگوستی چوارەمی دەستی چەپی کچەکه، چونکه پێیانوابوو که لەوێوه دەمارێك دەگاتە دڵ. کەمترین تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچ دوانزده ساڵ و بۆ کوڕ چوارده ساڵ بوو. له یاسا سەرەتاییەکانی ڕۆمدا، هاوسەرگیری بەزۆر دەژمێردرا. بەڵام له ساڵی ٤١٣ ی پ.ز، ئەو کاتەی که کامیلۆس له پۆستی سنسۆری ڕۆم باجی خستە سەر پیاوه ڕەبەنەکان، ئەم حوکمە متمانەی خۆی لەدەست دا.

هاوسەرگیری دوو جۆر بوو: کوم مانۆ و سینه مانو، له هاوسەرگیری جۆری یەکەمدا، ژن به تەواوی له خزمەتی مێرددا بوو، مێرد یان باوکی مێرد دەستەڵاتی ڕەهایان هەبوو بەسەر ماڵ و دارایی ژنەکه. هاوسەرگیری

جۆری دووەم پێویستی بە نەریتی ئاینی نەبوو، تەنیا ڕازیبوونی بووك و زاوا پێویست بوو. هاوسەرگیری یەکەم یان بە حوکمی یەك ساڵ هاوژیانی، یان لە ئەنجامی کڕین، یان (لەگەڵ یەکتر کێك خواردن) بە ئەنجام دەگەیشت. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، کە تێیدا نەریتی ئاینی پێویست بوو، تایبەت بوو بە پاتریسینەکان. هاوسەرگیری لە ئەنجامی کڕیندا لە هەمان سەرەتای مێژووی ڕۆم لە برەو کەوت، بەڵکو پێچەوانە بوەوە، جیازی ژن ئەگەر پیاو بەڕاستیش بیکڕیبایە، ئەم جیازییە بە گشتی لەژێر دەستەڵاتی شوودا بوو، بەڵام لە کاتی تەڵاق یان مردن، دەبوایە مێرد هاوسەنگی ئەو جیازییەی بۆ ژنەکە بگەڕاندبایەوە. بەزمەکانی هاوسەرگیری لێوانلێو بوون لە پێشوازی و گۆرانی میللی. خزم و کەسەکانی بووك و زاوا لە ماڵی بووك کۆ دەبوونەوە، ئەو کاتە ڕیزێکی پڕ و جوانیان دەبەست و لەگەڵ دەنگی نەیژەنان و گۆرانییە تایبەتییەکانی بووك گواستنەوە و یاری شەمولەکان، ڕەوانەی ماڵی باوکی زاوا دەکران. لە بەردەم دەرگا، کە چەندین چەپکە گوڵی پێوە بەسترابوو، زاوا لە بووکی دەپرسی (تۆ کێی؟) بووك ئەم دەستەواژە سادەی لە بەرانبەر دڵبەستەیی و یەکسانی و تاقانەیی لە وەڵامدا دەیگوت: (ئەگەر تۆ کایوس بیت، منیش کایام.) ئەو کاتە زاوا بووکی لەسەر کۆسپی دەرگاکە سەردەخست و کلیلەکانی ماڵەکەی دەدا بەو، بە نیشانەی هاوپەیمانی، ملی خۆی و بووکی دەختە ژێر کۆتێك، لەم ڕووەوە ناوی لێدەنرا هاوسەرگیری(هاوکۆتی). دواتر بووك، وەکو نیشانەی پەیوەست بوونی بە خێزانی نوێ، لەگەڵ ئەوانیتردا بەشداری لە وێرد خوێندن بۆ خودایانی ماڵی مێرد دەکرد.

لەو هاوسەرگیرییەی کە لە ئەنجامی (پێکەوە کێك خواردن) پێکدەهات، تەڵاق زۆر سەخت بوو. هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری، لەو جۆرەی کە تێیدا دەستەڵاتی ژنیش لەدەست پیاو بوو، تەڵاق بە دەست مێرد بوو، بەڵام لە جۆری دووەمدا هەرکام لە دوو لایەن، بێ ڕازیبوونی لایەنی دووەم، ئەنجام دەدرا. یەکەمین تەڵاق کە لە مێژووی ڕۆمدا تۆمار کراوە، ساڵی ٢٦٨ پ.ز بووە. ڕیوایەتێکی گوماناوی هەیە کە دەڵێن لە سەردەمی پەیدابوونی شاری ڕۆمدا تا ئەو کات، هیچ جۆرە تەڵاقێك بە ئەنجام نەگەیشتوە. بە حوکمی نەریتی تیرەیی، پیاو دەبوایە ژنی زیناکار یان بێ منداڵ تەڵاق بدات. کاتوی مهین دەیگوت: (ئەگەر ژنەکەی خۆت بینی خەریکی زینا بوو، بە حوکمی یاسا بۆت هەیە کە بێ دادگایی کردن بیکوژی. بەڵام ئەگەر بە ڕێکەوت ئەو تۆ لەو حاڵەتەدا ببینێت، نابێت تەنانەت نوکی ئەنگوستیشی لە تۆ بدات، چونکە یاسا ناهێڵێت ئەو لێپرسینەوە لەگەڵ تۆدا بکات.) لەگەڵ ئەم جیاوازیانەشدا، هاوسەرگیری شادومانە لە ڕۆمدا زۆر بوو. بەردی گۆڕەکان چەندین چیرۆکیان لەسەرە لەبارەی کاریگەریەکانی دوای مردن، لە یەك شوێندا ژنێك کە دوو مێردی خۆی زۆرباش خزمەت کردوە ستایشێکی دلگیر کراوە:

**ئەی ستاتیلیا کە زۆر جوان بووی و دۆستی مێردەکانت بووی!... ئەوەی کە یەکەم شووت بوو، ئەگەر بەختی ئەوەی هەبووبێت ڕووبەڕووی تەقدیر ببێتەوە، ئەم بەردەی بۆ بەرپا دەکردی! بەڵام درێغا کە من، لەم شانزە ساڵەدا لە دڵی پاکی تۆ بەرەکەتم وەردەگرت، ئێستا تۆم لە دەست داوە.**

ڕەنگە ژنە لاوەکانی ڕۆمی کۆن هێندەی ژنانی کە کاتۆلۆس تاقی کردونەتەوە و ئەوانی بە هەبوونی (بەرێکی وەکو کورك نەرم و دەستی نەرم و بچوك) وەسف کردوە، جوان نەبوون. ڕەنگە لەو سەردەمە گوندنشینەدا، ڕەنج و زەحمەتی ژیان ئەم لاوانەی گەنجانەیان زوو لەناو دەبرد. ژنان دەموچاوێکی بە چەند هێڵێکی ڕێکوپێك و، لووتی بچوك و ناسك، بە گشتی کەزی و چاویان ڕەش بوو. ژنە مووزەردەکان زۆر برەویان هەبوو، هەروەها بۆیەی ئەڵمانی کە ڕەنگی قژیان زەرد دەکرد لە لایەن ژنانەوە داواکاری زۆری لەسەر بوو. بەڵام پیاوی ڕۆمی لە ڕواڵەتدا پتر هەیبەتی هەبوو تا جوانی. شێوەی سەخت لە پەروەردەکردندا، چەندین ساڵ خزمەتی سوپایی، ڕووی پڕ و توووند دەکرد، هەروەها کە پاشان لەشەکەی تری نەرم و قەڵەو دەبوو. دەبوایە کیلۆپاترا ئانتۆنیۆسی بە هۆی شتێکەوە جگە لە ڕوومەتە ئەستووربوەکەی بە هۆی شەرابەوە و، قەیسەریی بە نیازی جوانییەك جگە لە سەرو لووتە هەڵۆییەکەی خۆشبوێت. لووتی ڕۆمی وەکو سمبۆلی ڕۆمی بوو ـ تیژ و نارێك. تا ساڵی ٣٠٠ی پ.ز، کە ئارایشتکەرەکان پێشکەوتن لە ڕۆمدا، ڕیش و قژی درێژ زۆر برەوی هەبوو. جلوبەرگ بە گشتی بە هەمان شێوی یۆنانی بوو. کوڕان، کچان، فەرمانڕەوایان، کاهینە پایەبەرزەکان جوبەیەکیان بە دامەنی ڕەنگ ئەرخەوانی بە ناوی توگاپرایتکسا لەبەر دەکرد، گەنجەکان کە دەگەیشتنە تەمەنی شانزدە ساڵی، ئەمەیان دادەکەند و لە جێگەی ئەو توگای پیاوانەیان دەپۆشی، بۆ نیشاندانی بوون بە خاوەنی مافی دەنگدان لە ئەنجومەنەکان و ئەرکی خزمەتی سەربازی لە سوپا. ژنان لە ماڵەوە جلێکیان لەبەر دەکرد بە ناوی ستۆلاکە لە ژێر سنگ یان ناوقەد دەبەسترا و دەگەیشتە نووکی پێ، لە دەرەوەی ماڵ، ئەم جلەیان بە عەبایەك دادەپۆشی. پیاوان، لەناو ماڵدا، کراسێکی سادە یان تۆنیکا، لە

دەرەوەی ماڵیش هەندێ جار توگا و هەندێ جار عەبایەکیان بەسەردا دەهێنا. توگا (لە وشەی تاگرە، بە مانای پۆشین) بە جلێکی یەکپارچەی خووری دەگوترا کە لە بەرینیدا دوو هێندە و لە درێژیدا سێ هێندەی باڵای پۆشەرەکەی بوو. لە دەوری خۆیان دەپێچا و ئەوی کە دەمایەوە دەیانخستە سەر شانی چەپیان، لە ژێرەوە قۆڵی ڕاستیان دەهێنایە پێشەوە و دیسان دەیانخستەوە سەر شانی چەپیان. ئەو کوریشکانەی کە لە نزیك سینگەوە دروست دەبوو لە جیاتی گیرفان بوو، قۆڵی ڕاست هەر وا دەمایەوە.

## ٣-٧ ژنی نوێ

زۆربوونی سامان لەگەڵ گەندەڵی سیاسی لە ڕۆم دەستیان دایە دەستی یەکتر تا ئەخلاق لە بن بێنن و شیرازەی هاوسەرگیری بپچڕێنن. لەگەڵ ئەو پێشبڕکێیەی کە ڕۆژبەڕۆژ لە زۆربووندا بوو لە نێوان ژن و پیاواندا، کاری لەشفرۆشان بەردەوام بەرەو برەو بوو، هاتوچۆکردنی لەشفرۆشخانە و مەیخانەکان هێندە لایەنگری پەیداکرد کە هەندێك لە سیاسەتمەدارەکان دەنگی خۆیان لە ڕێگای (ئەنجومەنی لەشفرۆشخانەکان) بەدەستدەهێنا، زیناکاری هێندە برەوی هەبوو، کە بە دەگمەن سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا، مەگەر ئەوەی کە بۆ ڕیسواکردن و مەبەستە سیاسییەکان بەکارهاتبایە. هەر ژنێکی خانەدان لانی کەم جارێك تەڵاقی وەردەگرت. زیناکاری گوناهی ژنان نەبوو، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە چینە باڵادەستەکان هاوسەرگیرییان بە بەدواداچوونی پارە و سیاسەت دەزانی. پیاوان ژنیان هەڵدەبژارد، یان لاوەکانیان پەروەردە دەکرد تا

ژنێکیان بۆ پەیدا ببێت، تەنها بە مەبەستی ئەوەی دەستیان بە جیازیەکی باش بگات یان دەستیان بگاتە گەورەکان. سولا و پومپیۆس پێنج جار ژنیان هێنا. سولا چونکە دەیەویست کە پومپیۆس بکاتە خزمی خۆی، هانی دەدا کە ژنە یەکەمەکەی خۆی تەڵاق بدات و ئیمیلیا زڕکچەکەی ئەو بهێنێت، کە مێردی کردوە و سکی هەیە. ئیمیلیا بەزۆر ڕازی بوو، بەڵام ماوەیەك دوای هاتنی بۆ ماڵی پومپیۆس، لە گەڵ منداڵبوونەکەی مرد. یەکێك لە مەرجەکانی تریۆم ویراتۆس (شورای سێیانە)ی قەیسەر بۆ پومپیۆس ئەوە بوو کە قەیسەر یولیای کچەکەی خۆی بداتە پومپیۆس، هەرواشی لێ هات. کاتو دەیناڵاند لەوەی کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بۆتە شوێنی مامەڵەی هاوسەرگیری. بەم جۆرە وەسلەتەیان دەگوت (هاوسەرگیری سیاسی) کە لەگەڵ ئەوەی مەبەستەکەیان حاسڵ دەبوو، مێردەکە خەریکی هێنانی ژنێکی تر دەبوو تا قۆناغێکی تر بچێتە پێشەوە و لە هەندێك پۆست و پلە و پایەی تر یان سامانی پتر نزیك بێتەوە. پیاو ناچار نەبوو کە لە ئاراستەکردنی ئەم کارەی بەڵگەیەك بێنێتەوە، بەڵکە تەنها نامەیەکی بۆ ژنەکە دەنارد و ئازادی خۆی و ژنەکەی پێڕادەگەیاند. هەندێك لە پیاوان هیچ کات ژنیان نەدەهێنا بێزاری خۆیان لە جەسارەت و کرانەوەی ژنانی نوێ دەردەبڕی، ئەوەیان بە هۆکاری ژن نەهێنانیان دەژمارد. متلوس ماکدونیکوس سنسور (ساڵی ١٣١) داوای لە پیاوان کرد کە ژنهێنان بە ئەرکێك بژمێرن لە بەرانبەر حکومەتدا، هەرچەندە کە ژن (مایەی ئازاریش بێت). بەڵام دوای ئەوە کە ئەو ئەم تکایەی کرد، ژمارەی پیاوانی ڕەبەن و دایك و باوکانی بێ منداڵ بە خێراییەکی زۆرتر لە جاران زیادی کرد. منداڵبوون ئێستا تەجەمولاتێك بوو کە تەنیا دەستبەتاڵ و هەژارەکان پێی دەوێران.

لەم جۆرە بارودۆخانەدا نەنگی نەبوو بۆ ژنان. ئەگەر پەیمانی هاوسەرگیری خۆیان پێشێل بکردبایە و ئەو عەشق و خۆشەویستییەی کە هاوسەرگیری سیاسی بۆی بە دیاری نەدەهێنان لە باوەشی دۆستە فاسقەکانیان بە دوایدا بگەڕێن. هەڵبەتە زۆربەیان لە ژنە باشەکان بوون، تەنانەت لەناو خانەدانەکانیشدا، بەڵام ئازادی تازە، بەندی کۆنی (دەستەڵاتی باوك بەسەر منداڵەکان) و سیستمی خێزانی دێرینی تێکشکاند. ژنانی ڕۆمی ئێستا هێندەی پیاوان هەرزە بوون. جلوبەرگی پەرنیانی زۆر تەنکی هیندیی و چینیان لەبەر دەکرد کە هەموو لەشیان تێدا دیار بوو، بەدوای خشڵ و بۆنوبەرامدا سەریان دەکێشایە هەر کونج و کەلەبەرێکی ئاسیا. هاوسەرگیری جۆری کوم مانۆ(کە تێیدا ژن بە تەواوی لە ژێر دەستەڵاتی مێردا بوو) لەناوچوو، ژنان زۆر ئاسانتر پیاوەکانیان تەڵاق دەدا تا پیاوەکان ژنەکانیان. ژمارەیەك لە ژنان هەوڵیان دا تا لە ڕێگەی فێربوونی مەعریفەوە درەوشانەوە بفرۆشن: ئەوان فێری یۆنانی دەبوون، فەلسەفەیان دەخوێند، شیعریان دەنووسی، وتاریان بۆ خەڵك دەدا، لە تەماشاخانەکاندا یارییان دەکرد، گۆرانییان دەگووت، سەمایان دەکرد، هۆڵی ئەدەبیان دەکردەوە، هەندێکیشیان خەریکی بازرگانی دەبوون و دەستەیەکیش پزیشکی و یاسایان دەخوێند و دەیانکردە پیشەی خۆیان.

کلۆدیا، ژنی کوینتوس کایکیلیوس متلوس، سەرمەشقی ژنانێك بوو کە لەو سەردەمەدا جگە لە مێردێك وەکو کۆمەڵی تری نەژمێردراویشیان لە دەوری خۆیان کۆکردبوەوە. پەیوەندی ئەو لەگەڵ مافی ژن لەگەڵ دلخۆشی ئاوێتە بوو. دوای ئەوەی کە مێردی کرد، بە گەشت و گوزاری بێ چاودێر لەگەڵ دۆستە نێرەکانی، نەوەی کۆنی لەخۆی بێزار کرد، لەو گەشتوگوزارانەدا، لە جیاتی ئەوەی وەکو ژنێکی داوێنپاك سەرشۆڕ بکات و بچێتەوە قاوغی خۆیەوە، لەگەڵ

ئەو پیاوانەی کە پێشتر بینیبوونی و ناسیبوونی دۆستایەتی دەکرد و هەندێ جار لەپێش چاوی خەڵك ماچی دەکردن. لە کاتێکدا کە مێردەکەی وەکو مارکە دوشاتلە[1] فیداکارنە نەدەهاتەوە ماڵ، ئەو دڵدارەکانی بانگهێشتی ماڵ دەکرد. سیسرۆن، کە ناکرێت متمانە بە قسەکەی بکەین،(عەشقەکان، زیناکان، هەرزەییەکان، گۆرانیگوتنەکان، سەماکردنەکان، دەعوەتە مەیخواردنەوەکانی ئەوی لە کاتی پێویست باسکردوە، لە وشکانی و دەریادا.) ئەو ژنێکی وشیار بوو کە دەیتوانی بە نەرمیەکی بێ بەرگری خۆی بخاتە گوناهەوە، بەڵام خۆپەرستی پیاوانی بە هەند وەرنەدەگرت. هەر عاشقێك تا کاتێ کە شەوقی کلۆدیا بەرەو ساردبوونەوە چوبوو، کلۆدیای بە گیان و دڵ خۆشدەویست، کە کلۆدیا دۆستی تری دەگرت، عاشقەکەی پێشتر دەبوە دوژمنی خوێنینی کلۆدیا. بەم شێوەیە بوو کە کاتولوس (ئەگەر کلۆدیا بە لسبیای ئەو بزانین) ئەوی دایە بەر جوێنە ناشیرینەکانی خۆی، کایلیۆس، بە ئاماژە بە کرێی لەشفرۆشانی هەژار، ئەوی بە "ژنی چارەگ ئاسی"(نزیکەی یەك سنت و نیو) ناوزەد کرد. کلۆدیا کایلیۆسی بەوە تاوانبار کرد کە ویستوویەتی ژەهرخواردی بکات، کایلیۆس سیسرۆنی وەکو بەرگریکاری خۆی بەکرێ گرت، وتاربێژی مەزن، بێ ئەوەی هیچ گومانێك بخاتە دڵی خۆی، کلۆدیایان بە زیناکار و مرۆڤکوژ لەقەڵەمدا و باسی ئەوەی کرد کە خۆی(لەگەڵ ژنان دوژمنداری نییە، نەخوازەڵا لەگەڵ ژنێك کە دۆستی هەموو پیاوێك بوە.) کایلیۆس بێگوناه دەرچوو و کلۆدیا، بە تاوانی ئەوەی کە خوشکی پۆبلیۆس کلودیۆس واتە چاکسازخوازترین ڕێبەری سیاسی لە ڕۆم و دوژمنی سەرسەختی سیسرۆن بوو، بە پارەدان سزادرا.

---

١. مێردی مارکیز دوشاتلە (١٧٠٦–١٧٩٤).مارکیز دڵبەری ڤۆڵتێر بوو و هەمیشە بانگی کۆشکەکەی دەکرد.

## ٤-٧ پەیوەندی ژن و پیاوی ڕۆمی

ژیانی گەنجان، لە لایەنی ئەخلاقییەوە، ئەگەر کچ بوونایە، بە وردی چاودێریان دەکرا، ئەگەر کوڕ بوایە بەنەرمی چاودێری دەکرا. ڕۆمیەکانیش وەکو یۆنانیەکان پەنابردنی پیاوان بۆ لەشفرۆشەکانیان بە ئاسانی دەبەخشی. ئەم پیشەیە لە لایەن یاساوە ناسراو و سنووردار کراوبوو. مەلهاکان بە گوێرەی یاسا دەبوایە لە دەرەوەی شار دروستکرابوان و تەنها شەو دەیانتوانی پێشوازی لە میوانەکانیان بکەن، لەشفرۆشەکان ناوی خۆیان لە لای نووسینگەی دادنووسی دەنووسی و لەسەریان بوو لە جیاتی کراسی درێژ، جوببە لەبەر بکەن. هەندێ لە ژنەکان ناوی خۆیان بە ناونیشانی لەشفرۆش دەنووسی تا خۆیان بدزنەوە لە سزای یاسایی لە کاتی ئاشکرابوونی زیناکردنیدا. کرێی لەشفرۆشەکانیان وەها دانابوو کە هەموو کەس بتوانێت دەستی پێڕابگات، هەموو خەڵك ئاگاداری چیرۆکی (خاتوونی نیو ریالی) ین. بەڵام لەم کاتەدا ژمارەی لەشفرۆشانی خوێندەوار، کە هەوڵیان دەدا بە شیعرگوتن و گۆرانی و زانینی مۆسیقا و سەما و قسەکردنی ئاوێتە لەگەڵ تێگەیشتن و زانست سەرنجی کڕیارەکانیان ڕابکێشن، بەرەو زۆربوون دەچوو. بۆ دۆزینەوەی ئەو لەشفرۆشە ئاسانانە کەس پێویستی بە دەرچوون نەبوو لەشار. ئۆوید گۆرانیبێژەکانی خۆی دڵنیا دەکاتەوە کە لە گەڵیاندا دەتوانن لە ژێر کەپرەکان و لە سێرك و شانۆدا ڕووبەڕووی (زۆریی ئەستێرەکانی ئاسمان) ببنەوە. یوۆنالیس ئەوانی لە دەرگای پەرستگاکان دەدۆزییەوە، بەتایبەتی پەرستگای ئیسیس، ئەو خودایەی

کە هەستیار نەبوو بەرانبەر عاشقەکان. نووسەرانی مەسیحی بەم شێوەیە بانگەشەیان کردوە کە لەناو بەست و لە ناو میحرابەکانی پەرستگاکان کاری داوێنپیسی ئەنجام دەدرا.

شاهێدیش ئامادەبوو. شاهێدی یاری، کە بە گوێرەی یاسا نەهی لێکرابوو و نەریتی ڕۆمی ئەوەی بە خراپ دەزانی، بە بوونی زۆری خۆرهەڵاتییان کرایەوە. هوراس بە شێوەیەك گۆرانی دەچڕی کە (گرفتاری تیری عەشقی ڕۆژگار بووم) ـ تیری عەشقی کێ؟ـ(عەشقی لۆکیسکوس کە لە هەر ژنێکی تر نەرمترە) و هوراس تەنیا بەم ڕێگەیە چارەسەر دەبێت کە تووشی (مەشخەڵێکی تر بە هۆی کچێکی جوان یان نەوجەوانێکی باڵاڕێك) ببێت. نوخبەترین پێکهاتەکانی مارتیالیس پەیوەستە بە نێربازی. یەکێك لە شیعرە جوێنەکانی یۆنالیس، کە شایانی چاپ نییە، باس لە سکاڵای ژنێك دەکات لەم کێبەرکێیە ناشیرینە. شیعری شەهوەتی بێ نرخ و ناشیرینی ناسراو بە (پرپاپیا) بە ئازادی لە نێوان لاوانی گومرا و گەورە ناکامڵەکان برەوی هەبوو.

هاوسەرگیری ئازایانە لەگەڵ ئەو هەڵاتووانە دەکەوتە کێبەرکێ و بە هاوکاری دایك و باوکانی دوودڵ و دەڵاڵانی خۆشەویستی شتێکی وا ڕێکدەخرا کە وەك بڵێی مێردێکی کاتی بۆ هەر کچێك فەراهەم دەکرا. ئەو کچانەی تەمەنیان پتر بوو لە نۆزدە ساڵ و هێشتا مێردیان نەکردبوو بە(قەیرە) دەژمێردران. بەڵام ئەم جۆرە کچانە زۆر نەبوون. دوو دەزگیران کەمتر یەکتریان دەبینی، ماوەی عەشقبازی نەبوو، تەنانەت لە زمانی لاتیندا وشەیەك بۆ دەربڕینی ئەو مانەیە نەبوو، سنکا سکاڵای لەوە هەبوو کە کڕیاری هەر شتێك پێش کڕینی شتەکە تاقی دەکاتەوە، تەنیا زاوا بووك تاقی ناکاتەوە، دڵبەستەیی پێش هاوسەرگیری

شتێکی ئاسایی بوو، شیعرە عاشقانەکان یان بۆ ژنانی خاوەن شوو دەگوتران یانیش بۆ ئەو ژنانە دەگوتران کە شاعیر هیچ کات بیری لە هاوسەرگیری نەدەکردەوە لەگەڵیاندا. دڵبەر گرتنی ژنانیش، وەکو فەرەنسای سەدەکانی ناوەڕاست و ئێستا، لەگەڵ بارودۆخی وەکو ئەو، دوای هاوسەرگیری دەستی پێدەکرد. سنکا مهین وایدادەنا کە لە نێوان ژنانی خاوەن مێردی ڕۆمی، زینا زۆر برەوی هەیە، کوڕە فەیلەسوفەکەشی وای بۆ دەچوو کە ژنێکی خاوەن مێرد کە لەگەڵ دوو پیاوی خراپ سازگار بێت نمونەی وەفاداریەکی تەواوە. ئۆویدی نائومێد بەم شێوەیە شیعر دەڵێت: "ژنانی پاك تەنیا ئەوانەن کە داوا نەکراون، ئەو پیاوەی کە توڕە بێت لە عەشقبازی ژنەکەی لادێیەکی تەواوە." ئەو شتانە لەوانە بوو زێدەڕۆیی ئەدەبی بن. سەردولکەی سادەی کۆینتوس وسپیلۆ بۆ ژنەکەی پتر جێگای متمانەیە کە دەڵێت: "هاوسەرگیری بە بێ تەڵاق تا کاتی مردن بە دەگمەن پایەدار دەمێنێتەوە، بەڵام سەردەمی هاوسەرگیری ئێمە، چل و یەك ساڵ بە خۆشی بەردەام بوو" یۆونالیس باسی ژنێك دەکات کە لە ماوەی پێنج ساڵدا هەشت جار شووی کردوە. هەندێ لە ژنان، کە پتر بە هۆی ماڵ یان جێگە شویان دەکرد، ئەگەر پیتەك(جیازی)ی خۆیان بە شو و جەستەی خۆیان بە دڵدارەکەیان دەبەخشی، ئەرکی خۆیان بە دەرەنجامێکی باشەوە لێکدەدایەوە. لە یەکێك لە شیعرەکانی یۆونالیسدا، زیناکارێك بەم شێوەیە ڕوونکردنەوە بە مێردەکەی دەدات کە لە پڕ گەیشتۆتە سەری: "مەگەر ڕێکنەکەوتووین لەسەر ئەوەی کە هەردووکمان هەر کارێکمان ویست بیکەین؟" "ئازادی" ژنی ئەوکاتیش وەکو ئێستا کامڵ بوو، تەنیا جیاوازیەکەی ئەوە بوو کە ژنان مافی ئەوەیان نەبوو بەشداری بکەن لە دەنگدان و دەقی یاسادا. یاسا ژنانی بەخسیر کردوە، بەڵام نەریتەکانیانی ئازاد کردوە.

لە مەسەلەی جۆراوجۆردا، وەکو سەردەمی ئێمە، ئازادی ژنان بە مانای ڕاپەڕینی پیشەسازی بوو. بەشێك لە ژنان لە کارگەکان یانیش کارخانەکان و بە تایبەتیش ڕستن و چنین خەریکی کارکردن بوون، هەندێکیان دەبوونە دکتۆر یان پارێزەر، گروپێکیان لە لایەنی سیاسییەوە دەیگەیاندە دەستەڵات، ژنان فەرماندارانی لەشکریان دەبینی و قسەیان بۆ دەکردن. کچانی ئاگرەوان بۆ دۆستەکانی خۆیان پۆستی سیاسیان دەدۆزیەوە، ژنانی شاری پۆمپی ناوی ئەو پیاوە سیاسیانەیان لەسەر دیوار دەنووسی کە پتر دەیانەویست، کاتۆ ڕۆمی ئاگادار کردبوەوە لەوەی ئەگەر ژنان یەکسان لەگەڵ پیاواندا بخوێنن، دەیانگۆڕن بۆ گەورەتر لە پیاوان، پارێزەرانی بۆ زانینی ئاشکرابوونی  ئەم ئاگادارییە بە وریاییان دەزانی و ڕادەمان. یۆنالیس لەوەی کە ژنانی بە شاعیری وەرزش و پاڵەوانی و و ئەکتەری دەبینی دەترسا، مارتیالیس ژنانی بە ئاژەڵی دڕندە و تەنانەت بە شێرانێك وەسف دەکرد کە لە گۆڕەپاندا بە شەڕەوە خەریکن. ستاتیۆس باسی ژنانێك دەکات لە شەڕی ئاوهادا گیانیان سپاردوە. خانمەکان سواری تەختەیەك دەبوون کە بە تایە دەڕۆیشت، بەناوشاردا دەسوڕانەوە "لە هەموو لایەکەوە خۆیان نیشانی خەڵك دەدا." لە کەپرەکاندا، باخە گشتییەکان، باخچەکان، پەرستگاکان لەگەڵ پیاوان قسەوباسیان دەکرد، لەگەڵ پیاوان دەچوونە زیافەتە تایبەتی و گشتییەکان و شانۆکان، بە قسەی ئۆوید: "شانە ڕووتەکانیان شتێکی سەرنجڕاکێشی نمایش دەکرد." کۆمەڵگەی ڕۆم کۆمەڵگەیەکی خۆش و ڕەنگاوڕەنگ و تێکەڵاو بوو کە ئەگەر یۆنانیانی سەردەمی پریکلس بیانتوانیبایە وێنای بکەن، سەریان سوڕ دەما. لە وەرزی بەهاردا، ژنە جل جوانەکان، دەڤەرکانی کەنار و بەلەم و ڤێللاکانی هاوینەهەوارەکانیان پڕاوپڕ دەکرد لە پێکەنینی جوان و مەغروورانە و جەسارەتی عاشقانە و دەسیسە سیاسیەکانیان. پیرەمێردەکان لە حەسرەتان بە خراپیان دەزانین.

ژنە سووکەکان یان هەرزەکان، لەو سەردەمەش وەکو ئێستا کەمینەیەك بوون کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران. ئەو ژنانەی کە عاشقی هونەر، دین یان ئەدەب بوون وەکو ئەم سەردەمە زۆر بوون، هەرچەندە هەمیشە دیار نەبوون. شیعرەکانی سولپیکیایان بە هاوسەنگی شیعرەکانی تیبولۆس دەزانی. ئەم شیعرانە زۆر وروژێنەر بوون، بەڵام لەو جێگەیەی کە موخاتیبەکەی مێردی شاعیرەکە بوو، تا ڕادەیەك بە بێگوناهـ لێکدەدرانەوە. تیۆفیلا، دۆستی مارتیالیس، ژنێکی فەیلەسوف کە لە دوو فەلسەفەی ڕواقی و ئەپیکوری بەڕاستی شارەزا بوو. هەندێ لە ژنان خۆیان بە کاری مرۆڤدۆستانە و کۆمەڵایەتییەوە خەریك دەکرد، پەرستگا و شانۆ و کەپرەکانیان بە شارەکانی خۆیان دەبەخشی، هەروەها بە ناونیشانی پارێزەر یارمەتی سەندیکاکانیان دەدا. لە بەردەنووسێکدا لە لانۆویۆم ناوی (کۆمەڵەی ژنان) هاتوە. ڕۆم (بنکەیەکی دایکانی) هەبوو، ڕەنگە ئیتالیا یەکێتی میللی یانەکانی ژنانی هەبووە. بە هەرحاڵ، دوای خوێندنەوەی نووسینەکانی مارتیالیس و یۆونالیس، سەرمان سوڕ دەمێنێت لە هەبوونی ئەو هەموو ژنە باشە سووڕ دەمێنێت: ئۆکتاویا لەگەڵ هەموو خیانەتەکانی مارکۆس ئەنتۆنیۆس هێشتاش وەفادار بوو بۆی و زڕمنداڵەکانی بۆ بەخێوکرد، ئانتۆنیا، کچە خۆشەویستەکەی ئۆکتاویا، بێوەژنە پاکەکەی دروسوس، دایکی کامل گرمانیکۆس، مالۆنیا، کە تیبریۆسی بە ئاشکرا بەهۆی خراپەکاری ڕیسوا کرد، دواتر خۆی کوشت، ئاریاپایتا، کاتێ کە کلاودیوس بڕیاری مردنی دا بۆ مێردەکەی ئەو کە ناوی کایکینا پایتۆس بوو، کاردێکی لە سنگی خۆی چەقاند و لە هەمان کات چەقۆکەی دایە دەست مێردەکەی و بۆ دڵخۆشی دانەوەی مێردەکەی پێی گوت (ئازاری نییە). پاولینا، ژنی سنکا کە هەوڵی دا لەگەڵ مێردەکەی خۆی بمرێت، پۆلیتا، لەبەرئەوەی نێرۆن

مێردەکەی لەسێدارەدا، ڕۆژووی مەرگی گرت، چونکە هەمان بڕیار بۆ باوکیشی درا، بە هۆی خۆکوشتنەوە گەیشتەوە باوکی، ئیپیخاریس، ئەو ژنە ئازاد کراوەی کە بەرگەی هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی گرت، بەڵام پیلانی پیسۆی ئاشکرا نەکرد، ئەو هەموو ژنانەی کە مێردەکانیان شاردەوە لە سەربازیکردنی بەزۆر، یان لەگەڵ مێردەکانیان دەچوونە دورگە، یان وەکو فانیا، ژنی هلۆیدیۆس، بە مەترسی زۆر و بەهای مەزنەوە پارێزگاریان لە مێردەکانیان دەکرد. تەنیا هەر ئەمانەی کە ناومان هێنان، تای تەرازووی ژنانی پاکیزە بەلادەخات لە بەرانبەر هەموو خراپەکارییەکانی پێکهاتەی مارتیالیس و نیش هاییوۆنالیس.

لە پشت ئەو ژنە قارەمانانە، ئەو ژمارە زۆرەی ژنانی خاوەنمێرد هەبوون کە ناوەکانیشمان هەر نەبیستوون و وەفاداری ژنانە و فیداکاریانەی دایکانەیان هەموو بینای ژیانی ڕۆمیان دروستکرد و پتەوی کردوە. چاکە کۆنەکانی ڕۆم ـ خۆپارێزی، هێمنی، سادەیی، دڵبەندی بەرانبەر دایك و باوك و منداڵ، هەستی هۆشیارانە و لێپرسراویەتی، زێدەڕۆیی نەکردن و خۆنیشاندان ـ هێشتاش لە ماڵ و ژنی ڕۆمی مابوونەوە. خێزانە پاك و پەروەردەکراوەکان، کە لە نامەکانی پیلینیدا وەسفیان کراوە، لەپڕ لە سەردەمی نێروا و ترایانوس سەر دەرناهێنن، ئەوان، بێ ئەوەی دەنگێکیان لێوە بێت، لە سەردەمی چەوسێنەرەکان هەبوون، بەرگەی سەردەمی سیخوڕی ئیمپراتۆرەکانیشیان گرتبوو سەرداختنی خەڵکانی بێپەنا و بێبەهایی ژنانی کۆمەڵگە دیاریکراوەکانیشیان گوزەراندبوو. لەو نووسینانەی کە پیاوان بۆ ژنەکانیان، یان ژن بۆ مێردەکەی خۆی، یان باوك و دایك لەسەر گۆڕی منداڵەکانیان نووسیویانە، کەمێك ڕوناکی لەو ماڵانەیان دەگاتە چاوی ئێمە. لەسەر گۆڕێك نووسراوە: "لێرەدا ئێسکەکانی ئۆربیلیا ژنی پریمۆس نووستوە.

ئازیزتر بوو لە ڕۆحم. بیست و سێ ساڵە، خۆشەویستی هەمووان، مرد، ماڵئاوا مایەی ئاسوودەیی من!" لەسەر گۆڕێکی تر: " بۆ ژنە خۆشەویستەکەم کە هەژدە ساڵم بە بەختەوەری لەگەڵ بەسەر برد، سوێندم بۆ عەشقەکەی خوارد کە ئیتر ژن نەهێنم." دەتوانین لە خەیاڵی خۆماندا ئەو ژنانە لە ماڵەکانی خۆیاندا بەرجەستە بکەین: خورییان دەڕست، منداڵەکانیان پەروەردە دەکرد، ڕێنمایی خزمەتکارەکانیان دەکرد، ئەو پارە کەمەی کە هەیانبوو بە وردی خەرجیان دەکرد، هاوبەشی پەرستنی خواکانی ماڵی مێردیان دەکرد کە بە میراتی بۆیان مابووەوە. هەرچەندە ڕۆم بێ بنەمای ئەخلاقی بوو، بەڵام ئەو وڵاتەی کە لە جیهانی کۆندا خێزانی گەیاندە پلەیەکی بەرز، ڕۆم بوو نەك یۆنان.

---